# قسەگەلێکی رەخنەگرانە



وەڵامێکە بۆ نامیلکەی:
(نووسەران و رۆشنبیرانی کۆیلەی شەراب لە مەعبەدی مەیخانەدا)

خەتاب خەتیب

**کۆیلەبوون بۆ بتە دیار و هەبووەکان - بەرد و ئەوانی دی - گەمژەییەکی گەورەیە**
**کۆیلەبوون بۆ بتە نادیار و نەبووەکان - خودا و ئەوانی دی - ئەوپەڕی گەمژەییە**

# قسەگەلێکی رەخنەگرانە

**وەڵامێکە بۆ نامیلکەی:**
**«نووسەران و رۆشنبیرانی کۆیلەی شەراب لە مەعبەدی مەیخانەدا»ی "سۆران عومەر".**

**خەتاب خەتیب**

# پێڕست.


- بەرایی .............................................................. ٣ - ٥
- چەند سەرنجێک لەسەر (لە پێشەکی دا) ................................ ٦ - ٢٢
- دوو پەرەگراف بۆ (مەی خواردنەوە لە دیدگای ئیسلام) ..................... ٢٣ - ٢٥
- چوار بابەت و چوار قسە .................................................... ٢٦ - ٣٣
- (ئاڵای ئازادی)یش جاروبار لەسەر دڵی سەلەفییەکان دەچەقێ .............. ٣٤ - ٣٥
- چەند تێبینییەک بۆ ئامادەکاری ڕیپۆرتاژەکە ............................... ٣٦ - ٤٠
- لەگەڵ دەرزەنێک ڕۆشنبیر و پووتە ئاخوندێک ............................. ٤١ - ٤١

١- محەمەد موکری (ڕۆماننووس) ............................................ ٤٢ - ٥٦

٢- محەمەد ڕەنجاو (شاعیر) ................................................ ٥٧ - ٦٢

٣- عیرفان ئەحمەد (شاعیر) ................................................ ٦٣ - ٦٥

٤- غەفوور ساڵح (چیرۆکنووس) .............................................. ٦٦ - ٦٧

٥- سەلاح محەمەد (شاعیر) ................................................. ٦٨ - ٧٤

٦- دلاوەر قەرەداخی (شاعیر) ................................................ ٧٥ - ٨٤

٧- کوردۆ کاروان (شاعیر) ................................................. ٨٥ - ٩٢

٨- زاهیر عەلی (هونەرمەند) ................................................ ٩٣ - ٩٧

٩- ئازاد تۆفیق (شاعیر) ................................................... ٩٨ - ١٠٠

١٠- بەرزان وەهاب (هونەرمەند) ............................................ ١٠١ - ١٠٥

١١- نوری خەیاڵ (هونەرمەند) .............................................. ١٠٦ - ١٠٨

١٢- میران عەلی (ئەکتەر و وێنەگر) ........................................ ١٠٩ - ١١٣

# بەرایی.

هەر وەڵامدانەوەیەکی ئەم جۆرە ناملکە بێ کەلک و زیانبەخشانەی سەلەفییەکان دەیسەلمێنێ - لەگەڵ ئەوەی بە گوێرەی خێرایی پێشکەوتنی زانست و هۆشیاربوونەوەی چەوساوان بەرامبەر چەوسێنەران رووگەی فەلسەفەی سەروو سروشت بەرەو لێژییە - هێشتا خورافە و کۆنەپەرستیی دەتوانن لەم باری برسیێتیی و نائارامییەی کوردستان بژیێن و گەشە بکەن، بۆیە بە رەچاوکردنی ئەم بارودۆخە - کاتیی و ناوازە - دەمەوێ بەم وەڵامدانەوەیە هەر هیچ نەبێ بتوانم لەمرۆدا هەندێک لە زیادەرۆیی و دەستدرێژییەکانی ئیسلامییەکان کەم بکەمەوە بۆ ئەوەی تا بەو رۆژە دەگەن تەختوتاراجیان دەپێچرێتەوە بە خۆیان نەنازن و ئاژاوەگێڕییەکەشیان لەم ئاستەی ئێستا دەرنەچێ.

بڵاوبوونەوەی ئەو لاپەڕە رووزەردانە.. لە بابەتی ئەم ناملکە بێ سەروبەر و کۆنەفرۆشییەی "سۆران عومەر"ی باوکسالار و کۆیلەی بتە نادیار و نەبووەکە - خودا - دیاردەیەکە لە ئەنجامی خراپەکارییەکانی شەڕ و کاولکاریی و برسیێتیی و تیرۆر و رەشەکوژیی و بێکاریی و باری نائارامی کوردستان و ناوچەکەوە دەرکەوتوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم بارودۆخەدا تا دێ ئەفسانە کۆنەکان بە هۆی ژیانەوە و بڵاوکردن و وەگەڕکەوتنەوەی رەوتە خورافییەکان زیاتر پەردەسێنێ و لە لایەن تەواوی "حیزب و گرووپە بەکرێگیراوەکانی سەر بە حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ئێران و ئەفغانستان و سعودیە و میرنشینە عارەبییەکان و باندە بەکرێگیراوە ئاژاوەگێڕەکانی سەرمایەداریی ئەمەریکایی و جیهانیی" پشتیوانییان لێ دەکرێ و بەڕێوەدەچن.. ئەو رەوتانەش رێکخراوە بە ناو خێرخوازییە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی و رەوتە ئیسلامییەکانی ترن لە کوردستان، دەسەڵاتە شەقوشڕەکەی ئەمڕۆی کوردستانیش - کە پێکدێ

لە ئاغایە چاوچنۆکەکانی پاشماوەی دەرەبەگایەتیی و بۆرژوایە نەدیوبدییە تازە سەرهەڵداوەکانی سەرمایەداریی - لە پێناو مانەوە و زیاتر خۆسەپاندن و بەڕێوەبردنی ململانێیە سیاسەتبازیی و عەسکەرتارییەکانی خۆی.. بە رێگەپێدانی بۆرە دیموکراسییەک - کە بە ناچاریی روخساری گەشەی سەرمایەداریی و حوکمەکەیەتی - دەرفەتێکی لەباری بۆ دیاردەی ناوبراو رەخساندوە و وەک هەر دەسەڵاتێکی چەوسێنەر کە دین دەکاتە گۆپاڵی دەستی خۆی بۆ سەرکوتگەریی.. ئەم دیاردەیە و تێکڕای دیاردە قێزەونەکانی ناو رەوتە دینییەکانی هەموو دینەکانی کوردستانی لە بەرامبەر چینە چەوساوەکان و هزری یەکسانییخوازیی و پێشکەوتنخوازیی کرۆدتە لەمپەر.. مەگەر تەنیا کاتێک دەمکوتیان بکاتەوە کە دەبنە رێگر لە بەردەم خۆی.. دەنا بەردەوام بە شێوەیەک لە شێوەکان پارێزگاریی لە بوون و گەشەکردنیان دەکا، هەروەک کە دەیبینین ئەم نووسەر و رەخنەگرە کۆنەفرۆشە ئیلاهییەی لەمەڕ خۆمان - سۆران عومەر - سوودی لەم دەرفەتە وەرگرتوە و رێگەی پێ دراوە بە ژمارە حیسابی (٣٢٩)ی (١٩٩٩)ی بانکی رۆشنبیریی سەر بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان - ئەڵبەتە بانکی رۆشنبیریی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانیش ژمارە حیسابی لەم بابەتەی زۆر زیاتریش هەیە - تێکڕی (پلانی ئابووریی ئیسلامیی)ی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان و بنەماڵەکەی - کە تا ئێستا سەرمۆرە و کەس پەی بە جوولە ئەفسووناوییەکان و کارایی رەهەندەکانی نابا! - لە بازاڕی ئازاد و بێ سنووری کوردستان هەڕاج و گرانفرۆش بکا و بەرنامە و پەیڕەوە یەکسانییەکەی کاروباری کەسایەتیی (ئەحوالی شەخسیی)ی هاوسەرە بێ شومارە (ئەسلیی و نیوداشت و فەل)ەکانی ناو حەرامسەرایەکەی "محەمەد"یش بە بلیۆنان دۆلار بفرۆشێتە رێکخراوە بیانییەکانی کاروباری کەسایەتیی و کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتیی! لە دەستی پڕ کەرەم و رەحمەتی خۆی و خوایەکەشی بەزیاد بێ بەرنامە و پەیڕەوی ژیانی (ئەنسار و عەجەمیی و کۆیلە!)کانیش بە نرخێکی زۆر کەم ببەخشێتە میللەتی کوردی قوڕبەسەر و بەشخوراو و ئەنفالکراو و کیمیابارانکراو و (هەموو شت)کراوێک!

**بەخێربێیتەوە ئەی ئایەتولڵا سۆران عومەریی** - ئەی فریادڕەسی مەزەندەکراوی دوارۆژ - **بە باوەڕێکی پڕ یەقینەوە دەڵێین ئەگەر بە** دەردی (**محەمەد مەهدی**)**یەکەی** (**ماخۆبزنان**)**ی سنووری پشدەر نەچی.. ئەوا نانی پەیڕەوکاران و دەروێشەکانی** (**سەلاحەدینی ئەیوبیی و کاک ئەحمەدی شێخ**) **دەبڕی و دڵنیاشین هەر لەم نزیکانە و لە پاش حەتمیەتی جێبەجێبوونی نەخشەی چاوەڕوانکراوی ئاخیر زەمان** - گرتنەوەی هەر چواردە بەندەرەکەی ئەتاتورک و دەرکەوتنی چیایەکی زێڕ لە رووباری وشکبووی فورات و پەیدابوونی شەڕوشۆڕ - **جەنابی پایەبەرز و موتەعالیتان دەبن بە فریادڕەسی ئاخیری ئاخیر زەمان!**

**لەبەیکە یا ئایەتولڵا سۆرانیی.**

**خەتاب خەتیب**
**سەرەتای ٢٠٠٠**

## چەند سەرنجێک لەسەر ((لەپێشەکی‌دا)).

زۆر نارِەوایە یەکێک خۆی بە نووسەر بزانێ و بە شێوەیەکی بازاڕیی و سەرپێییانە بەراوردی شتێک لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی بکا.. بە بێ ئەوەی هیچ سەرژمێرییەکی لەبەردەست بێ یان بە بێ ئەوەی چەند بەڵگەیەکی شیاو و باوەڕپێکراو بهێنێتەوە.. بە هیچ شێوەیەکیش بە لای هۆیەکان و بارودۆخ و کات و شوێنەوە نەچێ، ئەم باشکاتبەمان "سۆران" بە مەزەندەی خۆی - بە کورتیی و بە رووتیی - پێی وایە دیاردەی ئارەقخواردنەوە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی کوردی زیاترە وەک ئەوەی لە سەردەمی دیکتاتۆرییدا هەبووە و پەنجەی تاوانکارییش بۆ ئەوەی یەکەمیان رادەکێشی.. ئەگەر گریمان ئەم قسە لە گیرفان دەرهاتووەی ئەو لەبەرئەوە راستە چونکە ئەو نووسەرۆکەیەکی پێنووس بچووکە و نووسینی بە پێزی لێناوەشێتەوە و مل بە راستییش نادا.. یان لەبەرئەوە بڵێین راستە چونکە ئەو لە ژێر تارمایی فەرهەنگی رەشی کەسانێک دەستی بۆ پێنووس بردووە زۆربەیان بەر لە خۆفرۆشتنیان بە کەسایەتیی و دەوڵەتە ئیسلامییە پۆلیسییەکانی ئەمەریکای (کافر و جوولەکە و گاور)ان تامی ئارەخواردنەوەیان چەشتوە و چاویان بە ئارەقخۆرەوان هەڵنایێ.. بۆیە ئەگەر ببینن ئارەقخۆرەوان کەمتریش بوونەتەوە و تەنانەت لە هەموو کوردستانیش بە پەنجەکانی دوو دەست دەژمێردرێن ئەوا هەر ئەم نووسەرە دەربارە تیختیخە دەدەن بۆ ئەوەی بە ئارەزووی ئەوان قسان هەڵبزوڕکێنێ.. بەڵام نازانین چۆن دەکرێ (سەرچنار)ێکی هاوینەوار و شوێنی گەشتوگوزار لەسەر هەموو ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتداریی کوردی بە گشتیی بکرێ بۆ زۆریی ئارەق و ئارەقخواردنەوە لێی؟! ئەمەشیان با لەبەر (خاتری خاترداران) راست بێ.. ئەی چۆن چۆنیی ئەم قسە دوور لە راستییە پەردەپۆش دەکرێ کە دەڵێ: ((لە سەرچنار ساردیەکمان بە بێ ئارەق دەسنەکەوت..)) ئەمەیان هەر لە قوتووی هیچ عەتارێک دەستناکەوێ چونکە ئەگەر

بە دەگمەن دەنا کەس ئارەق بە ساردییەوە ناخواتەوە.. ئەی ئەو هەموو ساردییەی سەرچنار چۆن ساغ دەکرێتەوە؟!

با شتێکی خۆشتر بەم هورێنەنووسەمان بڵێین؛ بە پێی ئەوەی خۆت دەفەرمووی پێغەمبەرەکەتان دەڵێ: ((ئەوەی زۆرەکەی سەرخۆشکەر بی کەمەکەشی حەرامە)) کەواتە ئەو ساردییەش کە تۆ بەدوایدا گەڕابووی و زەیتوون و سرکە و ساس و خەل و زۆربەی تورشییەکان و میوە لەقوتووکراوەکان و میوە کۆنبووەکان و... بە کورتیی زۆرێک لەو خواردن و خواردنەوانەی کە بە ترشاندن و کولاندن و کۆنکردن ئامادە دەکرێن بۆ خواردن و خواردنەوە تەنانەت زۆرێک لە داودەرمانەکانیش حەرامن.. چونکە کەمێک مادەی سەرخۆشکەریان تێدایە و ئەگەر زۆیان لێ بخۆی و بخۆیەوە سەرخۆش دەبی.. کەواتە کەمەکەشیان حەرامن! تکایە ئەی برای موسلمان توو سەری خۆت بە برا و خوشکە موسلمانە (موهاجیر و ئەنسار)ەکانی هەڵەبجەش رابگەیەنە ئەم شتانە نەخۆن و نەخۆنەوە با خودا غەزەبتان - ئێمە هیچ.. دەستی لە ئێمە شۆردووە - لێ نەگرێ و ئێمەش بە ئاگری قودرەتی قادیری ئێوە نەسوتێین و بەڵکە ئێوەش بە نەخواردن و نەخواردنەوەی ئەم شت و داودەرمانانە وشک ببنەوە و گیانتان لەبەر ببڕێ.. ئەو کات لە کۆڵ ئێمە و خۆشتان دەبنەوە و هەر دوو لامان دەسێینەوە!

ئا لێرەدا ئەم برا موسلمانە تۆبەکارە خۆی لە ژێر پەردەیەکی رەش ئاخنیوە و بە ئاسانیی ناناسرێتەوە.. بەڵام کاتێ لە دوا پەرەگرافی خاڵی یەکەمی پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ((بێگومان ئەم حاڵەتەی ئێستا لەوە بەدەر نی یە کە دەیانەوێت بەم شێوەیە قیەم و بەها مرۆڤایەتییەکانمان وەک کۆمەڵگای کوردی لەناوبەرن،)) بێ ئاگایانە پەردە لە رووی خۆی هەڵدەماڵێ و دەبێتە لایەنگری دیکتاتۆریی و دوژمنی دەسەڵاتداریی کورد.. بەمەیان عوزری لە قەبیحەتی گەورەتر دەبێ و کەسیش ئەم قسەیەی بە پووڵێکی قەڵپ لێناکڕێ.. چونکە ئەگەر ئارەقخواردنەوە بەرنامەی دوژمنان بێ بۆ دژایەتییکردنی کورد ئەوا حکومەتی دیکتاتۆریی لە سەردەمی خۆی دەیتوانی لە هەر حوکمێکی ئێستای وڵاتە ناوچەیی و

نێودەوڵەتییەکان بە ئەمەریکاشەوە باشتر و زیاتر برەوی پێ بدا.. ئەی بۆ نەیکرد؟! ئایا باشتر نەبوو بۆ رژێم لە جیاتی ئەو هەموو خەرجیی و زیانە مادیی و مەعنەوییانەی لە شەڕی کورد لێیکەوت بە ئاسانیی و بە خەرجییەکی کەم بە هۆی ئارەقخواردنەوەوە بەهایە مرۆییەکانی کوردی لەناو ببردایە و بە سووک و ئاسانیی بە سەریدا زاڵ ببووایە، بەڵام دیارە ئەو بەهایە مرۆییانەی تۆ باسیان لێوە دەکەی هەر ئەو بەهایە مرۆییانەن کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم ماون و دیکتاتۆر پارێزگارییان لێدەکا، حەز دەکەین ئەم فەقێیە و مامۆستایە تاریکپەرستەکانی وا نەزانن ئێمە چاو لە شتە خراپەکانی دەسەڵاتداریی کورد دەنوقێنێن و مێشێکیش لەسەر ئەوان و حکومەتی دیکتاتۆریی دەکەین بە گامێشێک.. بەڵکە ئێمە دەڵێین حکومەتی بەعس - ئێوە ناخەینە تەکیەوە چونکە ئێوە لەوان خراپترن - و دەسەڵاتی کورد لە رووی کێشەی چینایەتییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە.. بەڵام لە رووی نەتەوەییەوە بۆ کورد جیاوازییان ئاسمان و رێسمانە.. وەک ئاشکرایە حکومەتی بەعس خاوەنی هەموو جۆرە دوژمنایەتییەک بووە بەرامبەر بە کورد کە زۆربەی ئەو دوژمنایەتییانە بە رەسەن و لە بنچینەدا دوژمنایەتییە دێرینەکانی ئێوەن - هی حکومی ئیسلامن - بە میرات بۆ ئەو ماونەتەوە و بە شێوەیەکی کاڵتر پەیڕەویان کردوە وەک داگیرکاریی، ئەنفال، سەرکوتکردن و بەزۆر هێنانە سەر رێباز، کوشتوبڕی بە تاک و بە کۆمەڵ بە بێ هیچ یاسا و دادوەرییەک، پێشێلکردنی سادەترین مافی مرۆڤ و مافی تاکەکەس، ئەتککردن و گوێچکە و لووت بڕین، تەنانەت نەبوونی ئازادیی جلپۆشین و شێوە رێکردن و... هتد، بەڵام دەسەڵاتداریی کورد - هەرچەندە بۆ هەر جوولەیەک چینەکانی خوارەوەیان کردۆتە سوتەمەنیی - خاوەنی قوربانیین.. ئەڵبەتە ئەم قوربانییەی دەسەڵاتیش - کە پێکدێ لە چینە چەوسێنەرەکان - یەکەم جار بۆ ئەوەیە خۆیان دەسەڵاتدار بن ئینجا بۆ ئەوەیە کە ئەوانیش وەک هەر میللەتێکی دی مافە نەتەوەییەکانیان هەڵسوکەوت بکەن.. کەواتە ئەوان بە هەر جۆرێک بووە و دەبێ قوربانییەکیان داوە و دەدەن تا هەموو مافە نەتەوەییەکان وەدەست دێن چونکە قازانجیان تێیدا هەیە ئەویش دەسەڵاتی زیاتر و زیاترە.. بۆیە ناشێ دەسەڵاتداریی کورد دوژمنی کوردایەتیی بن و خۆیان پیلانی لەناوبردنی خۆیان بکێشن.. دواییش نەک هەر ئەو بەهایە مرۆییانەی کە

سوودمەندن بۆ کوردایەتیی بەڵکە هیچ بەهایەکی مرۆیی بە هۆی ئارقخواردنەوەوە لە ناو ناچێ.. مەگەر ئەو بەهایانەی کە لە ناو رژێمی بەعس هەن یان لە هەڵەبجەی ژێر دەسەڵاتی رەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی هەن کە بوونەتە هۆی قەدەغەکردنی گۆرانیی و پێکەنین و شایی و سەیران و باخچە و هەرچی مرۆڤ دڵی پێیان دەکرێتەوە بە کورتییەکەی بوونەتە هۆی پەیدابوونی هەموو جۆرە چەوسانەیەکی دڕندانە، بەڵام مەسەلەکە لەمە واوەترە.. چونکە ئەوان بە پێی قورئانەکەیان نەیانویستوە و نایانەوێ کێشەی نەتەوایەتیی هیچ میللەتێک چارەسەر ببێ و دژی پێکەوەژیانی میللەتانن و دژی دیموکراسییشن کە تۆزێک مرۆڤ لە کۆیلایەتیی رزگار دەکا.. بۆیە ئێستا ئەگەر هەر هێزێکی دەرەوەی رەوتە دینییەکان بە دیموکراسیی لەگەڵ ئەمانە بجوولێتەوە ئەوا نەک هەر زەرەرمەند دەبێ بەڵکە گەمژەییەکیشە دەیکا.. چونکە ئەمانە تەنیا دڵیان بۆ بەهایە نامرۆییەکانی سەردەمی حوکمی بەسەرچووی ئیسلام و رژێمە دیکتاتۆرەکانی وەک رژێمی سەدام لێدەدا.. ئەگەر بۆشیان بکرێ ئەوا ئەو بەهایانە بە زیادەوە دەگەڕێننەوە وەک چۆن کاتی خۆی دەسەڵاتی ئیسلام بەهایە نامرۆییەکانی شەریعەتی یەهوودییەکان و سەردەمی جاهیلییەکانی "وەک: هەبوونی کۆیلە، ماچکردنی بەردی رەش و سەفا و مەروا و زۆرێک لە پەیڕەوەکانی حەجکردن، تەڵاق بە دەستی پیاوان و بەهرەمەندبوونیان لە هەموو جۆرە چەوسێنەرەکانی، هاوسەرگیرییکردنی بەزۆر و بە بێ مەرج لەگەڵ ژنە کۆیلە و بەدیلگیراوەکان، سێکسکردن لە کاتی خوێنبەربوونی مانگانە و سکپڕیی، بڕینی میتکە و ئەتککردنی ژنان، قەدەغەبوونی سۆز و ئەوین و ژوان و ماچ و راماوسان، سزادان لەسەر سێکسکردن و هەر جۆرە خۆشەویستییەکی نێوان ژنان و پیاوان، چلە، خوێنبایی بە پارە یان بە ژن یان هەر کوشتنی بەرامبەر، کەمتربوونی بەشی ژنان لە میرات و ئازاد نەبوون لە میراتبەخشین و وەسیەتکردن، سزای ئەتککردن و دەستبڕین و کوشتن لەسەر دزیی و حەرامخواردن و... هتد" بە زیادەوە گەڕاندەوە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە خۆێن هەڵکێشا.

**جەنگاوەرانی سوپای ئیسلام بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆیان لە هیچ نەپەنگاونەتەوە.. هەروەک مێژووش گەواهیی ئەوە دەدا کە لە شەڕەکانیاندا -** هەر لە شەڕە رێگرییەکەی (کەمینی پووشە خورما)ی سەردەمی محەمەدەوە تا دەگاتە دوا شەڕی ئیپراتۆریەتی عوسمانییەکان - **تەڕ و وشکیان بەیەکەوە سوتاندوە و دەستیان لە هیچ کوشتوبڕێک نەپارستوە، دەسەڵاتی ئیسلام لە دەسەڵاتی هەموو دینەکان زیاتر بە زۆری زۆردارەکیی سەپاوە.. بۆیە لە هەموو دینەکانیش زیاتر ناوەندێکی سەرکوتگەرتر و بەهێزتر و یەکێتییەکی هزریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی یەکگرتووتری بۆ خۆی دروست کرد.. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پێچەوانە کەوتەوە و لە هەموو دینەکان زیاتر شەڕی دەسەڵات و یەکترکوژیی ناوەخۆیان لێ پەیدابوو و چەندین مەزهەب و رێچکەی ئاینییان لێ دروست بوو و لەگەڵ داهاتنی چەرخی رێنیسانسیش و پێ بە پێی پێشکەوتنی زانست و ژیان زیاتریش دووچاری پەرشوبڵاویی و لاوزایی هاتن و تا ئێستاش خۆیان نەگرتۆتەوە و ناشیگرنەوە.. ئێستاش کە دەیبینین جگە لە زۆربوونی دوژمنەکانیان -** بە تایبەتییش کۆمۆنیزم - **بە دەیان رێچکەی ئیسلامیی دوژمن بە یەک و خوێنخۆری یەکتر پەیدا بوونە و دەبن و بە هیچ جۆرێک رێی تێناچێ ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکرێن.. دواییش ژیانی بەردەوام لە پێشکەوتن و زانستئامێزانەی ئەمڕۆ لە (پێنج و دوو رۆژێک)ی دیکە زیاتر ئیدی ئەوەی بە بەرەوە نامێنێ ئەفسانە و خورافە تێیدا گەشە بکەن یان نەپووکێنەوە، دیارە ئەم پێچەوانەکەوتنەوە و وەرگۆڕانەی ئیسلام بۆ شەڕی دەسەڵات و یەکترکوژیی و پەرشوبڵاوبوونەوە و لاوازبوون و پووکانەوەیە بێ هۆ نەبووە و سەرەکییترین هۆی ئەم ئەنجامە تراژیدییەش ئەو ناکۆکییە چارهەڵنەگرە بوو کە ئیسلام لە لایەک پڕوپاگەندەی رزگاربوونی مرۆڤی دەکرد لە چەوسانەوە و هیچێتیی ژیانی ئەم دونیایە کاتییە و وەدەستهێنانی ژیانێکی بەختەوەر و هەمیشەیی لەو دونیا لە لایەکیتریش لە پێناو ژیانێکی دونیایی و خۆپەرستانە و چەوسێنەرانەی چەند کەسێکی وەک محەمەد و یارانی بەوپەڕی زۆرداریی خۆی سەپاند و ناوەندێکی ئەوپەڕی سەکوتگەر و دژ بە جوولەی ژیان و یەکێتییەکی گشتگیری بەزۆریش سەربار.. بۆیە نەیتوانی لە ماوەیەک زیاتر خۆی رابگرێ.. ئەوە بوو لە**

**سەردەمی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) تەقیەوە و شەڕی دەسەڵاتی ناوخۆ بە شێوەی چەک و خوێنڕشتن لە نێوان نزیکترین یارانی محەمەد لە خەلیفەی جێگر و نووسەری سروش و عەشرە موبەشەرە و ئەسحابە گەورەکان و پێشەوایانیتری ئیسلام و دایکی ئیماندارا ن و... هتد بەرپابوو و تا ئێستاش کۆتایی نەهاتوە و تا ئیسلامیش مابێ کۆتایی نایێ، ئا ئەم پێشینەیە** - سەردەمی محەمەد تا کۆتایی سەردەمی عەلی - **بە باشترین دەسەڵاتی ئیسلام دەژمێردێ لە مێژووی ئیسلامدا.. ئایا دەبێ لە پاش (١٤٠٠) ساڵ لە داڕووخانی ئیسلام ئەم بزووتنەوە ئیسلامییانەی کوردستان کە پاشماوەی هەرە پاشماوەی ئیسلامن چی بن و چی دەکەن و چییان لە خەڵکی کوردستان دەوێ!؟ بێگومان هەرچی بڵێی لە دەستیان دێ.. سەرەتاترین شتێکیش کە دەستیان پێکردوە تیرۆری ئەو کەسانەیە کە قسە لەسەر سەرکوتگەریی ئەوان دەکەن.. سادەترین سزاشیان بۆ خەڵکی کوردستان ئەوانەی وەکو ئەوان جل ناپۆشن و ریش و سمێڵیان وەک ئەوان نییە و هەڵسان و دانیشتن و دەمودوویان لەوان ناچێ ئەوەیە کە نەتوانن هاتوچۆی (هەڵەبجە)ی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامیی بکەن.. ئەگەر هاتوچۆش بکەن و دەستگیر بکرێن ئەوا یان بکوژرێن یان ئەتک بکرێن! کەچی ئەوان بە ئازادیی خۆیان لەمسەری کوردستانەوە تا ئەوسەری تەڕاتێن دەکەن.. ئەوەتا هەر خودی ئەم نووسەرە جنێوفرۆشە کە سەر بە هەمان بزووتنەوەی تیرۆریستە نامیلکەیەکی لە شاری سلێمانی دەرکردوە و لە دوتوێی لاپەڕەکانی بە دەیان جنێوی وەک (زەندیق و گومڕا و فەساد و خیانەتکار و دەستی دوژمن و لەناوبەری بەها مرۆییەکان و... هتد) بە دەسەڵاتی کوردی دەدا و کەسیش پێی ناڵێ لە پشتی چاوت دوو برۆیە.. دیارە ئەم تۆزە ئازادییە بۆ خەڵکی کۆمۆنیست و پێشکەوتنخوازیش هەیە بەڵام لە هەولێر زۆر کەمتر.. ئەم تۆزە ئازادییەش لای خەڵکی کوردستان بە خاڵێکی گەشی ئازادیی رادەربڕین پێناسە کراوە لە ناو دەسەڵاتی کوردی، کەچی سەلەفییەکان بە هیچ جۆر و شێوەیەک چاویان بەرایی نادا و بەسەر دەمیان دانایێ باسی ئەو تۆزە ئازادییە و هیچ لایەنێکی چاکی دەسەڵاتی کوردی** - هەرچەندە زۆر کەمیشن - **بکەن و هەموو کاتێکیش دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بەعسیان لە هەموو رووێکەوە لەم دەسەڵاتەی ئێستا بە باشتر زانیوە.. لەگەڵ ئەوەی کە کەس نییە نەزانێ ئەگەر جوولانەوەی هێزە**

ناسیۆنالیست و عەلمانیی و مارکسیستەکان نەبان ئەوا هەرگیز نەیاندەتوانی ئاوەها بێنە سەر ئامادەگیی و قسەی لە خۆیان گەورەتر بکەن.. بەڵکە دەبووایە تا ئێستاش وەک (بیلالی حەبەشیی) لە کودیلە بانگیان بدابا!

بەم شێوەیەش کۆتایی بە دوا پەرەگرافی خاڵی یەکەمی پێشەکییەکەی دەهێنێ: ((جێگای تێ ڕامان و سەرنجیشە نووسەران و رۆشنبیران بونەتە ئەو چڵکاو خۆرەی کە پیلانی دوژمنان بەجێبگەیەنن ؛ لەگەڵ رێزم بۆ نووسەرانی خاوەن هەڵوێست کە هەمیشە دژی ئەم واقیعە بوون.)) لێرەدا پێویستە یەکەم جار و پێش هەموو شتێک بڵێین نووسەران و رۆشنبیران لە چوارچێوەی هەر رژێمێکی چەوسێنەری چینایەتیی بە پێی ریزبەندییە چینایەتییەکان و بەرژەوەندییەکانیان دابەش دەبن بۆ هی بە هەڵوێست و مرۆڤپەروەر و هی بێ هەڵوێست و دژەمرۆڤ.. دواییش هەر کێی دوو وشەی نووسی یان دوو قسەی جیاوازی لە خەڵک کرد واتای ئەوە نییە ئیدی نووسەرە یان رۆشنبیرە.. بەڵام ئەم قورئانخوێنە کۆلەوارە سەر لەم شتانە دەرناکا و ئەوەی جانتایەک کاغەز و پەرتووکی لە ژێر باڵ بوو ئەوا هەوە!.. بە بۆچوونی خۆشی هەر نووسەرێک یان رۆشنبیرێک ئەگەر بێلایەن بێ یان سەر بە حیزب و بەرەکەی ئەو نەبێ یان راستەوخۆتر بڵێین ئەگەر نوێژ نەکا یان مەی بخواتەوە ئەوا چڵکاوخۆرە و پیلانی دوژمنان جێبەجێ دەکا.. دەک ئافەرین بۆ خۆت و پێوەر و سەرناسییت.. پاشان بە ئاسانیی و بە بێ هیچ چاوەڕووێک تێکڕای هەرزە مەلایەکان کە لەسەر پارە و کەلوپوپەلی خێرخوازیی دەژیێن - ئەوانەی پێشتر "بە قسەی ئەوان عیلمی شەیتانیان خوێندوە" بە هۆی ئەم بارە برسیێتیی و نائارامییەی کە کوردستانی تێکەوتوە خۆیان بە رێکخراو و حیزبە چڵکاوخۆرەکانی دەوڵەتە ئیسلامییە بەکرێگراوەکانی ئەمەریکا و سەرمایەداریی فرۆشتوە - بە خاوەن هەڵوێست دەزانێ و رێزی بۆیان هەیە! خۆشی لەوە نەبان دەکا کە ئەو بە ناو نووسەرانەی ئیسلامییەکانی کوردستان بە بێ هیچ کار و کاسبییەک ژیانی مادییان بە چەندین جار لە ژیانی مادیی زۆربەی ئەو رۆشنبیرانە خۆشترە کە ئەو بە چڵکاوخۆریان دەزانێ.. بەڵام کاتێ بە بەڵگەی ئاوەها رووبەڕووی دەبیتەوە و بێ وەڵام دەستەوەستان دەمێنێتەوە.. دیسان یەکسەر بۆ

خورافەمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ ئەمانە - نووسەرە ئیسلامییەکان - خودا هیدایەتی داون و ئەمەریکا و پۆلیسەکانی بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن و بە دەستی خۆیان بەڵام بە قوەتی قادیر دۆلاریان بۆ ڕەوانە دەکەن.. خودا ئەڕحەمو لڕاحیمینە!

لە سەرەتای خاڵی دووەمدا دەڵێ: ((ئەوانەی کە خۆیان بەپێشەنگی کاروانی ڕۆشنبیری دەزانن بەڕادەیەک مەغرور و گومڕابوون کە خراپەو عەرەق خواردنەکەشیان بەتازەگەری و فەزڵ و پیاوەتی دەخەملێنن و ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی پێ دەڕازێننەوە،)) ئەگەر نووسەر خۆی نەبان نەکا ئەوا باش دەزانێ کە چەندین کەس هەن خۆیان بە پێشەنگی کاروانی ڕۆشنبیریی دەزانن بەڵام بە هیچ جۆرێک نە ئارەق دەخۆنەوە نە ئارەقخواردنەوەش بە تازەگەریی دەزانن، بەڵام با بەم قسەیەمان دڵخۆش نەبێ.. چونکە نەخواردنەوەی ئەوانە لەبەرئەوە نییە کە حەرامە.. بەڵکە وەک کەسێک بۆ نموونە گۆشت ناخوا و ئارەزووی بۆی ناچێ.. ئەویش ئارەق ناخواتەوە و ئارەزووی بۆی ناچێ یان گوزەرانی خراپە یان نەخۆشییەکی هەیە یان دەوروبەرەکەی ڕێگەی پێ نادەن یان لای خراپە یان و... هتد بەڵام هەرگیز بە تازەگەریی نازانێ، دواییش هەی قوربانی هزر و هۆشەکەت بم.. هەی هزر و هۆشەکەت بخۆم! ئاخر پێشەنگیی و تازەگەریی لە کوێ و ئارەقخواردنەوە لە کوێ!؟ تۆزێک بە وردیی بیر بکەوە.. ئاخر کێ هەیە خۆی بە پێشەنگ بزانێ و ئارەقخواردنەوەش بە تازەگەریی بزانێ.. مەگەر چەند گاڵتەبازێک هەر بۆ گاڵتە یان ڕابواردن بە ئیسلامییەکان ئەم قسەیان کردبێ و بیکەن، بەڵام ئەگەر تۆ لات وایە هەندێ نووسەر و ڕۆشنبیر هەن ئەم قسەیان بە ڕاستییە.. ئەوا دە تۆش قۆڵی هەڵبماڵە و دەست بکە بە خواردنەوە بۆ ئەوەی تۆش ببی بە تازەگەر.. ئەمەش نەنگیی و شوورەیی تێدا نییە.. چونکە پێغەمبەرەکەشتان بادانەوەی لەم بابەتانەی هەبووە.. ئەو (١٣) ساڵ لە مەککە - بە فاکس! - ئایەت لە دوای ئایەت قسەی ئامۆژگاریکەری بۆ دەهات.. وایدەزانی بەم شێوەیە دەتوانێ عەرشێکی خورافیی دابمەزرێنێ و ببێ بە ئیمپراتۆرێک.. بەڵام کە بینی کەس بە دوای ناکەوێ و ئەم ئایەتانە دادی نادەن و تەنانەت لە مەککەش شاربەدەریان کرد.. بۆیە یەکسەر (١٨٠) پلە وەرسووڕا و لە شاری مەدینە کەوتە بڵاوکردنەوەی

ئایەتی شەڕخوازیی و ئیدی دەستی کرد بە ڕێگریی.. یەکەم ڕێگرییش بە ناوی (کەمینی پووشە خورما) رووتکردنی کاروانێک بوو کە لە (شام)ەوە بەرەو مەککە دەچوو.. خودی محەمەدیش نەخشەکەی دارشت و لە ژێر سەرپەرشتیی (عەبدوڵای کوڕی جەحش) ئەنجام درا.. ئەوە بوو سەرقافلەکە (عومەری کوڕی خەزرەمیی) کوژرا و کەلوپەلەکانیش بە تاڵان گەیەنرایە دەستی موبارەکی پێغەمبەری ئاخیری زەمان، ئێ خۆ تۆ لە پێغەمبەر چاکتر نابی.. بەڵکە پێت خۆش پێت بڵێم بە پاسەوانێکی بەر دەرگای پێغەمبەری نازاداریشت تێ نابێ!

هەر لە خاڵی دووەمدا دەڵێ: ((بەڵام با هەموولایەک ماهیەتی ئەو کەسانە بناسێ کە زۆر کات خەریکی ئیستفزازی خەڵکی بڕوادارن و لافی ئازادی و مافی ئافرەتان لێ دەدەن و تیمساح ئاسا فرمێسک بۆ جەماوەر دەڕێژن)) یەکەم جار ماهیەتی هیچ کەسێک بە ئارەقخواردنەوەوە دروست نابێ و ئەوانەی ئارەقیش دەخۆنەوە یەک جۆر ماهیەتیان نییە.. ئەو کەسەی لە ماوەی یەک کاتژمێریشدا یەک قاپ ئارەق دەخواتەوە.. ئەوپەڕەکەی چوار پێنج کاتژمێرێک مەست دەبێ نەک ماهیەتی دەگۆڕێ، ئەو کاتی مەستییەش بۆ کەسێک کە خۆی خراپ نەبێ و نەیەوێ خراپە بکا ئەوا بە ئاسایی تێدەپەڕێ.. بەڵام کەسانێکی خراپ و بوودەڵە و ترسنۆک و نەزان بە تایبەتییش ئەوانەی لە بەرەی ئایدیالیستەکانن کە هەر خۆیان بۆ ئەوە ئارەق دەخۆنەوە تا بتوانن ئەوەی لە کاتی تر ناوێرن بیڵێن و بیکەن یان ناهێڵن بیڵێن و بیکەن لە کاتی مەستیی بە ئازادیی بیڵێن و بیکەن.. چونکە داب و نەریت و یاسایە پووچەکانی ناو کۆمەڵگای چەوسێنەر نەک هەر قسە و قسەڵۆکی نائاسایی لە سەرخۆشان ناگرن بەڵکە ئەگەر کوشتنیش لە دەستیان روو بدا باری سەرخۆشییەکە دەکەنە هۆیەک بۆ سووککردنی سزای تاوانکارییەکە.. کەواتە ئەو شتە خراپانەی کە سەرخۆشەکان ئەنجامی دەدەن پەیوەندیی بە سەرخۆشییەوە نییە و پەیوەندیی بە ماهیەتی کەسەکە خۆیەتی کە زۆربەی کات ئەو ماهیەتانە بەر لە فێربوونی خواردنەوەی ئارەق لە کەسەکانەوە دروست بوونە.. لە هەمان کاتیشدا ئەو داب و نەریت و یاسایانەی باسمان کردن دەرفەتی چاک و لەبار دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی سەرخۆشان کاری خراپ ئەنجام بدەن.. بەڵام کەسی باش کە خۆی ئەم

هۆیانەی تێدا نییە بۆ کاری خراپ و رێگاش نادا هۆی دەستکرد بە سەریدا زاڵ ببێ ئەوا هیچ شتێکی نائاسایی لێ روونادا.. رەنگە لێرەدا تۆ یان هەر یەکێکی تر بڵێین ئەی ئەو کەسانەی لە کاتی سەرخۆشیی ئۆتۆمۆبێل لێدەخوڕن لەگەڵ ئەوەی کە نایانەوێ کەسێک پان بکەنەوە بەڵام بە هۆی سەرخۆشییەکەیان هۆش و جەستەیان لەبار نییە و لە دەستیان روو دەدا.. یان چەندین نموونەی تری لەو بابەتە بهێننەوە.. بۆ وەڵامی ئەمەش دەڵێین سەرخۆشیی بۆ کەسی ئاسایی هەرگیز نابێتە هۆی لەدەستدانی ناوەندی بەکارهێنانی هۆش و تێکچوونی جوولەی پێویستی جەستە.. بەڵام ئەگەر گریمان کەسێکی چاک و ئاسایی وا رێککەوت کە دووچاری خواردنەوەیەکی زیاد لە پێویست بوو.. ئەوا لەو کاتانەدا کە دەزانێ سەرخۆشییەکەی بە کەلکی ئەوە نایە ئۆتۆمۆبێل یان هەر شتێکی تر لێبخوڕێ یان مەلە بکا یان هەر کارێک بکا کە بۆ کەسێکی زۆر مەست دەست نادا ئەوا هەرگیز ئامادە نابێ ئەو کارانە ئەنجام بدا بەڵکە لە شوێنێک لەگەڵ دۆستان و خۆشەویستانی دادەنیشێ و کاتەکە بە خۆشترین قسە و پێکەنین و ئاسوودەیی دەگوزەرێنێ یان بۆ خۆی پاڵدەکەوێ و خۆی لە دەریای بیرکردنەوە و ئەندێشە خۆشەکانی نوقم دەکا.. بەڵام کەسی خراپ و نائاسایی وەک چۆن لە کاتی تر قسەی نابەجێ و رووداوی خراپی لە دەست روو دەدا لە کاتی سەرخۆشییش بە هەمان شێوەیە ئەوە جگە لەو دەرفەتەی کە لە کاتی سەرخۆشیی بۆی دەڕەخسێندرێ و لە کاتی تر دەرفەتی پێ نادرێ.. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی خراپ لە هی یەکەم هانبدرێ کاری خراپ ئەنجا بدا و پەردەپۆشی نەکا بەڵام لە هی دووەم بە پارێزەوە کاری خراپ ئەنجا بدا و چەندەی بۆشی بکرێ پەردەپۆشی بکا، جگە لەمانەش وەک دەیبینین کردەوە خراپەکانی کاتی سەرخۆشیی لە ناو دواکەوتووترین و برسییترین و داخراوترین کۆمەڵگا لە پلەی هەرە بەرز دایە چونکە دووڕوویی نێوان ناخ و دەرەوەی مرۆڤەکانی تێدا زۆرە.. پێ بە پێی کۆمەڵگای پێشکەوتووتر و خۆشگوزەرانتر و ئازادتریش کردەوە خراپەکانی کاتی سەرخۆشیی کەمتر دەبنەوە چونکە دووڕوویی ناوبراوی تێدا کەمتر بۆتەوە.. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەگەر کۆمەڵگای چەوسێنەر نەمێنێ و نان و ئازادییەک بە پێی پێویست هەبێ ئەوا ئەو کات کاتی ئارەقخواردنەوە و سەرخۆشیی جگە لە درستبوونی بیرکردنەوە

و ئەندێشەیەکی دڵگیر و گوڕاح خۆشیی بۆ کەسی سەرخۆش هیچ جیاوازییەکی تری نابێ لەگەڵ کاتەکانی تر، مایەوە ئەوە بڵێین کە مرۆڤی ئازاد بە هیچ شتێکی لە بابەتی ئارەق ماهیەتی ناگۆڕدرێ و کردەوەی خراپی لێ ناوەشێتەوە.. ئەمە تەنیا رژێمە چەوسێنەرەکانی پێشوو و رژێمی دژە مرۆیی سەرمایەدارییە - کە ئێوەش بزووتنەوە دینییەکان قامچی دەستی ئەوانن - لە کردەوەی خراپ سەرشار بوونە و دەیانەوێ مرۆ هەر بە تێکشکاویی و کۆیلەیی بمێنێتەوە.

لە باسی ("ئیفستفزاز"ی خەڵکی بڕوادار)یش دەڵێین؛ ئەم نووسەرە تاکلایتە پێی وایە تەنیا موسلمانان بڕواداران و خەڵکی تریش کە بڕوایان بە دینەکەی ئەو نییە ئەوا بێ بڕوان، وەک ئاشکرایە بڕوادار ئەو کەسەیە کە بڕوای بە شتێک هەبێ جا هەرچییەک بێ.. بە پێی لۆژیکی زانستیش ئەو بڕوادارانە زیاتر پێناسەی بڕواداریيان بۆ دەشێ کە بڕوایەکەیان لە هزر و فەلسەفەیەکی واقیعیی هەڵهێنجاوە نەک ئەوانەی بە وڕێنە و ئەندێشەکانیان بڕوایەکی خورافیی و ئەفسانەییان بۆ خۆیان داتاشیوە و کوێرانە پەیڕەوی دەکەن.. هەردەمیش ئەوانەی دووەم (ئیستفزاز)ی ئەوانەی یەکەمیان کردوە نەک بە پێچەوانەوە.. بۆ نموونە موسلمانان وەک هەڵسوکەوتێکی ئاسایی خۆیان رۆژ نییە پێنج جار بە ناوی بانگدان وەک نێرەکەر نەزەڕێنن و خەڵک بێزار نەکەن یان زۆربەیان رۆژانە بە دەیان جار هێرش دەکەنە سەر ناموسلمانەکان و بە (بەدڕەوشت و گومڕا و سۆزانیی و ئاژەڵیی و... هتد) تۆمەتباریان دەکەن.. هەر لە سەردەمی محەمەدیشەوە تا ئێستا هەر کاتێک بۆیان لوا بێ نەک هەر خەڵکیان (ئیستفزاز) کردوە - کە وەک ئاوخواردنەوەیە لایان - بەڵکە بە بێ لێپرسینەوە و بە بێ دادگا خەڵکیان شاربەدەر و تیرۆر و کۆمەڵکوژ کردوە.

دەبارەی (لاف لێدان بە ئازادیی و مافی ئافرەتان و فرمێسک رشتن بۆ جەماوەر) کە تۆ بە رەوای نازانی بۆ ئەم خۆ بە پێشەنگزان و ئارەقخۆرەوانە.. ئێمەش دەڵێین؛ نەک هەر ئەمانە بەڵکە بۆ هیچ کەسێکی بە رەوا نازانین لاف بە ئازادییخوازیی و مافی ئافرەتانەوە لێ بدا.. بەڵام نەک ئەمانە بەڵکە کۆنەپەرستترین خەڵکی دەرەوەی ئیسلام و دینەکانی

تریش مافی ئەوەیان هەیە بەرامبەر دینەکان و ئێوەی موسلمان ئەو لافە لێ بدەن.. چونکە ئێوە نەک هەر باوەڕتان بە ئازادیی و مافی ئافرەتان نییە بەڵکە هەر لە بنچینەدا بۆ ئەوە دروست بوونە کە ئەو کەمە ئازادییەی وەدەستیشهاتوە دژی بوەستنەوە و لەناویببەن.. ئێوە بە هیچ شێوەیەک باوەڕتان بە هیچ جۆرە مافێکی ئافرەتان نییە چونکە بە پێی ئایەت و فەرموودەکانتان خودا تەنیا رووی دەمی لە پیاوانە و ئافرەتانی بە مرۆڤ دانەناوە بەڵکە (زینە و کەمالیات)ێکی ژیانن و بۆ پیاوان دروستکراون تا پیاوان تاموچێژیان لێ وەربگرن و وەک کۆیلەش خزمەتی خۆیانیان پێ بکەن.. ئەوانەی تیمساح ئاساش فرمێسک بۆ جەماوەر هەڵدەڕێژن ئەوا هەرکێ و هەرچییەک بن درۆزنن.. دیارە خەڵکی کۆمۆنیست بە هیچ جۆرێک فرمێسک بۆ جەماوەر هەڵناڕێژن چونکە یەکێک لە رەگەزەکانی کۆمۆنیستبوون شۆڕشگێڕییە و خەڵکی شۆڕشگێڕ و فرمێسک رشتنیش زۆر لە یەک دوورن.. بەڵێ زۆرێک هەن لە عەلمانیی و ناسیۆنالیستەکان فرمێسک بۆ جەماوەر دەڕێژن بەڵام زۆربەیان بۆ خۆشکردنی شوێنپای خۆیان ئەوە دەکەن و کەمێکیشیان مەسەلەکەیان هێندە دەرویشییانە وەرگرتوە ساویلکەییانە و بە راستیی فرمێسک بۆ جەماوەر دەڕێژن کە جگە لە کاردانەوە و رەنگدانەوەیەکی خراپ هیچ سوودێک بە خۆیان و بە کێشەکەیان ناگەیەنن.. بەڵام ئێوە زۆر راستە نە بە درۆ نە بە راستیی فرمێسک بۆ جەماوەر ناڕێژن چونکە لە لایەک شتێک نییە لای ئێوە پێی بگوترێ جەماوەر و حیسابێکی بۆ بکەن و لە لایەکی دیش کەسانی ئێوە جا مەلا بێ یان پووتە مەلا یان هەر کەسێکی ترتان کە بۆ خەڵک دەدوێن بە درۆ بۆ خودی خۆیان فرمێسک دەڕێژن و بۆ ئەوەی وا پیشانی دەوروبەرەکە بدەن کە گوایە باوەڕێکی زۆر پتەویان بە خوا و سزایەکانی هەیە و لە بەرامبەر گەورەیی خوا و کارە چاکەکانی بۆ مرۆڤ خۆیان بە خراپەکار دەزانن و حیساب و کیتابی خواش لەگەڵ هەر کەسێک بە پێی خواپەرستیی و کارەکانی خۆیەتی و لە ئاگری دۆزەخیش زۆر دەترسن.. ئەمەش هەمووی بۆ ئەوەیە کە کەسی موسلمان باوەڕ بە دەوروبەرەکەی بێنێ کە موسلمانێکی عەیار (٢٤)ە و پێویستە خەڵک رێزی لێ بگرن و بە کەسێکی پاک سەیری بکەن و یارمەتیی بدەن یان بەرپرسییەکی دینیی پێ راسپێرن.. بۆ ئەوەی لە پەنای ئەم شتانە مەرامە خراپ و خۆپەرستییەکانی خۆی وەدەستبهێنێ.

لە کۆتایی ئەم خاڵەدا ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی خۆیان بە پێشەنگ دەزانن بە (دەروون لاواز و هەرس خواردوو) پێناسەیان دەکا و کەسیش نابوێرێ.. وەک ئەوەی کە ئێستا هیچ پێشەنگێک بوونی نەبێ.. ئەگەر پێشەنگیش هەبن مادام ئارەق دەخۆنەوە ئەوا پێشەنگ نین و دەروون لاواز و هەرەس خواردوون.. دیسان هەر قوربانی هزر و هۆشەکەت بم.. هەی هزر و هۆشەکەت بخۆم! ئایا دەروون لاواز و هەرەس خواردوو ئەمانەن یان ئەوانەن کە (١٤٠٠) ساڵە ئیسلامی بەزۆر داسەپاویان بە میرات بۆ ماوەتەوە و بەرە بەرە دەقیان پێوە گرتوە تا وای لێ هاتوە مەسەلەی خوا و زیندووبوونەوە و سزا و بەهەشت و دۆزەخ و... هتدیان لێ بۆتە راستیی!؟ تەنانەت لەم سەردەمەی زانست و پێشکەوتنەی ژیانیش ناتوانن بە سەر دەروون لاوازیی و هەرەس خواردوویی خۆیان زاڵ ببن و ئەم بەرگە بێ کەلکەی ئیسلام لە خۆیان دابماڵن.. ئەڵبەتە موسلمانانی ئێستا - نەزانەکانیان نەبێ - زۆربەی زۆریان پووچێتیی ئیسلامیان بۆ دەرکەوتوە بەڵام لەبەرئەوەی لە لایەک بە شێوەیەکی زانستیی بۆ مەسەلەکە نەچوونە بەرچاویان روون نییە لە لایەکی دیش لە ترسی گیان و بەرژەوەندییەکانیان ناوێرن هێندە بە ئاسانیی لە ژێر گوشاری پاشماوە و ئەو دەسەڵاتە بە داب و نەریت بووەی کە لە حوکمی خوێنرێژانەی ئیسلام جێماون بە ئازادیی رای خۆیان دەرببڕن، ئەوانەشی کە توانیویانە لە ئیسلام و هەموو دینێک هەڵبگەڕێنەوە.. خەریکە هەرەس بە هەرەس خواردووان دەهێنن و دژی دەروون لاوازیی و خۆپەرستیی و سەرلێشێواویی خورافەپارێزان و کۆنەپەرستان لە خەبات دان و تا دێ بەرەکەشیان فراوان و فروانتر دەبێتەوە.

لە سەرەتای خاڵی سێیەمی پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ((زۆرن ئەو نووسەرە ناسیونال و مارکسی و عەلمانیانەی کە وەک پیشەی نووسەری عەرەق خۆریشیان بەمەرج وەرگرتوە،)) سەرەتا دەڵێین هێدی.. هێدی باژۆ کاکی وشە ریزکەر دەنا ناتوانین لەم خێرا ئاژوانەت دوو قسەت لەگەڵ بکەین.. کە ئیستۆپت کرد ئەنجا دەڵێین؛ ئەم سێ جۆرە نووسەرەی کە تۆ ناوت بردوون بە هیچ شێوەیەک بە یەکەوە لە تای تەرازووە خواروخێچەکەی تۆ جێگایان نابێتەوە.. چونکە ئەوانە بە پێی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە دیدگایان بۆ ژیان و خەبات زۆر جیاوازە؛ یەکەم:

مارکسیستەکان لە رووی چینایەتیی بەرامبەر بە عەلمانیی و ناسیۆنالیەستەکان. دووەم: ناسیۆنالیستەکان لە رووی فەلسەفیی بەرامبەر بە مارکسیست و عەلمانییەکان. سێیەم: عەلمانییەکان لە رووی نەتەوایەتیی بەرامبەر بە ناسیۆنالیست و مارکسییستەکان، جگە لەمانەش لە لایەک ناسیۆنالیستەکان لە رووی دینییەوە نزیکن لە ئێوە و زۆر دوورن لە عەلمانییەکان چونکە زۆربەیان - جا ئارەقخۆرەوە بن یان نا - باوەڕیان بە دین هەیە و خورافە کوێری کردوون و وەک ئێوە دەروون لاواز و هەرەس خواردوون لەم رووەوە.. لە لایەکی دیش عەلمانییەکان لە رووی چینایەتییەوە زۆر لە ئێوە و ناسیۆنالیستەکان نزیکن و زۆر لە مارکسیستەکان دوورن چونکە تێڕوانینی بۆرژوا باڵایەکانیان لە مەسەلەی چینایەتیی و چەوسانەوەی چینایەتیی هەمان تیڕوانینە کە ئێوە زۆر لەمێژە هەتانە بەڵام ئێوە بەرنامەکەتان - قورئانەکەتان - بۆ ژیانی نوێ بڕی نەکرد و ئێستا بورژوا عەلمانییەکان بە پشبەستن بە زانست درێژەی پێ دەدەن بە جۆرێک وای لێ هاتوە ئێوە لاسایی ئەوان بکەنەوە و خۆتان بگونجێنن بەڵام - بە داخەوە ئەگەر تووڕە نەبی - ئەمەتان بۆ ناکرێ چونکە بەرنامەکەتان - قورئانەکەتان - بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا هێندە پەڕپووت بووە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ زانست و واقیع نایەتەوە و خەڵکێکی دواکەوتووی سەردەمی جاهیلییەتیش نەماوە تا بڕواتان پێ بهێنن، بەڵام مارکسیستەکان بە هیچ جۆر و شێوەیەک و لە هیچ روویەکەوە لە ئێوە نزیک نین بەڵکە زۆر دوورن لێتانەوە.. نووسەرانی مارکسیستیش زۆر لەوە رۆشنبیرترن کە دیاردەیەکی رۆتینیی وەک ئارەقخواردنەوە بە مەرجی نووسەریی بزانن.. بەڵام وا دیارە تۆ تەنیا تۆمەتان دەبەخشیەوە دەنا ئەگەر تەنیا یەک نموونەت لا بووایە ئەوا تۆ سەربەخۆ دەیان نموونەت هەڵدەبەست و بڵاوت دەکردنەوە ، بۆ نووسەرە ئارەقخۆرەوە عەلمانیی و مارکسیستەکانیش دڵنیاین کەس باوەڕت پێ ناکا چونکە ناکرێ نووسەرێکی بە کردەوە نووسەر - ئەگەر بۆ گاڵتە و خۆشیی یان رابواردن بە ئیسلامییەکان نەبێ - بڵێ ئارەقخواردنەوە مەرجی نووسەرییە.. تۆش کە هەر نووسەرێکی ئارەقخۆرەوە بە ناسیۆنالیست و عەلمانیی و مارکسیست دەزانی ئەوە هەر خۆت هەڵبخەڵەتێنە بەڵام هەموو خەڵک دەزانێ کە زۆرێک لە نووسەرە ئارەقخۆرەوەکان باوەڕیان بە ئیسلام یان

دینێکی دی هەیە و هەندێکیشیان زۆرێک لە ئەرکە دینییەکان جێبەجێ دەکەن، دواییش ئەو نووسەرانەی تۆ باسیان دەکەی هەموویان لە تۆ و نموونەی تۆ باشتر دەزانن ئارەق و ئارەخۆرەوەیی چییە چونکە ئەوان هیچ نەبێ بە پێی زانیاریی خۆیان لەگەڵ زانست کۆکن بەڵام ئێوە بێ زانست و دژە زانستن.. هەموو ئەو زانستەی کە لە ئایەت و فەرموودەکانی محەمەد دەربارەی ئارەقخواردنەوەوە هەن زیاتر نین لەوەی کە تەنیا دەڵێن سەرخۆشکەر و حەرامە.. هەموو ئەو زانیارییانەش کە تۆ لە نامیلکە بێ پێزەکەت بەکارتهێناون پڕ کەموکوڕیین و بە شێوەیەکی ساویلکانەش ئەوانەت هەڵبژاردوون کە سوود بە قسە بێ بڕستەکانی تۆ دەگەیەنن.. جگە لەوەش ئەو زانیارییانەی کە تۆ زۆر بە گرنگیی دەرتخستوون هی ئەو راپۆرت و دەقانەن کە خوێنەرێکی زۆر نەزانیش ئاگادارە پێیان و هەمووشی هی ئەو نووسەرانەن کە خواردنەوە بە دیاردەیەکی رۆتینیی و ئاسایی دەزانن، بۆیە ئەو نووسەرانە جگە لەوەی بە کردەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئارەق و ئارەقخواردنەوەوە دەکەن زانیارییشیان باشترە لە ئێوە و بە شێوەیەکی دەمارگیریی وەک تۆ باسی ناکەن بەڵکە وەک چۆن باسی خۆشیی و زیانەکانی سێکس و جگەرە و زۆرێک لە خواردن و خواردنەوەکان دەکەن ئاوەهاش باس لە ئارەق دەکەن.. بەڵام تۆ لەبەرئەوەی ماوەیەکە بە هۆی ئاڵوودەبوونت بە ئیسلامییەکان لە ئارەقخواردنەوە دابڕاوی و هیچ زانیارییەکیشت نییە لەم رووەوە بۆیە هەر هێندەت لێ دەوەشێتەوە و ئەوەی وەریشیاندەگری هەر هی ئارەقخۆرەوەکانن و خۆیان لە تۆی باشتر لێ دەزانن.. ئەگەر بشڵێی سەرچاوەکانت هی نووسەر ئیسلامییەکان یان دینەکانی ترن ئەوا ئەوانیش هەر لە نووسەرە ئارەقخۆرەوە و کافرەکانیان وەرگرتوە و کاری ئەوان تەنیا ئامادەکردن و وەرگێڕان بووە چونکە خەڵکی موسلمان و دینەکانی تر جگە لە لاساییکردنەوە و ئامادەکردن و وەرگێڕان هیچی تر نازانن و دوورن لە ئەزموون و لێکۆڵینەوە و وەدەستهێنانی دەرئەنجام و داهێنانی نوێ و تا ئێستاش لایان وایە دەبێ (بتەکەیان - خوایەکەیان) زانیاریی و زانست لە مێشکیان بپەستێ!

لە درێژەی خاڵی سێیەم کە دوا خاڵی پێشەکییەکەیەتی.. نووسەرە کۆنەکانیشی خستۆتە ئەو بازنە خواروخێچەی وڕێنەکانی کە ئارەقخواردنەوە مەرجی نووسەرییە تێیدا.. ئەوەتا شیعرێکی (بێکەس)ی شاعیری بە نموونە هێناوەتەوە.. دیارە - وەک گوتمان - نووسەرێکی بە کردەوە نووسەر نییە بە بێ گاڵتە بڵێ ئارەقخواردنەوە مەرجی نووسەرییە.. بەڵام ئەوا گریمان ئێمە هەڵەین و چەند نووسەرێکی سەیروسەمەرە هەن و رایان وەکو ئەم رەخنەگرە کورتبین و تاک بەگشتییکەرەیە! بەڵام نازانین چ گێژ و وڕ و کەللەپووتێک هەیە بتوانێ بیسەلمێنێ کە لە سەردەمی بێکەس "بێکەس و هەندێ شاعیری کۆن" لایان وا بووە ئارەقخواردنەوە مەرجی نووسەرییە!؟ ئەگەر کاکی رەخنەگر نموونە هێنانەوەکەی هەر بۆ ئەوەیە بێکەس بناسێنێ کە گوایە ئارەقخۆرەوە بووە ئەوا هەموو خوێنەران دەیزانن و ئەو خۆتێهەڵقورتاندنە سووک و چرووکەی ئەوی پێویست نەدەکرد.. ئەگەر بە راستییش مەبەستی ئەوەیە کە لە ناو شاعیرانی کۆن ئەم بۆچوونە هەبووە.. ئەوا دەبێ هیچی لێ نەزانێ و بە هیچ شێوەیەکیش لە شیعر نەگا.. یان دەبێ بیەوێ بە هۆشە تەنک و سووکەکەی خۆی فێڵ لە خوێنەر بکا.. چونکە ئەو ئەم شیعرەی بێکەس وەک بەڵگەیەک بۆ راستیی قسەکەی بە نموونە دەهێنێتەوە:

**من عارەق ئەخۆم کە بێ کەدەر بم**
**کەمێ لە دونیای دون بێ خەبەر بم**
**.......... هتد.**

کەچی لە سەرتاپای ئەم شیعرە لە هیچ شوێنێک واتایەکی لەم بابەتەی تێدا نییە کە ئارەقخواردنەوە بە مەرجی نووسەریی بزانێ.. بەڵام بە راستیی ئاگامان لەوە نییە کە ئەگەر ئەم رەخنەگرە ئیلاهییە بەم دواییانە خودا هیدایەتی دابێ و بە (کونفەیەکون)ێک کردبێتیە هەڵسەنگێنەری شیعر بە تایبەتییش شیعری شاعیرە ئارەقخۆرەوەکان و بۆشایی نێوان وشەکانی ئەم شیعرەی بێکەسی خوێندبێتەوە و ئەو واتایەی سەرەوەی لێ هەڵکراندبێ.. بەمەش داهێنانێکی رەخنەگرانەی نوێی ئافەریدە کردبێ! دەک ئافەرین ئەی پرۆفیسۆری کۆنەخواز! لە کۆتاییشدا حەز دەکەین بە جەنابتانی رابگەیەنین شیعرەکان و شێوازی شیعریی بێکەس لە هەموو رووەکانەوە سوودێکی نەماوە بۆ ئەمڕۆ و خۆشی کەسێکی نەتەوەپەرست

بووە بەڵام زۆر نارەوایە کەسێکی وەک تۆ سەلەفیی و ئاڵوودە بە ئیسلامیی و فەرهەنگ دارِزاو بە خراپە باسی بێکەس و شیعرەکانی بکا.. چونکە بێکەس هەر هیچ نەبێ شاعیرێکی بەرز و بە توانای سەردەمەکەی خۆی بووە و دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەی بووە و خەباتی بۆ کردوە و لە سەردەمێکیش ژیاوە کە زۆرێک لە رۆشنبیرانی ئەو سەردەم لە ژێر زەبری سەردەم بە شێوەیەکی دوور لە ناوەرۆک خۆیان بە رادیکاڵ و مارکسیست ناساندوە بەڵام ئەو بە پێی پێگەیشتنی خۆی خۆی هەڵنەخەڵەتاندوە و راستگۆیانە لەسەر رێبازی خۆی ماوەتەوە و ملکەچی ژیان نەبووە و وەک هەندێک لە خۆ بەمارکسییزانەکانی ئەو سەردەم کە هێشتا هەندێکیان لە ژیان ماون و ئێستا دیموکرتخوازێکی تەواویش نین نەبۆتە کورِی رۆژ.. تۆش ناسیۆنالیستێکی کۆنەپەرستی و خۆت بە بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی و تیرۆریست فرۆشتوە!

## دوو پەرەگراف بۆ ((مەیخواردن لە دیدگای ئیسلامەوە)).

سەرەتای ئەم بەشەی بە (ئایەتێکی محەمەد!) - جا ئایا قسەی خۆیەتی یان یەکێکی تر - دەستپێکردوە و بەم جۆرەش لێکیداوەتەوە کە دەڵێ: ((خوای گەورە، خواردنەوەی عەرەق و قومار و ...تد بە کردەوەی شەیتان باس دەکات و هەر کەسێک مومارەسەی بکات لەسەر رێبازی شەیتان کار دەکات)) ئەی "لە بێ خەبەران کەشکێک سەلاوات!" باشە کەی کاتی ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە ماوە! تۆ رووی دەمت لە کەسانێک کردوە کە زۆربەیان قسەی لەم بابەتانەیان زیاتر بیستوە و لە تۆش باشتری لێکدەدەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەردەوامن لە ئارەقخواردنەوە و لەو قسە بێزەوەرەش ناترسن کە دەفەرمووی خوای گەورە سزای (طینة الخبال)ی بۆ عەرەقخۆرەوان داناوە لە قیامەتدا کە بریتییە لە (عەرەق و کێم و زوخاوی جەهەندەمیی).. چونکە باوەڕ ناکەن خواردنەوەیەکی لەم بابەتە بوونی هەبێ یان خواردنەوەکی لەو جۆرە شایەنی مرۆڤ بێ.. ئەو سزدانەش کە بێ رێزییەکی زۆر گەورەیە بە مرۆڤ تەنیا لە هزر و بەرنامەی ئیسلامدا هەیە! پاشان دوو سێ کورتە قسەی محەمەدت هێناوەتەوە کە هەر دەڵێی نیوە دێرە شیعرەکانی سەردەمی جاهیلیین ئەگەر کەسێک ئارەزووی بەدواداگەڕانی هەبێ ئەوا دەقی یەکەمی شیعرەکان دەدۆزێتەوە و بۆی دەردەکەوێ کە قسەکانی محەمەد تەنیا ئەوەن کە بە کلک و گوێ کراویی و بە ناوی خۆیەوە بە موسلمانانی فرۆشتوونەتەوە.. هەر پاش ئەمانەش ئەم جارە فەرموودەیەکی درێژەدادڕی بەم جۆرە هێناوەتەوە: ((هەر کەسێک مەی بخواتەوە و سەرخۆش بێت ئەوا نوێژی چل بەیانی لێ وەرناگیرێت، ئەگەر بەردەوام بێت، لەسەر مەی خواردنەوە، بمرێت ئەچێتە ئاگرەوە، وە ئەگەر تەوبەی کرد، وازی هێنا خوای گەورە تەوبەکەی لێ وەردەگرێت، وە ئەگەر گەڕایەوەسەری و سەرخۆش بوو، نوێژی چل بەیانی لێ وەرناگیرێت، ئەگەر بمرێت لەسەر ئەوە، ئەچێتە ئاگرەوە . ئەگەر

**تەوبەی کرد و، وازی هێنا خوای گەورەش تەوبەکەی وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر لەدوای ئەمە گەڕایەوە سەر خواردنەوەی مەیی و سەرخۆش بوو بەراستی، هەقی خوای گەورەیە لەرۆژی قیامەتدا (ردغة الخبال)ی دەرخوار بدات.)) جا مام سۆرانیش لەولاوە دێتەوە و کلاشەکەی دەدڕێ و هیچیشی پێ نابڕێ.. توو ویژدانت - کە نیتە - ئەمە هەر لە (هەقایەتی مەرۆکە و بزنۆکە) یان (هەقایەتە مێشۆکە)کەی لای خۆمان ناچێ!؟ کوڕە دەبڵێ بەڵێ.. خۆ بەمە کافر نابی.. باوەڕ بکە تەنیا بەوە کافر دەبی کە هاوتایەک بۆ شتێک پەیدا بکەی کە خودی شتەکە بوونی نییە!**

**لە کۆتایی ئەم بەشەیدا ئیدی قسەی دووبارە ناکاتەوە بەڵام لەسەر قسەی پێغەمبەرەکەی و پێغەمبەرەکەشی لەسەر قسەی خودایەکەی و خودایەکەشی لەسەر قسەی (هیچ!)ێک** - چونکە وەک خۆیان دەڵێن لە سەرەوەی خودا جگە لە هیچ هیچیتر نییە! - **لێکدانەوەیەکی هەیە و دەفەرمووێ:** ((**بەکورتی لەئایینی پاک و بێگەردی ئیسلام دا مەیخواردنەوە کارێکی حەرامە و هەر کەسێکیش بیخواتەوە سزای تایبەتی لەدونیا و پاشە ڕۆژدا بۆ دانراوە)) باشە ئەوە زانیمان سزای پاشەڕۆژ** (**طبنة الخبال)ەکەیە کە خودا دروستی کردوە.. ئەی دەبێ لەم دونیایەدا سزاکەی چی بێ؟** رەنگە ئەگەر خۆت نەبان نەکەی **بڵێی زۆر سزا هەن وەک گومڕابوون و نەخۆشیی و برسیێتیی و کوژران و ئابڕووچوون و نائاسوودەیی و... هتد.. کەچی بە پێچەوانەوەوە وەک دەیبینین زۆربەی ئارەقخۆرەوە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان ئەم گرفتانەیان - بە** لای تۆوە ئەم سزایانەیان - **نییە یان زۆر کەمن و زۆربەی ئارەقخۆرەوە هەژار و چەوساوەکانیش ئەم گرفتانەیان گەلێک زۆرە.. لێرەدا ناهێڵین بابدەیتەوە و بڵێی ئەوەی لەم دونیایەدا سزا نەدرێ ئەوا لە پاشەڕۆژ لەو دونیادا سزا دەدرێ.. چونکە تۆ گوتووتە ((سزای تایبەتی لەدونیا و پاشە ڕۆژدا بۆ دانراوە)) واتە لێرە و لەوێ سزا دەدرێ.. بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەستەوەستان دەمێنیتەوە هەر مل نادەی و بە ناچاریی دەڵێی بابە ئەمانە رەش بوونە و هیچ شتێک کاریان لێ ناکا! بێ گومان ناکرێ باوەڕ بە راستیی بهێنی چونکە لەسەر مەبدەئی (بشفڕی هەر بزنە، بشتڕی هەر قەلە) دەئاژۆی، جگە لەمەش بە پێی ئەم قسەیەی دواییت دەردەکەوێ کە خوداش بۆی ناکرێ کار لە رەشبووان بکا.. کەواتە یان**

دەبێ تۆ بە کافریی بمری چونکە بە پێی قسەی خۆتان هەر کەسێک بڵێ خودا توانای کارێکی نییە ئەوا گومڕا دەبێ و بە کافریی دەمرێ بەڵکە خودا توانای هەموو کارێکی هەیە و هیچ جوولە و کارێکیش بە بێ ئەو ناکرێ - تەنانەت مرۆکوژیی و چەوسانەوە و برسیێتیی و... هتد - یان دەبێ خودایەکەتان لە بنچینەدا بوونی نەبێ چونکە بە تێڕوانینی خۆتان ناکرێ و نابێ ئێوە خودایەکی کەم تواناتان هەبێ و نەتوانێ کار لە رەشبووان بکا، باشترە لێرەدا واز لەم ناکۆکییە چارهەڵنەگرانەتان بهێنین و بە کورتیی بڵێین؛ ئەگەر یەک تۆز هۆش بەکاربهێنی ئەوا دەتوانی هەندێک بە وردیی سەرنج بدەی و بۆت دەربکەوێ کە خودایەکەی تۆ هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنچینەی ئەوە داتاشراوە کە لایەنگیری دەسەڵاتی چەوسێنەران و تێکڕای دەوڵەمەندان بێ.. یەک تۆز هۆش بەسە.. یەک تۆز.

# چوار بابەت و چوار قسە.

نووسەری بە توانا و گەورەمان جگە لە بابەتە بە بڕستەکانی تری چوار بابەتی پڕ داهێنانیشی هەر لەم نامیلکە بەناوبانگەیدا بەم ناوانە بڵاوکردۆتەوە ((عەرەق و زیانەکانی لە روانگەی پزیشکییەکانەوە))، ((پێکهاتەی "عەرەق"))، ((دیاردە خراپەکانی عەرەق لەسەر مەیخۆر!))، ((خواردنەوەی "مەیی" و دەرئەنجامە خراپەکانی)) کە بە راستیی لە کاری سادەی نووسین - کە کارێکی دەستکردی نووسەرانە - ناچن بەڵکە هەر دەڵێی ئافەریدەیەکی سروشتیین و داڕژاونتە سەر کاغەز.. پێویستە ئەوەش بڵێین کە نووسەری پایەبەرزمان جگە لەوەی وەک پێشبینیکەرێک و پەیامبەرێک رێنیشاندەر و پێشەوای ئۆمەتی مەزڵووم و موسکینی کوردە.. پرۆفیسۆری دامەزرێنەری زۆربەی زانستگایە جیهانییە بەرزەکانی وەک زانستگایەکانی (خەتێ و ماخۆبزنان و هەڵەبجە و خورماڵ و... هتد)شە و لە پاش ئەوەی کە ساڵەهای ساڵە خەریکی پرۆژە و ئەزموونە پزیشکیی و زانستیی و کۆمەڵایەتییەکانیەتی ئێستا بە قوەتی قادیر بە پەلەپروزێ دەستی موبارەکی شۆردوە و بە سەرکەوتنێکی گەورەوە لە سالۆنەکانی تاقیگەکەی هاتۆتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەرچی زووترە کۆمەڵگای چەوساوەی مرۆڤ لەبەردەستی موناڧیقان و موقاتیلان و موفسیدان و موشریکان و... هتد رزگار بکا.. ئەم نامیلکەیەشی کە ئێستا ئێمە دەینرخێنین بەرهەمێکی زۆر بچووکی ئەم ماندووبوونەیە کە تیۆر و دەرئەنجامە دۆزراوەکانی بە چەندین پەرتووک و نامیلکەی تر تەواو نابن.. ئەگەر خوا یار بێ و رۆحی پیرۆز و فریادڕەسی ئەومان بۆ بهێڵێ ئەوا دیدارمان بەوانیش شاد دەبێ، هەر بۆیە ئێمە لە دەستمان نایێ و ناتوانین خۆ لە قەرەی ئەم چوار بابەتە پڕ زانستە بدەین.. تەنیا ئەوە نەبێ کە دەمانەوێ چوار قسەی بچووک لە حزووریدا بکەین:

١- کاکی (باش کاتب).. ئەگەر خۆت دەنا ئێستا هیچ خوێنەرێک بەو ئەندازەیە نەزان و ساویلکە نییە کە دەتەوێ بە چەند ناو و زاراوەی پزیشکیی و زانستیی بیانیانە وەک ناوی نەخۆشیی و داودەرمان و ئەندامەکانی لەش و کردارەکانی و... هتد بیخەڵەتێنی.. چونکە ئەم شتانە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەروەردە و فێربوون دەخوێندرێن و پێویست ناکا تۆ بە سەقەتیی بەکاریانبهێنی و هیچ سوودێکیش بە جێبەجێکردنی مەرامە خراپەکانی تۆ ناگەیەنێ.. ئەگەر تازەش فێریان دەبی ئەوە خەڵک لەمێژە دەیانزانێ.. دواییش ئەو دەزگا و ڕۆژنامە و کەناڵە ڕاگەیاندنانەی تۆ زانیارییەکانت لێ وەرگرتوون بایەخێکی ئەوتۆی زانستییان نییە کە بتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ.. جگە لەمەش ئەم کەناڵانەی کە ناوت بردوون لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی و دەرئەنجامی لێکۆلینەوەکان پێش هەموو شتێک ڕەچاوی قازانج و بەرژەوەندییەکانی چەوسێنەران و سەرمایەداریی جیهانیی بە تایبەتییش ئەمەریکا دەکەن و هەر ئەوانیش تا ئێستا بوونەتە ڕێگر لەبەردەم پەرەسەندنی دەیان دەستکەوتی زانستیی وەک (کۆپیکردن)، (دۆزینەوەی چارەسەر بۆ چینی ئۆزۆن)، (دۆزینەوە نیوکلیارەکان)، و... هتد کە سوودبەخشن بۆ مرۆڤ و ژینگە.

٢- لە شوێنێک دەفەرمووی: ((هەر لەو سەرەتایانەشەوە کە زانستی پزیشکی بەرەو پێش نەچووە، ... هتد)) تۆ کە لات وایە ئایەت و فەرموودەکان زانستی تێکڕای بوون و بوونەوەری تێدایە.. ئەی بۆچی لەو سەردەم زانستیی پزیشکیی بەرەو پێشەوە نەچووە؟ باشە خۆ خوایەکەی تۆ (ئەڕحەمولڕاحمین)ە .. ئەی بۆچی چارەسەری - بە لایەنی کەم - ئەو خەڵکە باوەڕدارە دەردەدار و وەرمگرتوە بێ چارانەی ئەو سەردەمی نەدەکرد؟ هەر هیچ نەبێ تۆزێک ویژدان بەکاربهێنی باشە.. ئەی پێش ئەوەی کافرەکان و ئارەقخۆرەوەکان ڕادەی کهوول لە ئارەق دەربخەن - کە کارێکی چەند سادەیە - هەموو لاپەڕە زەردەکانی قورئان و فەرموودەکانت هەڵدابایەوە و تێکڕای وشەکانیانت شی بکردایەوە دەتزانی ئەو ڕادەیە چەندە؟ ڕەنگە بڵێی ئەم شتە زانستییانە لە ئەنجامی ئەزموون و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانە وەدەست دێن بەڵام خودا هۆش و هەستەکان و... هتدی پێ داوین و دەبێ باکاریانبهێنین.. بێ گومان ئەم قسەیە

مرۆڤەکانی ناو ئەشکەوتەکانیش دەیانزانی و دەیانکرد و لایان وابووە بەکارهێنانی مێشک شتی نوێتر و باشتر دێنێتە کایەوە.. بەڵام هەر خودی ئەم قسەیە بۆ ئێستا و سەردەمانێکی زۆر پێش ئێستاش گوزارشت لەوە دەکا کە قورئان جگە لە چەندپاتکردنەوەی ئەو زانست و زانیارییانەی کە لە سەردەمەکانی پێش قورئان هەبوون هیچ زانست و زانیارییەکی نوێی تێدا نییە، تۆ سەیرکە لەم چوار بابەتەت لە هەر شوێنێک یەک تۆز پشتت بە زانست بەستبێ ئەوا بە ناچاریی بۆ لای ئەو زانیارییانە گەڕاویتەوە کە کافر و ئارەقخۆرەوەکان دەریانخستوون.. تەنانەت تاکە زانیارییەکیشت لە ئایەت و فەرموودەکان وەرنەگرتوە.. ئەویش لەبەرئەوەی چونکە هیچیان تێدا نییە جگە لەو قسە بێ سەروبەرانەی کە دەڵێن ئارەق حەرامە و هەر کەسێک بیخواتەوە سزا دەدرێ.. جا چاکتر وایە بە هیچ جۆرێک باسی ئارەق و ئارەقخۆرەوەیی نەکەی لە دیدگای ئیسلامەوە چونکە ئیسلام لەوە زیاتر نازانێ کە ئارەق مرۆڤ سەرخۆش دەکا.. دیارە خواردنەوەش هەر بۆ ئەوەیە و کەسێک نییە نەیزانێ و مرۆڤیش هەر خودی خۆی دەتوانێ دیاردەکانی کاتی سەرخۆشیی لە خۆی دەستنیشان بکا و پێویستی بە تۆیەک نییە کە لە مرۆڤایەتیی لاتداوە و بە ناوی ئیسلام هەمان ئەو زانیارییانە لە دەستکەوتە زانستییەکانی خەڵکی ئازاد و زانستپەروەر بدزی و بۆ مەرامە خراپەکانی خۆت بەکاریانبهێنی.

٣- لە شوێنێکی دی دەفەرمووێ: ((بەم رێگایانەش دەتوانرێ خۆ مەنع کردن لەمەی بگەنرێتە بنەبەست : ١- سەرەتا بخرێتە نەخۆشخانە (عەرەق خۆر) بەخۆشی خۆیبێت یان بەزۆر.)) بەڵێ لە کاتێکدا کە وا پیشان دەدا بە شێوەیەکی زانستییانە باس لە کێشەیەک دەکا.. ئا هەر لەو کاتەدا بە بێ ئەوەی هەست بکا پەردەی سەر رووی خۆی هەڵدەماڵێ و رێبازە رەسەنەکەی کە هەر لە سەرەتاوە بەزۆر سەپاوە و تا ئێستاش بەزۆر پارێزگاریی لێ کراوە دەردەکەوێ و بە تەواوییش ناوەرۆکە سەرکوتگەر و تیرۆریستییەکەی دەکەوێتە روو، ئەگەر گریمان ئارەقخواردنەوەش دیاردەیەکی خراپە.. بەڵام هیچ بۆچوونێکی زانستیی رێگا نادا بەزۆر رێ لە دیاردەیەکی خراپی بنبەستبووی ناو کۆمەڵ بگیردرێ چونکە لە لایەک زیانی پتر دەبێ لە قازانج و لە لایەکی تریش هەر کاتێک رێگاگرتنە

بەزۆرەکە نەما ئەوا دیاردەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.. بۆیە بۆ لەناوبردنی دیاردەیەکی خراپی ناو کۆمەڵ سەرەتا دەبێ بە ڕەچاوکردنی کات و شوێن و بارودۆخ و ئەنجامەکان و جۆری دیاردەکە بەرنامەیەکی پەروەردەیی گشتگیر هەبێ بۆ لەناوبردنی هۆیەکانی دیاردەکە ئەنجا هێدی هێدی هۆکاری لەبەرچاوخستن بدۆزرێتەوە بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لێی و پاش هەموو هەوڵێکیش ئەنجا بە شێوەیەکی شیاو جۆرێک لە زۆر بەکارببردرێ کە نە ببێتە هۆی کاردانەوەیەکی خراپ نە هەستی خەڵک بڕووشێنی تا وردە وردە لە بیریان دەچێ و بە یەکجاریی کۆتایی پێ دێ.. بەڵام ئیسلام - هەروەک خۆت دەیزانی - دوورە لە زانست.. بۆیە بۆی ناکرێ بە بۆچوونێکی زانستییانە - کە کاری ئەو نییە - دژی دیاردەیەک بوەستێتەوە کە لای خراپە.. بۆیە خۆ نەبان کردنەکەت لا باشترێکە و چاکیش دەزانی کە هزر و فەلسەفەی بەزۆر سەپاو هەر دەبێ بۆ ئەنجامدانی کارەکان دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرانەی وەک حوکمی ئیسلامی هەبێ.. دەنا بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەچێ وەک ئەوەی کە ئیسلام پاش رووخانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیی عوسمانیی دووچاری هات و تا ئێستاش خۆی نەگرتۆتەوە مەگەر دەسەڵاتە ڕەشەکانی ئەم دواییەی سعودیە و ئێران و سودان و ئەفغانستان و... هتد نەبێ کە بە ئاستەم بارەکەیان بۆ راست کردۆتەوە.. هەر بۆیە ئێستا ئیسلام لە هەموو لایەک بە پەلەپڕوزێ کەوتوە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر چونکە جگە لەوەی پیشەیەکی ڕەسەنی خۆیانە بۆ بوون و دەسەڵاتیان هەروا هەستیشیان بەوە کردوە لەم سەردەمەی ئێستای جیهان هیچ کەسێکی مرۆپەروەر بە خۆشیی خۆی یان بە ئازادیی خۆی گوێیان بۆ ناگرێ و ناهێڵێ بە ئاسانیی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ستەمگەرانەیان.. جا ئەگەر ئێستا - کە تۆزێک دەرفەتی جوولەی خورافە ماوە - نەتوانن ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزی ئیسلامیی دروست بکەن ئەوا پەرپووتتر دەبن و بە یەکجارەکیی بنەوبارگەیان بەرەو مەرگە حەتمییەکەیان دەپێچننەوە، بەڵام دڵنیات دەکەینەوە ئەی کاکی سەرکوتگەر.. هەرگیز ئەم دەسەڵاتەت بۆ دانامەزرێ چونکە تا دێ چەوساوانی تێکڕای جیهان هۆشیارتر دەبنەوە لە لایەک و لە لایەکی تریش تا دێ دەسەڵاتی زەبەلاحی سەرمایەداریی جیهانیی بە هۆی قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی زیاتر دووچاری کێشە و گرفتەکانی خۆی

دەبێتەوە بە جۆرێک کە نزیکە لەوەی لەبەر بەرگریی لەخۆکردن ئاگای لە دەست و پێیەکانی خۆی - وەک ئێوە مانان - نەمێنێ.. بە لۆژیکی هۆشی ئێوەش - ئەگەر بتوانن بە راستگۆیی بدوێن - هەر کە شەیتانی گەورەتان گلۆڵەی کەوتە لێژیی ئەوا ئێوەش فت دەبن!

٤- لە کۆتایی بە شێکیدا دەفەرمووێ: ((لەهەر وولاتێکیش دا رێژەی نادی و دوکانی عەرەق فرۆشی و عەرەق خۆری زۆر بوو، بە دڵنیاییەوە، ئەو وولاتە بەردەوام توشی نا ئارامی و دزی و پیاو کوژی و نەخۆشیجۆراو جۆر دەبێت و تاوانی زۆرتر تێدا دەکرێت.)) هەرچەندە وەک پێشتریش هێمایەکمان بۆ کرد کە روودانی کاری خراپ و تاوان لە ئارەقخۆرەوان پەیوەندیی بە ئارەقخواردنەوەوە نییە بەڵکە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵ و جۆری سیستەمەکە و بنەمای فەرهەنگیی و چینایەتیی کەسە ئارەقخۆرەوەکە.. بەڵام با لەبەر خاتری خاتران ئەوا گریمان ئارەقخواردنەوە دەبێتە هۆی هەندێ تاوان و کاری خراپ.. کەچی ئەم (لێکۆڵەرەوە مەزن!)ەمان هەڵساوە ئەو نموونە و ئامارانەی لەسەر ئارەق و ئارەقخۆرەوەیی هێناوەتەوە کە هی وڵاتێکن بە پێی پێشکەوتنی ژیان تێیدا لە هەموو وڵاتێکی دی دژەمرۆییترە و هەر خۆشی بە ئەنقەست و بێ ئەنقەست دەرفەتی تاوانکاریی و کاری خراپ بۆ ئارەقخۆرەوان و ئارەقنەخۆرەوان دەڕەخسێنێ.. جگە لەمەش ئەو نموونە و ئامارانە قسەی ئەو راگەیەنەرە جاڕچییانەن کە بە پێی بەرژەوەندیی رژێمە چەوسێنەرەکان کار دەکەن کە ئەگەر هەر خوێنەرێکی ئاسایی بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی لەبەردەستدا بێ دەتوانێ بە ئاسانیی ناڕاستیی ئەو نموونە و ئامارانە بسەلێنێ.. بۆ نموونە تۆ دەفەرمووی: - جا لە هەر کەناڵێکی لەو بابەتانەی کە باسمان کردن وەرتگرتبێ - ((پۆلیسی ئەمەریکی ساڵی (١٩٨٥) نزیکەی (٤٦٠٠) کەسی گرتوە کە بەسەرخۆشی سەیارەیان لێخوڕیوە و بۆتە هۆی کوژرانی (٦٥) کەس.)) ئایا ناکرێ هۆکاری کوژرانی ئەم (٦٥) کەسە هەمان ئەو هۆکارانە بن کە بوونەتە هۆی کوژارانی چەندین (٦٥) کوژاراوی تری رووداوی ئۆتۆمۆبێل کە شوفێرەکانیشیان سەرخۆش نین؟ ئەو نموونەیە جگە لە (٦٥) کوژراوەکە باسی هیچ رووداوێکی تر ناکا و تەنیا دەڵێ (٤٦٠٠) کەس گیراون لەبەرئەوەی بە سەرخۆشیی ئۆتۆمۆبێلیان لێخوڕیوە.. هەرچەندە دەکرێ

بڵێین ئەو کوژراوانە هی (٦٥) ڕووداو نین و لەوانەیە لە بیست یان سی یان چل ڕووداو کوژرابن.. بەڵام گریمان هەر یەک لە کوژراوەکان دەخەینە ئەستۆی یەک شوفێر.. هێشتا (٤٥٣٥) شوفێری بێ ڕووداوی کوژران دەمێننەوە.. دیسان لەبەر خاتری خاتران گریمان (٢٥٣٥) شوفێریش تریش لەمانە ڕووداوی بێ کوژران لە دەستیان ڕوویداوە.. خۆ هێشتا (٢٠٠٠) شوفێری بێ ڕووداو دەمێننەوە.. باشە دەبێ هۆی ئەوە چی بێ ئەو (٢٠٠٠) شوفێرە هیچ ڕووداوێک لە دەستیان ڕووینەدابێ کەچی ساڵانە سەدان و هەزاران ڕووداوی بە کوژران و بێ کوژران ڕوودەدەن و شوفێرەکانیشیان سەرخۆش نین؟! لێرەدا ئەگەر بۆت دەرنەکەوتبێ کە کوژران و ڕووداوەکان یەکەم جار پەیوەندیی بە کەسایەتیی شوفێرەکانەوە هەیە نەک سەرخۆشییان.. دووەم جاریش پەیوەندیی بە خراپیی و نالەباریی ڕێگاوبان و نەبوونی نەخشەیەکی ڕێکوپێک لە لایەن حکومەت و فەرمانگەکانی گواستنەوە و هاتوچۆ بۆ فەراهەمکردنی ڕێگاوبانی لەبار بۆ هاتوچۆ و زاڵبوون بەسەر کەموکوڕییەکانەوە هەیە.. ئەوا چیدی پێویست ناکا (زۆر بۆ کەم!) بڵێین تەنیا ئەوە نەبێ کە پێویستە بڵێین ڕاست دەکەی تێکڕای ڕووداوەکانی ئۆتۆمۆبێل بە دەستی شوفێرە ناسەرخۆشەکانیش هەر سووچی شوفێرە سەرخۆشەکانە چونکە بۆنی ئەوانەی دووەم کەللەی ئەوانەی یەکەم پڕ دەکەن و لە ڕوخساریشیان پەست دەبن.. سەرئەنجام لە ڕق و بێزارییاندا ئاگایان لە خۆیان نامێنێ و دووچاری ڕووداو دەبن!

لە کۆتایی ئەم چوار قسەیەشدا دەڵێین.. دڵنیا و ئاسوودە بە کاکی (باش کاتب).. تا برسێتیی و بێکاریی و نائارامیی و سەرکوتگەریی و جیاوازیی چینایەتیی و ڕەگەزیی و... هتد هەبن کە دیاریی دەستی ڕژێمە چەوسێنەرەکانی بەر لە ئێستا و کۆمەڵگای سەرمایەدارییین.. ئەگەر تۆش پڕوپاگەندە نەکەی.. ئەوا خەڵکی تر زۆرن لە ناو ئەم سیستەمە چەوسێنەرە بۆ ئەوەی بە ئەنقەست وا نیشان بدەن کە ئارەقخواردنەوە هۆکاری زۆرێک لە کارە خراپ و تاوانکارییەکانن! بەڵام ئەوەش بزانە کاتێ دەسەڵاتی ڕەشی سەرمایەداریی بە کلکەکانیەوە - وەک دینەکان - ڕادەماڵدرێ و دەسەڵاتی خەڵکی یەکسانییخواز دادەمەزرێ ئیدی ئەو پڕوپاگەندانە کە بۆ شاردنەوەی تاوانی چەوسێنەران ئەنجام دەدرێن

باویان نامێنێ و راستیی ئەو قسەیەی ئێمەش دەسەلمێ کە مەیخواردنەوە بە شێوەیەکی گشتیی جگە لەوەی کەموزۆرێک زیانی تەندروستیی و خەرجیی دەبێ وەک زۆرێک لە خواردن و خواردنەوەکانی تر و جێبەجێکردنی غەریزەکانی تر و ... هتد بۆ خودی بکەرەکە.. نەک هەر نابێتە هۆی هیچ تاوانێک بەڵکە نابێتە هۆی هیچ کردەوەیەکی خراپی ئاساییش کە رێ لە خۆشگوزەرانیی و ئاسایش و ئازادیی و ئاسوودەیی کۆمەڵ دەگرێ.. چونکە لەوێ - لە ناو دەسەڵاتی یەکسانییخوازییدا - مەیخۆرەوان لە تێکڕای کاتەکانی ژیانیاندا نە برسین نە سەرکوتکراون بۆیە دەربەستی هیچ نابن و یاسا و رۆشنبیریی سۆشیالیستیی و دەسەڵاتی رژێمەکەشیان بە گشتیی نە هانیان دەدا بۆ کاری خراپ نە دەرفەتیش دەڕەخسێنێ بۆ کاری خراپ و تاوانکاریی بەڵکە بە پێچەوانەوە ئەگەر بزانێ لە بارێکی نائاسایی لادانێک هەیە لەم رووەوە ئەوا بە شێوەیەکی زانستیی و مرۆییانە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا.. لە هەمان کاتیشدا بەرنامەیەکی ئاوەها دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات نەک هەر زیانە خەرجیی و تەندروستییەکانی مەیخواردنەوە بەڵکە زیانی تێکڕای خواردن و خواردنەکان و غەریزەکانی تر بە رادەیەک کەم بکاتەوە کە قورساییەکی ئەوتۆ و هەستپێکراویان نەمێنێ لەسەر ژیانی مرۆڤ، جا ئەگەر حەز دەکەی بەو راستییە بگەی ئەوا سەیرێکی بەڵگەنامەکانی ژیانی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ئەو رژێمە سۆشیالیستە بە کەموکوڕیی و سەرمایەدارییە دەوڵەتییەی سەردەمی سۆڤیەت بکە تا تاوان و خراپەکارییەکانی ئەوێت بە بەراورد لەگەڵ نەک هی دڕندەترین وڵاتی سەرمایەداریی وەک ئەمەریکا بەڵکە لەگەڵ هی وڵاتێکی ئاسایی سەرمایەداریی وەک سوێد - کە دیموکراسیی چەوسێنەر لەوێ دڕندەیەکی بێ هێزترە - بۆ دەربکەوێ.. کە بێ گومان نەک هەر جیاوازییان ئاسمان و رێسمانە بەڵکە دەتوانین بڵێین تاوان و خراپەکاریی لە هی یەکەم بە گوێرەی هی دووەم هەر بوونی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی گرفت و کێشەی تۆ ئەوە نییە کە ئایا ئارقخواردنەوە زیانی هەیە یان نا و ئەگەر هەیەتی لە رژێمێکی چەوسێنەر و رژێمێکی بێ چەوسانەوە چۆن و چەندن.. بەڵکە ئەوەیە کە ئیسلام دەڵێ حەرامە و براوەیە.. تۆش لەبەر بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆت دەقاودەق پەیڕەوی دەکەی و بە هیچ جۆرێک ئەگەر راستییشت بۆ روون بێتەوە هەر ناتوانی لە بەرنامە رەشەکەی

**ئایەت و فەرموودەکان و ئیجتیهادی پووتە مەلایە سەرلێشێواوەکان** - کە ئێستا پێشرەوی تۆن لە ناو بزووتنەوە و رەوتە ئیسلامییەکانی تر - **لابدەی.**

## ((ئاڵای ئازادی))یش
## جاروبار لەسەر دڵی سەلەفییەکان دەچەقێ.

هەرچەندە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ریزی ئەو ڕۆژنامە بەکرێگیراوانەدا نییە کە هەندێک لە حیزبەکان لە دەرەوەی خۆیان بە ناوی ڕۆژنامەی ئازاد و سەربەخۆ یان بە ناوی ڕێکخراوێکی قولابیی سەر بە خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و راگەیاندنەکانیان دروستیان کردوون.. بەڵام ئەویش جگە لەوەی ڕۆژنامەیەکی ئازاد نییە وەک هەر ڕۆژنامەیەکی تری حیزبیی بەڵگەنامەی حیزبێکە ئەویش (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) کە حیزبێکی ناسیونال لیبرالە و زۆربەی ئەندامەکانی سەر بە توێژی وردە بۆرژوا و جوتیاری پاشماوەی قۆناغی دەرەبەگایەتیی کوردستانن، دیارە ڕۆژنامەیەکی ئاوەها هەر تەنیا لە خزمەتی لایەنی ڕۆشنبیریی و راگەیاندنی تەسکی حیزبەکەیدا دەبێ.. بەڵام لەبەرئەوەی تا رادەیەک بۆنی هزری سۆشیالیستیی و لایەنگیری خەڵکانی زەحمەتکێشی لێ دێ.. جاروبار ئاڵاکەیان دەچەقێتە سەر دڵی ڕەشی سەلەفییەکان.

ڕۆژنامەی ناوبراو لە ژمارە (٣١٢)ی ڕۆژی دووشەممەی (١٩٩٩\٥\١٧)ی خۆیدا ریپۆرتاژێکی بە ناوی (لە مەملەکەتی مەستاندا) لە ئامادەکردنی (کەریمۆک) بڵاوکردەوە و سەرنجی خوێنەرانی بۆ خۆی راکێشا.. جا ئەگەر بەرپرسانی ڕۆژنامەکە بە ئاگایی ئەوەیان کردبێ یان بە بێ ئاگایی و پەشیمانن لەوەی کردوویانە یان پێی لەسەر دادەگرن ئەوا هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ئازایەتییەکی ڕۆژنامەنووسییە بە گوێرەی ئەو بارە ڕۆژنامەگەرییەی لە کوردستان هەیە.. هەر ڕۆژنامەیەک خۆی بە ڕۆژنامە بزانێ پێویستە پەردە لەسەر ئەم گۆشەیە و زۆر گۆشەی لەبیرکراوی تری لەو بابەتەی ناو کۆمەڵ هەڵبداتەوە کە بە هۆی داب و نەریتە بۆگەنەکان و یاسا کۆنەپەرستییەکانی دەسەڵات و هزری ڕەشی

**سەلەفییەکان قڕوقەپی لێ کراوە.**

**شایانی دەستخۆشیی لێکردنە کە رۆژنامەی ناوبراو جاروبار خۆی لەو گۆشە لەبیرکراوانەی ناو کۆمەل دەدا.. بەڵام ناشکرێ ئەوە لەبیر بکەین کە هەر حیزبە خاوەن ئیمتیازەکانی ئەم رۆژنامە حیزبییانەن بوونەتە رێگر لەبەردەم پەیدابوونی رۆژنامەی ئازاد و ناحیزبیی و سەر بە گەل کە دەتوانن بە شێوەیەکی پێویست باس لەو گۆشە لەبیرکراوانە و زۆر بابەتی پێویستی خەڵک بکەن.. جگە لەمەش کۆمەڵێ رۆژنامەنووسی بەکرێگیراویان لەبەردەمی رۆژنامەنووسە ئازادییخوازەکان قوت کردۆتەوە و لە کاتی بەرەنگاربوونەوەشیان به ئاگر و ئاسن وەڵامیان دەدەنەوە** - ئەم وەڵامدانەوانە بە پلەی یەکەم لە لایەن حیزب و رێکخراوە ئیسلامییەکان و بە پلەی دووەمیش لە لایەن هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارە زلهێزەکە ئەنجام دەدرێن -، **دوا قسەشمان بۆ بەرپرسانی رۆژنامەکە** - راستترە بڵێین بۆ بەرپرسانی حیزبەکە - **ئەوەیە کە ئەگەر لەبەر هیچ نەبێ ئەوا لەبەر خاتری ئەو ناوە ئازادییخوازانەیەی رۆژنامەکەیان** - ئاڵای ئازادی - **تۆزێک ئازادیی بدەنە رۆژنامەکەیان و نووسەرانی بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسە ئازادییخوازاەکان نەکەونە سەنگەری رووبەڕوویان و رۆژنامەکەشیان لە پاشەڕۆژ نەکەوێتە ریزی لاپەڕە رەشەکانی مێژوو.. دەستخۆشیی لە هاوپشتی مەملەکەتی مەستان و دوژمنی مەملەکەتی کۆنەپەرستان دەکەین.**

# چەند تێبینییەک بۆ ئامادەکاری ریپۆرتاژەکە.

سەرەتا دەمانەوێ (کەریمۆک)ی ئامادەکاری ریپۆرتاژی (لە مەملەکەتی مەستاندا) وا تێنەگا قسەکانمان لەسەر رۆژنامە و رۆژنامەنووسە حیزبییەکان ئەویش دەگرێتەوە.. چونکە ئێمەش تا ئەو رادەیە دەیناسین کە ئەو رۆژنامەنووسێکی ناحیزبییە و ناشیەوێ بە هیچ جۆرێک خزمەت بە حیزبایەتیی بکا.. بەڵام لەبەرئەوەی ئەویش کارمەندێکی رۆژنامەکەیە بیەوێ و نەیەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان خزمەت بە رەوتی رۆژنامەکە دەکا جا چاک یان خراپ، دەربارەی ریپۆرتاژەکەش.. وێرای دەستخۆشیی لێکردن ئەم تێبینییانەی خوارەوەشمان دەخەینە بەرچاوان:

١- بە پێی تێروانینی یاسایەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان تەنیا لە کۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوسانەوە دەتواندرێ ئازادیی کۆمەڵایەتیی پەیڕەو بکرێ، بەڵام لەبەرئەوەی تا ئێستا مرۆڤایەتیی کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە پێگەیشتوو و تەواوەی بەخۆیەوە نەبینیوە و چەوسێنەرانیش هەموو هێز و توانایەکی خۆیان خستۆتەگەڕ بۆ سەرلێشێواندنی خەڵک لە تێکڕای بارەکانی ژیان.. هێشتا زۆربەی خەڵک گومان لە راستیی و دروستیی ئەم قسەیەی سەرەوە دەکەن، هەرچەندە ئێستا ئێمە لە کۆمەڵگایەکی ئەوپەڕی دڕندەییدا دەژین.. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ و پێویستیشە ئەوپەڕی ئازادیی بدرێ بەو کەسانەی کە لە پێناو ئازادیی تێدەکۆشن بەڵام ناکرێ بەرامبەر دوژمانی ئازادیی هەمان هەڵسوکەوت بکرێ.. کەچی تۆ هاتووی نەک هەر رێگەت داوە بەڵکە خۆت دەرفەتت رەخساندوە پڕپووچترین قسەی دژ بە ئازادیی وەک "مەی و ژن هەردووک بە حەرامی خۆشن." یان "بۆیە دەخۆمەوە تا هەموو دونیا لە پێکەم بە خوا و شەیتانەوە." یان و... هتد لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە بڵاوببنەوە و ببنە ماڵ بەسەر هەموو ئەو مەیخۆرەوانەش کە ئەم

قسانەیان لێ ناوەشێتەوە.. ڕەنگە لێرەدا بڵێی ئاخر مەسەلەکە پەردە هەڵدانەوەیە لە ڕووی گۆشەیەکی لەبیرکراو و بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمان و خەڵکیش ڕاستگۆ بین دەبێ دەقاودەق چۆنە ئاوەها بڵاویبکەینەوە.. بەڵام ڕۆژنامەنووس قسەگێڕەوە یان حیکایەتخوانی دانیشتنی چەند دۆستێک نییە بەڵکە کاتێک دەیەوێ واقیعێکی شاراوە یان بڤە نیشان بدا دەبێ بە نەخشە و هێزێکی ئەوتۆ نیشانی بدا دوژمنان نەتوانن بیقۆزنەوە.. ئەگەر قۆزتیانەوەش نەتوانن وای لێ بکەن واقیع نیشاندانەکە زیانی پتر بێ لە نیشان نەدانەکە.. بۆ نموونە تۆ دەتتوانی هەندێک لەو پرسیارانەت لە کاتی ناسەرخۆشییشان لێ بکردبان و وەڵامەکانیانت وەک بەراورێک بڵاوبکردایەوە کە بێ گومان ئەگەر وەڵامەکانیان پووچتر نەبوونایە لە وەڵامەکانی کاتی سەرخۆشییان ئەوا دەتوانین بڵێین هەر هەمان وەڵام دەبوون بەڵام بە شێوەیەکی پەردەپۆشکراو.. بەمەش بۆ خوێنەر دەردەکەوت کە قسەی پەردەپۆشکراوی کەسێک لە کاتی ناسەرخۆشیی و قسەی بێ پەردەی هەمان کەس لە کاتی سەرخۆشیی یەک ناوەرۆکیان هەیە بەڵام دەسەڵاتی چەوسێنەر لەوەی یەکەم ڕێگا نادا هەر قسەیەک بە ئاشکرایی بکرێ و لەوەی دووەمیش خۆی دەرفەت دەڕەخسێنێ قسەی زیاد لە پێویست و بە ئاشکرایی بکرێ.. بەم جۆرە کەموکوڕیی و لاوازییەکانیان لە کاتی ناسەرخۆشییشیان دەردەکەوت و لەسەر کەسانی ئازادییخواز و پێشکەوتوو کە لە کاتی سەرخۆشیی و ناسەرخۆشیی هەمان ڕەفتار و گفتاری ئازادییخوازانە و مرۆڤپەروەرانەیان هەیە نەدەبوونە ماڵ.. یان دەتتوانی لە جیاتی ئەو پرسیارانەی کردووتە - کە زۆربەیان لە هەر کەسێک بکرێن و کەسەکەش لە هەر بارێک دابێ.. هەندێک هەستی خۆپەرستیی و بێ هوودەیی لا دەووروژێنێ و دووچاری هەندێک وەڵامی سەرزارەکیی و بێ بایەخ دەبێتەوە - چەند پرسیارێکی ترت ئاراستە بکردانایە کە خودی پرسیارەکان ببوونایە هاندەرێک بۆ ئەوەی خۆیان هەست بە لێپرسراوییێتیی قسەکردن بکەن و گرنگیی بە بابەتەکە بدەن و ڕێزی بەرامبەر بگرن و پەیڕەوی شێوازی چاوپێکەوتن بکەن و... هتد بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ ئەگەر نەتوانن بە شێوەیەکی ڕێکوپێکیش گوزارشت لە خۆیان بکەن ئەوا دووچاری هەڵە و قسەی بێ سەروبەر نەبن.. یان دەتتوانی و یان دەتتوانی و... هتد.

**٢- ئەگەر رۆژنامەنووسێک بیەوێ گۆشەیەکی لەبیرکراوی ناو کۆمەڵ بخاتە روو پێویستە وەڵامی دروستی کۆمەڵێک پرسیاری لەم بابەتانەی لە لا هەبێ: ئایا ئەم گۆشەیە بۆ لەبیرکراوە؟ لەوەتەی هەیە لەبیرکراوە یان ماوەیەکە؟ کێ یان چ لایەنێک وای کردوە لەبیر بکرێ؟ مەبەست چی بووە لێی؟ ئەگەر ئەم گۆشەیە بخرێتە روو چی روو دەدا؟ مانەوەی وەکو خۆی چەند خراپە و چەند چاکە؟ ئەگەر خرایە روو ئەنجامە چاک و خراپەکانی بە سوودی کێ و بە زیانی کێ تەواو دەبن؟ مەبەستی خستنەڕووو هەر بۆ خستنەڕووە یان بیرکردنەوەیەکی لە ژێر سەردایە؟ و... هتد لەگەڵ ئەوەی وەک خۆت دەڵێی ریپۆرتاژەکەت ماندووبوون و کاتێکی زۆری ویستوە تا ئەنجام دراوە.. کەچی وا پێدەچێ زۆر کەم رەچاوی ئەو پرسیار و ئەگەرانەی سەرەوە و چەندانی تر کرابێ.. دەنا نەدەکرا تۆ بۆ خستنەڕووی گۆشەیەکی ئاوەها کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی تێدایە تەنیا چەند کەسێکی ناو توێژۆکەیەکی زۆر کەمی ناو توێژێک وەربگری.. ئەو کەسانەش کۆمەڵێک ئەدیب و هونەرمەندی سەرلێشێواو بن و زۆربەیان بە رایەڵێک لە رایەڵەکان بە دەسەڵاتی دژ بە کرێکاران و زەحمەتکێشان و هزری یەکسانییخوازیی بەسترابنەتەوە.. بەم پێیە تۆ نەتتوانیوە بچیتە ناو مەملەکەتی مەستان چونکە ئەو مەستە نابراوانە قوژبنێکی زۆر بچووکی مەملەکەتی مەستانن و بە ئاستەم نەبێ ناتوانن گوزارشت لە گشت مەیخۆرەوان بکەن.**

**٣- زۆرێک لەو کەسانەی تۆ چاوپێکەوتنت لەگەڵ کردوون هەر خۆیان هێزێکی رۆشنبیریی زۆر لاوازیان هەیە.. تۆ هاتووی بە بڵاوکرنەوەی قسەکانیان یەکجاریی لە قوڕت بردوونەتە خوارەوە، رەنگە لێرەدا بڵێی ئەم دووپاتکردنەوەی تۆش بەم دابەزینە زیاتریش لە قوڕیان دەباتە خوارەوە.. بەڵام من دەڵێم نەخێر چونکە تازە کار لە کار ترازاوە.. لە قوڕ بردنە خوارەوە لەوە زیاتر دەبێ چی بێ کەسێک لە ناو چاوپێکەوتن هاوار بکا و بڵێ خەڵکینە من کەرم یان یەکێکی تر بڵێ من دەمەوێ هەموو خەڵک لەپێکەم.. و... هتد و تۆش لە رۆژنامە بۆیان بلاوبکەیەوە، لەوانەیە بێدەنگبوونیش لێیان وایان لێ بکا لە خۆیان نەگەن یان بە خۆیان بنازن و هەوڵ بدەن ئەو قسانەیان لە ژیانی بە کردەوەشیان جێبەجێی بکەن و چەندی لە تواناشیاندا هەبێ خەڵکی تر لە ریزەکانی**

خۆیان کۆبکەنەوە، جگە لەمەش تۆ لە چاوپێکەوتنەکاندا چەندی بۆت کرابێ شانۆگەریی ئاسا سیناریۆشت بۆ نووسیون.. من وای بۆ دەچم لەبەرئەوەی تۆ لە هونەری شانۆ و سینەماش کار دەکەی لەوانەیە ئەگەر رووپەڕی رۆژنامە وەک تەختەی شانۆ و شاشەی سینەما بشیابووایە و بە بەریەوە هەبووایە ئەوا تێکڕای دیمەنەکانی چاوپێکەوتنەکان و بارەکانی سەرخۆشییانت بە پێک هەڵدان و رشانەوەکانیشەوە دەخستە سەر لاپەڕەی رۆژنامە تووشبووەکەی ئالآی ئازادی! لەوانەیە خۆشت باش بزانی لە هەندێک چاوپێکەوتندا قسەی هێندە بێ سوود کراون بە هیچ جۆرێک بە کەڵکی ئەوە نایێن بیانخەیتە سەر لاپەڕەی رۆژنامە.. ئەمە لەبەرئەوە نا کە تۆ یان خەڵکانێک دژی ئەو قسانەن.. بەڵکە قسەکان بە هەموو بارێک بێ کەڵکن و پێویست ناکا خوێنەریان پێوە خەریک بکرێن..

بۆ نموونە کاتێک لە یەکێک دەپرسین: "لە ناو شاری سلێمانی چەند سینەما هەیە؟" پرسیار لێکراو وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: "بە خوا هەر بە قەد جارانە لەبەرئەوەی حکومەت گرنگیی بە شارەکەمان نادا سینەما زیادی نەکردوە."! ئەم وەڵامە و سەدان وەڵامی بێ سەروبەری تر چ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ وەڵامەکانی ئەو هونەرمەند و ئەدیبانەی تۆ چاوپێکەوتنت لەگەڵ کردوون، دواییش بۆ رۆژنامەنووسێکی پێشکەوتنخواز دەشێ قسە کۆنەپەرستیی و دژە مرۆییەکان بڵاونەکاتەوە تەنانەت ئەگەر ئەو قسانە سەنگایی خۆیشیان هەبێ وەکو قسە.. ئەو بڕوبیانووانەش کە دەڵێن نابێ قسەی جەماوەر بشاردرێتەوە یان نابێ ئازادیی قسەکردن لە خەڵک بسەندرێتەوە یان گۆشەی لەبیرکراو دەبێ وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە یان و یان و... هتد ئەمانە عوزریان لە قەبیحەتیان گەورەترن.. چونکە ئەمە نە ئازادییە نە دەشکرێ لە پێناو چەند قسەیەکی پڕوپووچ زیان بە ئازادیی زۆربەی خەڵک بگەیەندرێ و خوێنەرانیش هەراسان و بێزار بکرێن، پاش هەموو ئەمانەش زۆر ئاسایی بوو ناوی مەیخۆرەوەکان و قسە زۆر پەڕپووتەکانیان بڵاونەکرابایانەوە.. هەر بە پێی قسەی خۆشت: (بەیانی شوێن نەدەما بەدوامدا نەگەڕێن، بۆ ئەوەی بزانن چیان وتوە، دانەبەزێت) مەیخۆرەوەکانیش پێ خۆشحاڵ دەبوون و بەم جۆرەش بە قسەی خۆیان و بە دەستی تۆ تووشی ئەو بەزمە نەدەبوون.

٤- ئەم ریپۆرتاژەی تۆ لەگەڵ ئەوەی بە مەبەستی خستنەڕووی لاپەڕەیەکی ترە لە ژیانی کۆمەڵ لە هەمان کاتیشدا شەڕێکە بەرامبەر سەلەفییەکان کەچی وەک دەیبینین تۆ بە هێزێکی زۆر لاوازەوە چوویتە ئەم شەڕەوە ئەویش هێزی ئەدیبان و هونەرمەندانێک کە زۆربەیان بێ هوودە و داڕووخاون لە ژیان.. لە کاتێکدا تۆ دەتتوانی و ئاساییش بوو - یان هەر دەبووایە و پێویستیش بوو - هەر هیچ نەبێ ئەگەر کەسانی چاوپێکەوتنەکەتنەکانیشت لە رووی پیشەوە هەمەجۆر نەبوون.. کۆمەڵێک ئەدیب و هونەرمەندی ئاوەهات هەڵبژاردایە نموونەی کەسایەتیی بەهێز و پێگەیشتوو و خاوەن هەڵوێستی ئازادییخوازانە و مرۆڤدۆستانە بووایەن.. بۆ ئەوەی مەیخواردنەوە و مەستییان وەک مەیخواردنەوە و مەستیی نیشان بدایە و دەرفەتی کەسێکی فەرهەنگ رەشی وەک (سۆران)یشیان نەدایە بەو جۆرە لە نامیلکەکەیەدا قسان هەڵبزوڕکێنێ کە هەرچەندە نامیلکەکەی لە هەڵخەڵەتاوان زیاتر کەسی تری پێ هەڵناخەڵەتێ و لە کۆمەڵێک بڕوبیانووی بێ سەروبەر زیاتر هیچی تێدا نییە.. بەڵام ئەو کات ئەگەر ویستبای دەست بۆ کارێکی ئاوەها ببا ئەوا دەبووایە بە جۆرێکی ئەوتۆ بکەویتە ناو هەڵە و فرتوفێڵ کردن و تۆمەت هەڵبەستن کە هەڵخەڵەتاوانیش باوەڕی پێ نەکەن و تەمەنی ئەو کارە ناحەزانەشی هێندەی کەمبینیی و کورتبینییەکانی خۆی کورت بێ.

# لەگەڵ درزەنێک رۆشنبیر و پووتە ئاخوندێک.

ئەگەر قسە دوژمنکارییەکانی (کۆیلەی بتە نادیار و نەبووکە - سۆران عومەر -) بەرامبەر تێکڕای مەیخۆرەوان - کە بە رای ئەو بێ هەڵوێست و گومڕا و دژ بە بتەکەی ئەون - تا سەر ئێسکە.. ئەوا قسەکانی ئێمەش بەرامبەر زۆربەی مەیخۆرەوە نابراوەکانی ناو نامیلکەکە - کە بە رای ئێمە بێ هەڵوێست و گومڕا و دژ بە ژیانی نوێ و یەکسانیین - تا سەر مۆخی ئێسکە، جا لێرەدا ئێمە هاوکات لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو قسە دوژمنکارییانە و وەڵامدانەوەیان.. قسەکانی خۆمان سەبارەت بە قسەکانی مەیخۆرەوە ناوبراوەکانیش - بە مەبەستی ئەوەی قسەگەلێکی رەخنەگرانە بن - بەم شێوەیە دەخەینە روو:

## - یەکەم -

**محەمەد موکری (رۆماننووس):**

"مەی و ژن هەر دووک بە حەرامی خۆشن."

دەربارەی ئەوەی کە ژن بە حەرامیی خۆشە.. ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ ئەو (رۆماننووسە پایەبەرزە!) چونکە کەسێکی پیاوسالار و مەیخۆرەوەیەکی دەروون لاوازە.. کەسی پیاوسالاریش تەنیا لە روانگەی ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیەوە تەماشای ژن دەکا و بە خزمەتکاری پیاویشی دادەنێ، ئەوەش سەیر نییە (ژن و مەی) بهێنێتە ریزی یەک و بە یەک چاو سەیریان بکا.. چونکە وەک تێڕوانینی سەرمایەدارێکی دواکەوتوو ئاسا کالای پێ گرنگترە لە مرۆڤ.. دەنا هەرگیز رۆماننووسێک ناتوانێ لە پێناو وەدەستهێنانی ژیان و گوزەران لە بازنەی دەسەلاتێکی دژەمرۆیی بخولێتەوە.. بەلام لەبەرئەوەی ژن بە مرۆڤ نازانێ بۆیە رێ بە خۆی دەدا بە پێی روانگەی خۆی نرخێکی گەورەتری لە مرۆڤ بۆ دابنێ ئەویش جووتکردنیەتی لەگەل کالایەک لە خۆشەویستترین کالایەکانی کە (مەی)ە! دەربارەی ئەوەش کە هەردووکیان بە حەرامیی خۆشن.. لە لایەک دەیەوێ وەک پیاوە گەورەکان لاسایی فەیلەسووفەکان بکاتەوە و بە خۆیەوە بنازێ جا گرنگ نییە تێدەکەوێ یان نا.. لە لایەکی تریش مەبەستی لە وشەی حەرام (حەرامی ئیسلامیی نییە بەلکە - بەوەی کە کەسێکی ئەدەبییە! - بە گوزارشتی هەر شتێک کە هزری باو قەدەغەی کردوە یان هەر شتێک کە خەلک بێزار دەکا بەکاریهێناوە! کەچی ئەم قسەیە لە رووی زانستییەوە ئەوە دەردەخا کە ئەم رۆماننووسەمان کابرایەکی ترسناکە چونکە هەردوو جۆری (سادیی و ماسۆشیی)ی بە توندیی لە کەسایەتییەکەیدا هەیە؛ لە لایەک دەیەوێ بۆ تاموچێوەرگرتن و خۆشییەکانی خۆی ئەشکەنجەی خەلک بدا و لە لایەکی تریش دەیەوێ بەم هۆیەوە خەلک لەعنەتی بکەن و ئەگەر بکرێ شەقبارانیشی بکەن چونکە چەندە ئەشکەنجەی بدەن ئەو هێندە خۆشیی وەردەگرێ و ئاسوودە دەبێ.. دیارە مرۆڤێکی ئاسایی ئەگەر نەخۆشیی

کەسایەتیی و دەروونی نەبێ هەرگیز لای خۆش نییە دوو دیاردەی رۆتینیی وەک سێکس - مەبەستی ئەو لە (ژن بە حەرامیی) تەنیا سێکسەکەیە - و مەیخواردنەوە بە شێوەی ئاشکرایی قەدەغە بکرێن و ئەو هەموو داب و نەریتە بۆگەن و یاسایە کۆنەپەرستییانە رێوشوێن بۆ مرۆڤەکان دابنێن و ببنە بەربەست لەبەردەمیان تا نەتوانن لە هەر کات و شوێنێک ئارەزوویان کرد ئەنجامیان بدەن، بە پێچەوانەوە مرۆڤی ساغ و ئازاد پێی خۆشە و پێی باشە هەردووکیان تا ئەوپەڕی ئازادیی ئازاد بن و ئەگەر ئەنجامدانیشیان بەو جۆرە ئازادییە کەموکوڕییەک یان خراپییەکی لێ بکەوێتەوە ئەوا دەرفەتی پێ بدرێ بە شێوەیەکی زانستییانە چارەسەری بکا.. نەک لە لایەک قەدەغە و مەرجدار و دیاریکراو بن و لە لایەکی تریش بازرگانییان پێوە بکرێ وەک ئەوەی ئێستا لە ناو هەردوو دەسەڵاتی هەردوو کاکی بەڕێزمان (کاک سۆران و کاک محەمەد) بەڕێوەدەچن و بازاڕیان گەرمە.. بەڵام (خوا هەڵناگرێ!) بۆ دەسەڵاتە رەشەکەی (کاک سۆران) بە شێوەیەکی ترە.. چونکە لە (مەزهەبە رافزییەکە)ی ئەوان خواردنەوەی مەی حەرامە و لە جێی ئەودا پارەیان پێ خۆشە و دژ بە حەرامیشن و هەموو شتێکی حەڵاڵیان پێ باشە.. بۆیە ئەم قسەیە لە لای ئەوان ئاوەهای لێدێ (ژن و پارە هەردووکیان بە حەڵاڵیی خۆشن).. بەڵام چ حەڵاڵییەک!؟ دەیانەوێ چوار ژن بۆ یەک پیاو لە ناو چوار دیوار ببەسترێنەوە و لەسەر سونەتی خودا و پێغەمبەری خودا واتە لە ژێر رێنوێنیی ((ئایەتی (٢٢٣)ی سورەتی بەقەرە)) سێکسیان لەگەڵ بکەن کە دەڵێ: ((نساؤکم حرث لکم فأتوا حرثکم أنی شئتم... الخ)) واتە ((ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن و چۆنی دەخوازن بڕۆنە ناویەوە... هتد)) هەروەها بە هۆی سەرەتای ((ئایەتی (٣٤) لە سورەتی نیساء)) کە دەڵێ: ((الرجال قوامون علی النساء... الخ)) واتە ((پیاوان کارساز و سەرپەرشتکاری ژنانن... هتد)) پیاوسالاریی بە رەوا دەزانن بۆ خۆیان.. بۆ ئەوەی ژنەکانیشیان هەر بە خزمەتکاریی و کۆیلەیی بمێننەوە و لە ژێر ئامۆژگارییان دەرنەچن هەر بە درێژەی هەمان ئایەت بە دڕندەترین شێوە سەرکوتیان دەکەن کە دەڵێ: ((... واللتی تخافون نشوزهن فعظوهن و اهجروهن في المضاجع و اضربوهن... الخ)) واتە ((... ئەگەر ژنەکانتان بە قسەیان نەکردن سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن، پاشان مەخەون لەگەڵیان، ئەگەر هەر گوێڕایەڵ نەبوون و ملیان نەدا، لێیان

دەن... هتد))، جگە لەمانە بە چوار ژنەکەش راناوەستن و شاڵاو بۆ ژنانی تریش دەبەن کە بەلای خۆیانەوە حەرامن لێیان.. بۆیە لە شوێنێکی ((ئایەتی (٢٤)ی سورەتی نیساء)) چارەسەری ئەم حەرامییەش دەکەن و هەر بە ئاشکرا سۆزانییخانەیەکی شەرعیی ئیسلامیی بەم شێوەیە دادەمەزرێنن کە دەڵێ: ((... فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن فريضة... هتد)) واتە ((... ئەوەی تاموچێژتان لێ وەرگرت کرێیەکەیان بە ناوی فەرز بدەنێ... هتد))، خۆ ئەوە پێغەمبەرەکەشیان هیچ لێپێچینەوەیەکی لەسەر نەبووە لەم رووەوە.. ئەوەتە (عائیشەی کچی ئەبوبەکری سەدیق) تەمەنی حەفتساڵان بووە کردوویەتی بە دەستگیرانی خۆی و لە تەمەنی نۆ ساڵییشدا گواستوویەتیەوە.. هاوسەرەکانیشی ئەوانەی خۆی داخوازی دەکردن و ئەوانەی خۆیان خۆیان پێشکەش بەو دەکرد و ئەوانەی پشکەشی دەکران و ئەوانەی دەیکڕینەوە و ئەوانەی لە شەڕ بە دیل دەگیران و دەبوونە کۆیلەی خۆی و ئەوانەی ئەویندارییی لەگەڵ دەکردن - چ بێ مێرد چ بە مێرد - و ئەوانەی دەستی بەسەر دادەگرتن و ئەوانەی رەدووی دەکەوتن و... هتد لە ژمارە نەدەهاتن و بە نۆبە دەچووە لایان و هۆڵەبانێکی بە ناوی حەرمسەرا بۆ درووستکردبوون ئەمسەر و ئەوسەری دیار نەبێ.. تەنانەت بە پێی کێشە و ئارەزووە سێکسییەکانی خۆی بەرامبەر بە خەڵک و هاوسەرەکانی ئایەت لە دوای ئایەتی دروست دەکرد و دەمکوتی هەر ناڕەزایەتییەکی دۆست و دوژمنانی پێ دەکردن:

- ((ئایەتی (٥٤)ی سورەتی نیساء)) بۆ دەمکوتکردنی جوولەکەکان کە دەیانگوت: ((ئەگەر محەمەد پێغەمبەر بێ نابێ هێندە مێباز بێ و زۆربەی کاتەکانی خۆی بە بەدواداگەڕانی ژنان بەفیرۆ بدا))!

- ((ئایەتی (٥٠ - ٥١)ی سورەتی ئەحزاب)) لەسەر بەخشینی (دایکی شەریک) بە محەمەد و دەمکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی عائیشەی هاوسەری و ئازادیی بەخۆدانی خۆی بۆ سێکسکردن لەگەڵ هاوسەرەکانی بە بێ نۆبە و بە جۆرێک کە کامیان ئارەزووی گرتی بچێتە لای و کامیانیش ئارەزووی لێ نەکرد نەچێتە لای!

- ((ئایەتی (٢٣)ی سورەتی نوور)) و چەندین ئایەتی تری هەمان سورەت بۆ بەرگرییکردن لە داوێنپاکیی ژنانی بڕوادار بە گشتیی و داوێنپاکیی عائیشە بە تایبەتیی کە لە ڕووداوی (ئیفک) ئەم ژنە جوان و خواناس و قورئان لەبەرەی کچی ("ئەبوبەکری سەدیق"ی یەکەمین و نزیکترین یاوەری پێغەمبەر و یەکێک لە (عەشرە موبەشەرە)ەکان و یەکەمین خەلیفەی ئیسلام) و خۆشەویستترین هاوسەری پێغەمبەری (ئاخیری زەمان)یان بە داوێنپیسیی و رابواردن لەگەڵ (سەفوان)ی ئەمین و سەربازی ئیسلام تاوانبار کرد!

- ((ئایەتی (٣٦ - ٣٧)ی سورەتی ئەحزاب)) دەربارەی خوازبێنیی (زەینەبی کچی جەحش) لە لایەن محەمەدەوە بۆ (زەیدی کوڕی حارس)ی کۆنە کۆیلەی خەدیجە و کۆیلەی ئازادکراوی محەمەد و پاشان وەرگرتنی بە کوڕی خۆی.. ئیدی پەیدابوونی خۆشەویستیی ژێراوژێری نێوان محەمەد و زەینەب و تێکچوونی نێوانی زەینەب و حارس و جودابوونەوەیان و سەرئەنجام ناچارکردنی حارس بۆ خوازبێنییکردنی زەینەب بۆ محەمەد و بە ئاوات گەیشتنیان.. ئەم بێنەوبەردەیەش هەمووی لە ژێر پەردەی ئەوەی گوایە موسلمانان فێربکەن کە دەکرێ هاوسەری زڕکوڕەکانیان مارە بکەن.. ئای لەو بیانووە سەیرە!

- ((تێکڕای سورەتی تەحریم کە (١٢) ئایەتە)) هەمووی تەنیا لەسەر کێشەی (خەوتن)ی محەمەد لەگەڵ (ماریە)ی هاوسەری لە ماڵی (حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتاب) کە ئەویش هەر هاوسەری بووە - شایانی باسە ماریە پێشتر کۆیلە بووە و لە میسرەوە بە دیاریی بۆ محەمەد هاتبوو - و پاشان کێشەکە گەورە بووە و محەمەد ماریەی لە خۆی حەرام کردوە ئیدی قسەوقسەلۆک و نهێنیی درکاندن لە نێوان محەمەد و هاوسەرەکانی و لە نێوان هاوسەرەکانی پەیدا بووە و تانەوتەشەریان لە یەک داوە.. ئەنجا سورەتەکە بە شێوەیەک داتاشراوە بۆ ئەوەی محەمەد ماریە لە خۆی حەڵاڵ بکاتەوە و لە لایەک و لە لایەکی تریش چاوترسێنی تێکڕای هاوسەرەکانی بە تایبەتییش عائیشە و حەفسەی پێ بکا و هەڕەشەی ئەوەیان لێ بکا کە ئەگەر گیروگرفت و پشێویی لەسەر (نۆبەی لەگەڵ خەوتن)ەکانیان و کێشە خێزانییەکانی تر دروست بکەن

**ئەوا خودا لێیان نابوورێ و پێغەمبەریش تەلاقیان دەدا و ناشتوانن بەرامبەر پێغەمبەر بوەستن و کێشەی تری بۆ دروست بکەن چونکە خودا پشتیوانیەتی و کۆمەڵێک ژنی موسلمان و بڕوادار و فەرمانبەر و تۆبەکار و عیبادەتکار و ڕۆژووەوانی لە بێوەژنان و کچان بۆ ئامادە کردوە ئەگەر ئەوان تەڵاق بدا ئەوا ئەمانە بکاتە مێگەلە هاوسەرێکی تر.. هەروەها بۆ زیاتر ترساندنی هاوسەرەکانی محەمەد نموونەی بە هەردوو هاوسەری (نوح) و (لووت) وەک دوو ژنی داوێنپیس و دۆزەخیی و هاوسەری فیرعەون و (مریەمی کچی عیمران) وەک دوو ژنی داوێنپاک و بەهەشتیی هێناوەتەوە!**

**ئەم ئایەتانە و دەیان ئایەتی تری لەم شێوانەی سەرەوە باس لە حەڵاڵیی ژنان دەکەن کە هەر هەموویان بەڵگەی ئەوەن ژنان تەنیا بۆ جێبەجێکردنی پێویستییە سێکسییەکان و خزمەتکاریی دروستکراون .. هەروەک خۆشیان دەڵێن ژنان (زینەی حەیات)ن و لەبەر خاتری پیاوان دروستکراون، واتە پیاو لە پێش ژن هەبووە و پاشان ژن وەک کەلوپەلێکی پێویست بۆ ئەو دروستکراوە، بۆیە وەک دەیبینین هەڵسوکەوتی سێکسیی لای پیاوانی موسلمان هێندە دڕندانەیە جگە لەوەی بە هۆی ئایەتەکانیان ژنان بە کێڵگە و موڵکی خۆیان دەزانن.. ڕێگایان بە خۆیان داوە هەر کاتێ ویستیان بە ئارەزووی خۆیان سێکس لەگەڵ هاوسەرەکانیان بکەن جا بەزۆر یان بە خۆشیی و لە پێشەوە یان لە پاشەوە یان لە هەر بارێکدا بن بەڵام بە هیچ جۆرێک ویست و ئارەزووی ژنەکان لەبەرچاو نەگرن.. تەنانەت موسلمانان -** هەرچەندە بە قسە دژی نێربازیی و منداڵبازیین **- دەستیان لە نێربازییش نەپاراستوە و زۆرێک لە بەرپرسە سیاسیی و یاسایی و عەسکەرییە خاوەن کۆیلەکانی ئیسلامیی لە سەردەمی خەلافەتدا -** جگە لە رابواردن لەگەڵ کۆیلە مێینەکانیان و بە کرێدانیان **- لەگەڵ کۆیلە نێرەکانیشیان رادەبوارد!**

**جا تۆش لە پاش ئەو هەموو بێ ڕێزییەی موسلمانان و پێغەمبەرەکەتان کە لووتکەی ئیسلامە بەرامبەر بە ژنان کردوویانە و ئێوەش پەیڕەوکاری ئەوانن و هەموو جۆرێکی سۆز و خۆشەویستیی لە ئەندامی نێرینەتان دەبیننەوە و هەر کە ئارەزووتان هەڵستا وەک دڕندە**

**لە هیچ شتێک ناگەڕێنەوە.. ئینجا هاتووی بە ناوی رەخنە باس لە مافی ژنان دەکەی و کۆمەڵێک بوختان بۆ (محەمەد موکری) هەڵدەبەستی.. کە دڵنیاین ئەگەر (محەمەد موکری) هیچ گۆڕانێکیشی بەسەردا نەیێ تەنیا وەک ئەوەی کە پڕوپاگەندە بۆ ناسیۆنالیزم و عەلمانییەتی لە بابەتی خۆی دەکا ئاوەهاش پڕوپاگەندە بۆ رەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان بکا... ئەوا وەک چۆن کاتی خۆی محەمەد (ئەبو سوفیان)ی "لە پاش ئەو هەموو خوێنڕشنەی موسلمانانن و باوەڕهێنانە بە ناچارییەی بە ئیسلام" کردە سەرکردەیەکی بەرچاوی سوپای موسلمانان.. ئێوەش ئەو "لەگەڵ هەموو دژایەتییەکانی بۆ ئیسلام" دەکەنە یەکێک لە سەرکردەکانی سوپایە ئیسلامییەکەتان.. یان لەبەرئەوەی محەمەد موکری نووسەرێکە.. وەک چۆن کاتی خۆی محەمەد (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان)ی "لەگەڵ ئەوەی لە ناو دەسەڵاتە زۆردارییەکەی باوکی و خوێنڕشتنی موسلمانان پێگەییبوو" کردە نووسەری سرووش و یاوەری نزیکی خۆی -** کە پاشان هەر ئەو معاویەیە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا بەربووە گیانی ناحەزە کەسییەکانی خۆی وەک "ئیمامی عەلی" نەک دوژمنانی ئیسلام **- ئێوەش ئەو دەکەنە نووسەری فتوایە تیرۆریستییەکانی ئەنجومەنی فتواچییان و نووسراوی نهێنیی و پەیوەندییە گومانکارییەکانی نێوان رەوتە ئیسلامییەکان و دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکانی وەک ئێران و سعودیە و ئەفغانستان و لە سەرووی هەمووانیشەوە ئەمەریکای گەورە دڕندەکەی جیهان.**

**دەربارەی ئەوەش کە محەمەد موکری و مەیخۆرەوان بەوە تاوانبار دەکەی کە گوایە لە سێکسکردن جیاوازیی بە خێزان و مەحرەمەکانیان ناکەن.. دەڵێین:**

**١- ئەم پڕوپاگەندە بێزەوەرە نەک هەر دژی مەیخۆرەوان بەڵکە دژی کۆمۆنیست و عەلمانییەکانیش دەکرا.. بەڵام لەبەرئەوەی هێندە کۆن و داڕزاو بووە هیچ راستییەکیشی لێ وەدەرنەکەوت ئیدی بە هیچ شێوەیەک نەک کارایی لەسەر خەڵک بە گشتیی بەڵکە کارایی لەسەر خەڵکە نەزانەکانیش نەماوە.. بۆیە چاکترە بۆ خۆت بە دوای پڕوپاگەندەیەکی نوێ بکەوی بۆ ئەوەی نان و رۆنێکی پێ بخۆی.**

٢- ئەم دیاردەیەی جیاوازیی نەکردن بە خێزان و ژنەکانی تر پەیوەندیی بە مەیخواردنەوە و سەرخۆشییەوە نییە بەڵکە پەیوەندیی بە رەوشتی کۆمەڵایەتی خەڵکانی هەر جێگایەکەوە هەیە کە دەسەڵاتێک بەڕێوەیان دەبا و هەبوون و نەبوونی ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بە پلەی رۆشنبیریی باوی خەڵکەکە و جۆری دەسەڵاتەکە و پێشینەی کۆمەڵگایەکە کە ئەویش هەر دەسەڵات لێی بەرپرسە، با وەک بەراوردێک دوو وڵاتی وەک سۆڤیەتی پێشوو و ئەمەریکا بە نموونە وەربگرین؛ ئەوەی یەکەم ئەگەر خواردنەوەی تێدا زۆرتر نەبووبێ لەوەی دووەم ئەوا کەمتر نەبووە.. هەر رەوشتێکی کۆمەڵایەتیی بە پێچەوانەی رۆشنبیریی دینیی و ئایدیالیستیی پەروەردە دەکرا لەوەی یەکەم بەڵام لەوەی دووەم رۆشنبیریی زۆرێک لە دینەکان و هزری ئایدیالیستیی نەخشی بەرچاوی هەبوو لە دارشتنی رەوشتی کۆمەڵایەتی.. سێکسکردن لەوەی یەکەم بۆ ژنان و پیاوان زۆر ئازادتر و ئاسانتر و کەم خەرجییتر بوو لە هی ئەوەی دووەم، کەچی ئەم جیاوازیی پێ نەکردنەی سێکسکردن بە خێزان و ژنانی تر لەوەی یەکەم بە بەراورد لەگەڵ هی ئەوەی دووەم زۆر زۆر کەمتر بووە تا رادەی هەست نەکردن بە بوونی.. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دیاردەکە لەوەی دووەم هێندە زۆر بووە دەسەڵاتی ئەمەریکا ناچار بووە بە شێوەیەکی یاسایی رێگا بە باوک و کچ بدا ببنە هاوسەری یەکتری.. کەچی لەوەی یەکەم باسێک لەو بابەتە لە ئارادا نەبووە و پڕوپاگەندەی دوژمنەکانیشیان وەک هێلکەیەکی پیس هیچی هەڵنەهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە هەر رەوشتی کۆمەڵایەتیی دووەمتان پێ چاکترە لە هی یەکەم.. چونکە دووەم پاریزگاریی لە بوونتان دەکەن وەک دین و بە بەکرێگیراوییش وەرتاندەگرن وەک کار و کاسبییەکانتان.. بەڵام یەکەم گورزێکی جەرگبڕی لە هەموو دینەکان وەشاند و دەسەڵاتی سۆشیالیستیی و ژیانی کۆمۆنیستیی ئایندەش رێگا لە هەموو هەڵسوکەوتێکی چەوسێنەرانەتان دەگرێ و سەرلەبەری تەختوتاراجتان دەپیچێتەوە.

هەر لە پاڵ ئەمەشدا کاکی مافپەرپەروەری ژنە حیجابکراوەکان بێ شەرمانە هێرش دەکاتە سەر رێکخراوەکانی ژنان و دەفەرمووێ: ((با ئەو رێکخراو و ئافرەتانەی بەرگری لەمافی ژنان دەکەن و سەنتەری بۆ

**دەکەنەوە دژی ئەم مەسەلە چارەنووس سازییە قسە بکەن ئەگەر ئەوانیش لەپشتی بانگەشەکانیانەوە داوای ئەم لیبرالیەت و فەسادە ناکەن بۆ تێرکردنی غەریزەکانیان بەبێ سنوور و بەدژی شەرع)) دیارە ئێمە** - دوور لە تێڕوانینی تۆ کە هەر لە بنچینەدا باوەڕت بە مافی ژنان نییە بەڵکە باوەڕت بە مرۆڤبوونیشیان نییە - **ئەو رێکخراوانەی ژنان بە رێکخراوی راستەقینەی ژنان نازانین بە تایبەتییش رێکخراوە ئیسلامییەکانی ژنان.. چونکە ئەوان رێکخراوی "قەستەقینە!"ی ژنانن و بە پێی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتیی حیزبەکانیان دروستکراون و دوورن لە ئامانجەکانی ژنان کە لە سەرەوەی هەموویان یەکسانییکردنیانە لەگەڵ پیاوان لە تێکڕای مافەکان ئەویش بە هۆی لابردنی ریشەییانەی تێکڕای جیاوازییەکانی نێوان ژنان و پیاوان کە پیاوسالاران و چەوسێنەران دروستیان کردوون دێنە دی، لە باری ئێستاش دەتواندرێ بە هۆی رێکخراوێکی دوور لە حیزبەکان و پێکهاتوو لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێ بە پێ هەندێک مافی ژنان وەدەستبهێندرێن و بە تەواویی بچەسپێندرێن.. دەنا بە تەمای ئەو رێکخراوە حیزبسالارانە فت لەسەر فت! بەڵام هێشتا هەرچۆنێک بێ هەبوونیان باشترە لە نەبوونیان چونکە:**

**١- بە نەبوونیان کێشەکە دوورتر دەکەوێتەوە.. بەڵام بە هەبوونیان ئەم خولەی بەحیزبییبوونیان هەر سەردەمێک دەخایەنێ و تێدەپەڕێ.. ئیدی ژنان تێدەگەن ئەو رێکخراوانە بۆ مافەکانی ئەوان دروست نەبوونە و وردە وردە هەست بە پێویستبوونی دروستبوونی رێکخراوی دوور لە حیزبایەتیی و یەکسانییخوازیی دەکەن بۆ ئەوەی بە کردەوە مافەکانیان وەدەستبهێندرێن.**

**٢- بە هەبوونی ئەو رێکخراوانە** - هەرچەندە تا رادەیەک سەر لە ژنان دەشێوندرێ و هەستی دەمارگیریی حیزبییان لە لا دروست دەکرێ و هەندێک توانستیشیان بەفیڕۆ دەچوێندرێ - **کەموکورتێک لە مافەکانیان وەدەستدەهێنن و تۆزێکیش لە رووەکانی ژیان بە تایبەتییش لە رووی سیاسییەوە هۆشیار دەبنەوە.**

**٣- رێكخراوه‌ ئیسلامییه‌كانی ژنان به‌ ته‌واویی لای تێكرای ژنان ئاشكرا ده‌بن كه‌ نه‌ك هه‌ر نایانه‌وێ ژنان له‌ باری ئێستایان زیاتر پێش بكه‌ون به‌ڵكه‌ ده‌یانه‌وێ له‌ باری ئێستایان زیاتر به‌ره‌و دواوه‌یان بگێڕنه‌وه‌ چونكه‌ ئه‌ندامه‌كانیان به‌ پێی رێبازه‌كه‌یان خودی خۆیان به‌ مرۆڤی ته‌واو نازانن به‌ڵكه‌ به‌ چوار ژن ئه‌نجا یه‌ك پیاوی لێ دروست ده‌بێ و له‌ شایه‌ددان دووانیان به‌ یه‌ك پیاو حیساب ده‌كرێن و... هتد جا ده‌بێ له‌ رێكخراوێكی ئاوه‌هادا داوای چ مافێك بكه‌ن!؟ مه‌گه‌ر مافی وه‌ده‌رخستنی كاكۆلیان و خۆجوانكردنیان ته‌نیا بۆ به‌رچاوی هاوسه‌ره‌كانیان و مافی هه‌ڵسوڕانی خزمه‌تكاریی ماڵه‌وه‌ و مافی قسه‌كردن له‌به‌رده‌م پیاوان و مافی چوونه‌ په‌رستگایه‌كان و بنكه‌ حیزبییه‌كانی پووچه‌ڵكرندنه‌وه‌ی میشكی ژنان و مافی سێكسكردنی به‌ نۆبه‌ له‌ نێوان چه‌ند هاوسه‌رێكی یه‌ك پیاو.. به‌ كورتیی مافه‌كانی كۆیله‌ییان دوا بكه‌ن!**

**٤- ئه‌و رێكخراوانه‌ی ژنان - جگه‌ له‌ هی ئیسلامییه‌كان - ئه‌گه‌ر به‌ كرده‌وه‌ش زۆر لاواز بن ئه‌وا به‌ قسه‌ شتێك هه‌ر ده‌به‌نه‌ پێش؛ قسه‌ له‌سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌ چاره‌نووسسازییانه‌ ده‌كه‌ن كه‌ جه‌نابی "سۆران" باسیان ده‌كا به‌ڵام به‌ تێڕوانین و به‌ ویستی ئه‌و نا.. قسه‌ له‌سه‌ر مافی قه‌ره‌بووكردنه‌وه‌ی ماندووبوون و ئازار چه‌شتن به‌ سكپڕیی و منداڵ له‌دایكبوون و ئه‌ركی په‌روه‌رده‌كردن و به‌خێوكردنی منداڵ له‌سه‌ر ژن و پیاو ده‌كه‌ن.. قسه‌ له‌سه‌ر وه‌ده‌ستهێنانی هه‌موو مافێك ده‌كه‌ن كه‌ پیاوان هه‌یان.. قسه‌ له‌سه‌ر هه‌موو ئه‌و شته‌ كۆنه‌په‌رستییانه‌ ده‌كه‌ن كه‌ بوونه‌ته‌ هۆی چه‌وسانه‌وه‌ی ژنان وه‌ك فره‌ژنیی و خۆبه‌ده‌سته‌وه‌ نه‌بوون له‌ هه‌ڵبژاردنی هاوسه‌ر و ئیشوكار و خه‌ته‌نه‌كردن و ئه‌تككردن و به‌زۆر سێكسكردن له‌گه‌ڵیان و سزای جیاكردنه‌وه‌ی جێگای نوستن و لێدان له‌ لایه‌ن پیاو و ماره‌به‌جاش و ماره‌یی و گه‌شتی سێكسیی و به‌ناوكردنی منداڵ ته‌نیا به‌ ناوی باوك و خزمه‌تكاریی و میراتی زیاتر بۆ پیاو و سه‌ربه‌ست نه‌بوون له‌ جلك له‌به‌ركردن و گه‌ڕان و ئه‌شق و په‌یوه‌ندییه‌كان و خوێندن و مافی خۆهه‌ڵبژاردن بۆ هه‌موو ئیشوكارێك وه‌ك پیاوان و... هتد.**

**ده‌باره‌ی پاره‌په‌رستیی موسلمانانیش به‌ حه‌ڵاڵی.. ئه‌وا پێویست ناكا**

**هێندە بە درێژیی بچینە ناویەوە چونکە شاراوە نییە و کەس نییە نەزانێ کە زۆربەی پێشەوایانی ئیسلام هەر لە سەردەمی محەمەدەوە تا دەگاتە سەر ئەم رەوتە ئیسلامییانەی ئەمڕۆ هەموو کار و کردەوەیەکیان لە پێناو کۆکردنەوەی سامان بووە.. بەڵگەش بۆ ئەمە کەم پێشەوای ئیسلام هەبووە ژیانێکی شاهانە یان نیمچە شاهانەی نەبردبێتە سەر و لە پاش مەرگیشی زۆرترین زێڕ و پارە و موڵکی تری بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی تر بۆ نەوەکان و خزمان و خێڵەکەی جێنەهێشتبێ.. جا ئەمە پێشەوایەکانیان ئاوەها بوون ئەی دەبێ خەڵکانی تریان - بە** تایبەتیی پیاوە بەردەست و بەکرێگیراوەکانیان - **چۆن چۆنیی بووبن!؟ بەڵام ئێمە نامانەوێ قسەکانمان** - وەک هی سۆران - **سەرزارەکیی بن.. بۆیە ئەم هەڵسوکەوتەیان دەگەڕێنینەوە بۆ بنەما و پێکهاتە سەرەکییەکانی دروستبوونی ئابووریی کۆمەڵگای ئیسلام کە لێرەدا بە کورتیی لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:**

**١- قاچاغچییێتیی: محەمەد بۆ وەدەستهێنانی سامان سلی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە.. بۆیە** - لە تەمەنی (١٥) ساڵ بچووکتر لە خەدیجە - **پەنای بردە بەر خەدیجەی قاچاغچیی ناودار و دەوڵەمەند و مارەی کرد.. ئیدی بە هۆی کاری قاچاغچیی و بەکارهێنانی سامانی خەدیجە ژیان و گوزەرانی بوژایەوە و سەردەمی ژیانی مەککەی پێ بردەسەر.. هاوکات خەریکی بڵاوکردنەوەی هزرە خورافییەکانیشی بوو کە لە ئایەتە داتاشراوەکانی ئەو سەردەم خۆیان دەنواند.**

**٢- ڕێگریی: هەر هزر و فەلسەفەیەک ئەگەر لە پێناو پێویستییە مرۆییەکانی کۆمەڵگا و بەرەوپێشەوەچوونی ژیان نەهاتبێتە کایەوە ئەوا بۆ بڵاوبوونەوە و بنج داکوتانی جگە لە چەتەیی و زەوتکاریی هیچ ڕێگایەکی تری نییە بۆ ئەوەی بنچینەیەکی مادیی بۆ خۆی دابمەزرێنێ، ئیسلامیش کە هزر و فەلسەفەیەکی لەو بابەتە بوو؛ زیاتر لە دە ساڵ بە شێوەیەکی ئاشتییخوازانە و ئارەزوومەندانە و بە ترساندن لە** (ئاگری دۆزەخ!) **و پاداشتدانەوە بە** (بەهەشت!) **بانگی بۆ بەموسلمانکردنی خەڵک رادێرا.. بەڵام گەشەیەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدی و لە رووی مادییشەوە هەر بە لاوازیی مایەوە تا سەرئەنجام بەرەو مەدینە**

**راوەدویان نان.. ئیدی لەوێ بە خۆیاندا هاتنەوە و لەوە دڵنیا بوونەوە کە ئەگەر بنچینەیەکی مادیی - جا بە هەر جۆر و شێوەیەک بێ گرنگ نییە! - بۆ خۆیان بنیات نەنێن ئەوا ناتوانن بژین و تەخشان و پەخشانیش دەبن.. ئەوە بوو لە رۆژی یەکەمی مانگی رەجەب - کە بە پێی داب و نەریتی جاهیلییەکان یەکێکە لە چوار مانگە حەرامەکە کە شەڕ تێیاندا حەرام کراوە.. پاشان بووە بە قسەی خودایەکەی موسلمانانیش - رێیان لە کاروانێکی گەورەی شتومەک گرت و رووتیان کرد و سەرقافلەکەشیان کوشت.. ئیدی دەستیان لە رووتکردنی هیچ کاراونێکی خێڵ و بنەماڵە نەیارەکانیان نەدەپاراست.. بەمەش تا دەهات ژیان و گوزەرانیان باشتر دەبوو و هزری ئیسلامیان پێ دەبوژاندەوە.**

**٣- داگیرکردن: دیارە تەنیا بەو پارەوپوولەی کە لە رووتکردنی کاروانەکان وەدەستیان دەکەوت تێری فروانبوونی ئیسلامی نەدەکرد و نەیاندەتوانی بنچینەیەکی پتەو بۆ ئابووریی ئیسلام دابمەزرێنن.. بۆیە هاوکات لەگەڵ رێگرییەکانیان دەستیان کردە هێرشکردنە سەر خێڵ و بنەماڵە لاوازەکان و هەرچی سامان و موڵک و ماڵیان هەبوو داگیریان دەکردن تەنانەت زۆرێک لە پیاوەکانیشیان دەکوشتن یان بە پارە و باج وەرگرتن ئازادیان دەکردن یان لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان دەیانکردنە کۆیلەی ئیشکەر و خزمەتکار.. تا گەیش بەوەی تێکڕای موڵک و ماڵی چەندین دەوڵەمەند و بنەماڵە یەهوودییەکانی مەدینە داگیر بکەن و چەندین شەڕی پڕ دەستکەوتی وەک شەڕی گرتنی قەڵای خەیبەر و شەڕی هەوازن و... هتد ئەنجام بدەن، پاش گرتنی مەککەش ئیدی بناغەی ئابووریی ئیسلام چەسپا و ترسیان لە پاشەکشە نەما و ژیان و گوزەرانی پێشەوایانیان بە گوێرەی ناوچەکە گەیشتە لووتکە و ژیانی خەڵکەکەی تریشیان پێ بە پێ بەرەو خوارتر برد تا گەیشتە ژیانی مەمرەومەژی.**

**٤- باج و سەرانە: ئەم باج و سەرانەیە لە هی هەموو سەردەمێک - کۆن و نوێ - دژەمرۆییانەتر و دڕندانەتر بووە.. چونکە باج و سەرانەیەک بوو لەسەر بنچینەی ئازادیی هزر.. هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئیسلام نەدەبوونە موسلمان.. دیارە زیاتریش مەبەستیان زەنگینە ناموسلمانەکان بووە و هەر بە مەبەستی پارە**

کۆکردنەوە هێنابوویانە ئارا.. لەمەش قازانجێکی دوو لایەنیان دەکرد؛ ئەگەر کەسێک نەبووایە موسلمان ئەوا لە سەرێک سوودیان لە پارەکەی وەردەگرت و لە سەرێکی تریش وەک هێزێک - چونکە دەوڵەمەند خاوەن هێزە بە تایبەتییش لەو سەردەم - بۆ راووڕووتکردن و داگیرکردن بە مەبەستی پەیداکردنی سامان دەکەوتە پاڵیان، ئەوە جگە لە زۆر باج و سەرانەی تر وەک هی زەوی و مەڕومالآت و بەرهەم و گومرگ و خاوەنکارە پیشەییەکان و... هتد ئەمەش بە بێ پێشکەشکردنی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی گشتیی لە بری باج و سەرانەکان.

٥- بازرگانییکردن بە کۆیلە و کارپێکردنی: هەر هزرێکی چەوسێنەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و سەرنج راکێشانی خەڵک هەندێک کاری چاکی لێدەوشێتەوە.. یەکێک لە کارە چاکە تاکتیکییەکانی ئیسلامیش کە کردی ئەوەبوو سەرەتا بانگەشەی ئازادکردنی کویلەی کرد و هەندێکی لەوانە ئازاد کرد کە دەبوونە موسلمان بەلآم هەر زووبەزوو لێی پەشیمان بۆوە بە جۆرێک کە جگە لەو کۆیلانەی پێشتر هەبوون ئەو دیلانەشیان دەکردنە کۆیلە کە لە شەڕەکان دەیانگرتن و چەندین گەلە کۆیلەی تریشیان لە ناوچەکانی دەوروبەر بە دیاریی بۆ دەهات یان دەیانکڕین.. بەم جۆرە کۆیلە و کۆیلەداریی لە ژێر دەسەلآتی ئیسلام زیاتر پەرەی سەند و جگە لە لەوەی کۆیلەکانیان - کۆنەکان و دیلەکان و پێشکەشکراوەکان و کڕدراوەکان (ژن و پیاو و منداڵ) - بۆ کاری خزمەتکاریی و سێکسیی بەکاردەهێنا و هاوکات ژنەکانیشان لە کاری سێکسیی لەگەڵ خەڵکانی تر بە کرێ دەدا.. کاری بەرهەمهێنانیشیان پێ دەکردن.. ئەوە سەرەڕای ئەوەش کە بە کڕین و فرۆشتنیشیان لە بازاڕەکانی ناوخۆ و دەوروبەر بازرگانییان پێوە دەکردن و قازانجێکی چاکیان لێ وەچنگ دەهێنان.

٦- زەکات: سەرەتا زەکات بە شێوەی خێر و خێراتی سەرپشک بووە.. بەلآم پاشان لە مەدینە بڕیار درا و کرا بە ئەرکێکی سەر شانی موسلمانان و یەکێک لە پێنج (روکن)ەکانی ئیسلام.. هەرچەندە ئیسلام زۆر شانازیی بەوە دەکا کە زەکات بەرنامەیەکی ئابووریی ئیسلامە و لە پێناو یارمەتییدانی هەتیوان و لێقەوماوان و تێکڕای هەژاران داندراوە.. بەلآم

هیچ کاتێک تەنانەت لە سەردەمی محەمەدیش هەژاران سوودێکی ئەوتۆیان - مەگەر زۆر بە کەمیی - لێ وەرنەگرتوە.. ئەویش لەبەرئەوەی چونکە زەکات بەرنامەیەکی زۆر نابەجێیە و شیاوی جێبەجێکردن نییە و دژی سەرەتایەکانی ئابووریی سیاسیی هەر کۆمەڵگایەکی چەوسێنەرە - کە بێ گومان کۆمەڵگای ئیسلامیش خۆی کۆمەڵگایەکی چەوسێنەرە و زۆریش دوورە لەوەی هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسانیی بدا - بۆیە دەوڵەمەندەکان و ئەو خەڵکانەی بەرهەم و سامانەکانیان زەکاتیان لێ دەکەوت هەرگیز ئامادە نەدەبوون ساڵانە بڕێک لە بەرهەم و پارەی وشکەی دیاریکراو بە بەردەوامیی و بە خۆڕایی بدەنە هەژاران - مەگەر تاک و تەرایان - چونکە ئەگەر ئەو بڕە زەکاتە دیاریکراوە بدرێ بە هەژاران ئەوا هەژاریی نامێنێ.. جا ئەو کات کەسانێک نامێنن تا کار بۆ دەوڵەمەندان و خەڵکە ناوبراوەکانی تر بکەن و بچەوسێندرێنەوە زێدەباییان لێ وەدەست بهێندرێ.. کەواتە خودی هەبوونی دەوڵەمەند و مام ناوەنجییەکان بەندە بە هەبوونی هەژاران.. بۆیە ئەوانەی زەکات لە ماڵەکانیان دەکەوێ ئەگەر لە ژێر زەبر و زۆریی جوولە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان و لە ژێر هێزی پرۆسە بەرهەمهێنەرە ئابوورییەکان نەبن ئەوا هەرگیز خۆیان گۆڕ بۆ خۆیان هەڵناکەنن و هەردەم هەوڵی زۆربوونی هەژاران و قووڵبوونەوەی هەژاریی دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان دەوڵەمەندتر و دەوڵەمەندییەکەشیان چەسپاوتر بکەن.. دیارە دەسەڵاتی ئیسلامیش نە هیچ کاتێک توانیویەتی بەزۆر زەکات وەربگری و بە سەر هەژاراندا دابەشی بکا نە لە بەرنامەشیدا هەبووە ئاوەها بکا.. بۆیە هەردەم زۆربەی زۆری ئەوانەی زەکاتدانیان لەسەر بووە زەکاتیان نەداوە.. ئەو زەکاتانەی دەشدران دەچووە خەزێنەی دەوڵەتی ئیسلامیی و پێشەوایان و وەک چۆن دەستکەوتی شەڕ و دەستکەوتەکانی تریان بە سەر خۆیان و پیاوانیان دابەش دەکرد زەکاتەکەشیان ئاوەها دابەش دەکرد و کەمێکی زۆر کەمیشیان بۆ چاونووساندن دەدا بە هەژاران.. لە سەردەمی حوکمەکانی ئیسلام زەکات نەک هەر نەبووە هۆی لەناوبردنی هەژاریی یان یارمەتییدەری هەژاران بەڵکە بووە رێوشوێنێکی تر بۆ کۆکردنەوەی سامان لە لایەن پێشەوایانی موسلمانان، لە سەردەمی پاش حوکمەکانی ئیسلامیش تاکو ئێستا زەکاتدان زۆر کەم بووە ئەگەر بە دەگمەن دەنا کەس نەیداوە و ئەوەی

داشیەتی یان بۆ پەیداکردنی ناوبانگ بووە یان بۆ کۆکردنەوەی هەژاران بووە لە دەوروبەری خۆی بۆ مەبەستی تر، لە کۆتایی ئەم خاڵەدا دەڵێین یارمەتییدانی هەژاران و نەهێشتنی هەژاریی تەنیا بە نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەتیی و دروستنەبوونی زێدەبایی بۆ خزمەتی تاک و دەسەڵاتداران ئەنجام دەدرێ نەک بە زەکاتێک کە لە لایەک جگە لەوەی وەک خێرپێکردنێک بە هەژاران خراوەتە روو شیاوی جێبەجێکردنیش نییە لە لایەکی تریش هەر خودی نابەجێیی زەکات داننانە بە هەبوونی هەژاریی و دەوڵەمەندیی تاتایی.. دواییش لە کۆمەڵگایە چەوسێنەرەکانی ژێر حوکمەکانی ئیسلام کە کۆیلەی تێدا هەبووە و بازرگانییان پێوە کراوە باسکردن لە نەهێشتنی هەژاریی یان یارمەتییدانی هەژاران و خۆشگوزەرانکردنیان فرتوفێڵێکی زۆر ساویکانە و ئەوپەڕی دەبەنگیی بووە.. زەکاتەکەش جگە لە نەخشەیەکی تاکتیکیی بێزەوەر بۆ کۆکردنەوەی سامان هیچیتر نەبووە.

٧- داگیرکردنی شارستانییەکان: ئەمەیان لە هەموویان زیاتر دەستکەوتی مادیی و کەڵەکەکردنی سامانی بۆ پێشەوایان و بەرپرسانی ئیسلام تێدا بووە چونکە مەڵبەندەکانی شارستانیەتەکانی وەک میسر و شام و ساسانیی و... هتد لە رووی ئابووریی و هەموو رووەکانی تری ژیان زۆر لە شوێنی سەرهەڵدانی ئیسلام پێشکەوتوتر بوون.. کاتێک کە موسلمانان ئەو شوێنانەیان داگیر دەکردن لە جیاتی ئەوەی سوود لە شارستانیەت و شێوە ژیانی ئەوان ببینن تەنیا خەریکی تێکدان و تاڵانکردن بوون.. کە تەواو خۆیان پڕ کرد ئەنجا لەسەر حیسابی گەلان بناغەیەکی ئابووریی بەهێزیان بۆ ئیسلام دامەزراند.

جا کاکی فریادڕەسمان دەیەوێ بەم رووکارانە و بەم هەڵپەی سامان کۆکردنەوە و پارەپەرستییەی موسلمانان "محەمەد موکری" بە گرتنەبەری هەمان ئەم (سیراتەلموستەقیم!)ەی ئیسلام واز لە مەیخواردنەوە و تاموچێژە خودییەکانی خۆی بهێنێ و چارەسەری ئەو (غەوغا)یە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئەدەبییەی کوردستان بکا و ئیمپراتۆریەتێکی (تەبقولئەسل)ی ئێران یان ئەفغانستان دابمەزرێنێ، نە خۆت کا نە ئەو چارەیەش.. ئاخر "محەمەد موکری"ێک خەریکە بۆ خۆی بەراوردکاریی لە

نێوان دوو زاراوەی وەک (ئارەقخواردنەوە) و (سیاسیی) دەکا! - کە بە هیچ جۆر و شێوەیەک ناشێ و ناگونجێ بکرێ - سەرەڕای ئەوەش ئەوەی یەکەمیان بە باشتر دادەنێ لەوەی دووەمیان! چۆن چۆنیی دەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدا؟! جا توو سەری خودایەکەت - ببەخشە وەک خۆتان دەڵێن هاوتای نییە کەواتە سەر و هیچ شتێکی وای نییە کە لە مێشکی مرۆڤدا شتن! - وازی لێ بهێنە و لەبەرئەوەش کە ئەو هەر ناتوانێ واز لە خواردنەوە بهێنێ ئەوا ئەگەر تۆ حەز ناکەی بچێتە (یانەی فەرمانبەران).. هەوڵ بدە پاش نوێژی خەوتنان کە (ماڵی خوا!) چۆڵ و هۆڵ دەبێ.. لەوێ مێزی مەیخواردنەوەی بۆ بڕازێنەوە بەڵکو لەو گیرفان (ئیستیغلال کراو)یەی رزگار دەبێ - ئێ خۆ تۆ هەر خێر دەکەی خێر دەکەی - ئەمەش خێرێکی گەورەیە و ئەگەر لە کاتی سێکسکردنیشت ئازاری فریشتەکەی سەر شانی راستت نەدەی و جێی پێ لەق نەکەی ئەوا ئامادەیە ئەو خێرەشت بۆ بنووسێ.. جگە لەمەش بەڵکو ئەمە خوایە - ئێهـ - شەوێک محەمەد موکری قسەیەکی بە دەمدا بێ و خودا هیدایەتی بدا و لە کۆڵ ئێمەش ببێتەوە! ئەوەش دەشێ.. چونکە خوایەکەی تۆ هەندێک بڕیاری سەیر دەدا و سوخەتی خۆیەتی زۆر جار بە قسەیەک هیدایەتی بەندەی خۆی بدا و هەر بە قسەیەکیش وەریبگێڕێ و گومڕای بکا!

## - دووەم -

**محەمەد ڕەنجاو (شاعیر):**

"بۆیە دەخۆمەوە تا هەموو دونیا لە پێکەم بە خوا و شەیتانەکانەوە."

ئەم قسە نابەجێیە بێ هوودەیی و دەروون نەخۆشیی زیاد لە پێویستی خاوەنەکەی دەنوێنێ.. بەڵام با (مەلا سۆران) بزانێ "محەمەد ڕەنجاو" (کوفرا)ی نەکردوە چونکە ئەو هەر لە بنچینەدا بڕوای بە بوونی خودا و شەیتان نییە - جا نازانین.. ئەگەر ئێستا بەرەو دواوە گەڕابێتەوە و بڕوای بە خورافە هێنابێتەوە ئەوا قسەکەی هەر زۆر پووچەڵ و بێ واتا دەردەچێ - بەڵکە لەبەرئەوەی لای خۆی وایە (ئەدیب)ێکە وشەی خودای وەک هێمای کەسی چاک و شەیتانیشی وەک هێمای کەسی خراپ بەکارهێناوە.. هەرچەندە ئەم هێما بەکارهێنانە بۆ شتیک کە باوەڕت بە بوونی نییە بەسەرچووە و لە بێ واتایی زیاتر هیچ واتایەکی تر نابەخشێ بە تایبەتییش کە کەسێک شتێکی چاک - بە تێڕوانینی خورافەپارێز و کۆنەپەرستان - کە لە ڕاستییدا خراپ و خورافییە و بوونی نییە بە شتێکی چاک دەچووێنێ.. بەڵام با ئەمە بۆ ئەو و چەندین نووسەری تری ناو ئەو تازەگەرییە پەڕپووت و سەرلێشێواوەی ناو ئەمڕۆی نووسینی کوردی ئاسایی بێ چونکە بێ دەسەڵاتن لە نووسین و سەریان لێ تێکچووە و هەر تەنیا خۆیان خۆیان بە تازەگەر دەزانن، دەربارەی ئەوەش کە ئەو ئاخوندەمان دەڵێ: (ئەگەر تەماشایەکی مێژووی جاهیلییەت بکرێ لەناو قوڕەیش دا کوفری لەو جۆرە نەبینراوە بکرێ،) دەڵێین (عەفووت فەرمووی) نەک هەر لەو سەردەم بەڵکە لە سەردەمی دەسەڵاتە کوشتنکارییەکەی محەمەدیش لە ناو قوڕەیش و دەوروبەرەکەی بە دەیان کەسی وەک (ئەبو جەهل، ئەبی لەهەب، عەبدوڵای کوڕی ئەبی، ئەبو عەفک، فرتنا، قریبە، هیندی کچی عتبە، ئەسمای کچی مەروان، عەبدوڵای کوڕی سەعد، سارەی کچی عمروی، و... هتد) هەبوون کوفری - بە ڕوانگەی تۆ - زۆر گەورەتریان لەوەی "محەمەد ڕەنجاو" دەکرد، بێ گومان دیارە نەک کەسێکی ڕێکوپێک بەڵکە کەسێکی بە ئاستەم مرۆڤیش

**ئه‌و قسه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌ی "محه‌مه‌د ره‌نجاو" به‌ قسه‌یه‌كی پڕوپووچ ده‌زانیٚ.. به‌ڵام نه‌ك له‌به‌ر مه‌سه‌له‌ی خوا و شه‌یتانه‌كه‌ به‌ڵكه‌ له‌به‌رئه‌وه‌ی كه‌ ده‌ڵیٚ: (تا هه‌موو دونیا له‌ پێكه‌م) به‌ڵام بۆ ئه‌وێكی بیٚ هووده‌ كه‌ به‌ هۆی چه‌وسانه‌وه‌ی كۆمه‌ڵه‌كه‌ی و ژیانی كوێره‌وه‌ریی خۆی و سه‌رلێشێوانی له‌ ناو لادانی حیزبی شیوعی** - كه‌ له‌ حیزبێكی دیموكراسیی زیاتر نییه‌ و له‌ هاوبه‌ندی نێوان ناسیۆنالیسته‌ دیموكراسییخوازه‌كان و كه‌مایه‌تییه‌ك له‌ عه‌لمانیه‌كانی عاره‌ب و ناسیۆنالیسته‌ سه‌رلێشێواوه‌كانی كورد و ئاشوورییه‌كان پێكهاتوه‌ - **خۆی رانه‌گرت و دووچاری داڕووخان هات.. شتێكی ئاساییه‌ به‌ڵام هێشتاش كه‌سێكی چاكتر و پاكتر و مرۆڤتره‌ له‌ تۆ و ئه‌و دوو كه‌سه‌ی كه‌ تۆ شانازییان پێوه‌ ده‌كه‌ی ئه‌وانیش كه‌سێكی كۆنه‌په‌رست و چه‌وسێنه‌ر و خورافه‌پارێزی وه‌ك كاك ئه‌حمه‌دی شێخ و داگیركه‌رێكی وه‌ك سه‌لاحه‌دینی ئه‌یوبیی.. ئه‌گه‌ر ده‌شته‌ویٚ كوردایه‌تییه‌كی ئیسلامیی یان ئیسلامییه‌كی ره‌گه‌زپه‌رستانه‌ به‌و دووانه‌وه‌ بكه‌ی.. ئه‌وا جگه‌ له‌وه‌ی ئه‌وان هیچ هه‌ستێكی كوردایه‌تییان نه‌بووه‌ نه‌ كورد به‌ كوردێكی ته‌واویان ده‌زانن چونكه‌ هیچیان بۆ كورد نه‌كردوه‌ نه‌ ئیسلامیش به‌ موسلمانی ته‌واویان ده‌زانن چونكه‌ به‌ ته‌واویی په‌یڕه‌وی ده‌قه‌ شڕ و شێواوه‌كه‌ی قورئانی پڕ ئه‌فسانه‌ و حیكایه‌ته‌ كۆن و سواوه‌كانیان نه‌كردوه‌.**

**ئه‌گه‌ر له‌ خه‌می ئه‌وه‌ش دای كه‌ سلێمانی به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ شاره‌كانی تری كوردستان و عێراق شارێكی خراپه‌ چونكه‌ (فیسق و فه‌ساد و كوفر!)ی به‌ شێوه‌یه‌كی كه‌م وێنه‌ تێدا بڵاوبۆته‌وه‌ ئه‌وا دڵنیات ده‌كه‌ین خراپییه‌كه‌ی له‌وه‌دا نییه‌ به‌ڵكه‌ له‌وه‌دایه‌ كۆمه‌ڵێك خه‌ڵك له‌ چینه‌ ده‌وڵه‌مه‌ند و مام ناوه‌ندییه‌كانی كه‌ له‌ بنچینه‌دا كه‌سانی ره‌گه‌زپه‌رست و خۆپه‌رست و درۆزن و به‌رژه‌وه‌ندخواز و چه‌وسێنه‌رن و زۆربه‌ی حیزب و لایه‌نه‌كانی سه‌ر گۆڕه‌پانی سیاسییش به‌ تایبه‌تیی ره‌وته‌ ئیسلامییه‌كان ده‌رفه‌تی خراپه‌كارییان بۆ ره‌خساندووه‌.. تێكڕای شاره‌كه‌یان پیس كردوه‌، ئه‌گه‌ر برسیێتیی و بیٚ ئاسایشیی په‌یكه‌ری كۆمه‌لایه‌تیی و بنه‌مایه‌كانی ژیانی ئه‌و شاره‌ی هه‌ڵنه‌ته‌كاندبیٚ ئه‌وا نه‌ خه‌ڵكه‌ هه‌ژار و زه‌حمه‌تكێشه‌كه‌ی كه‌ زۆرینه‌ی دانیشتوانه‌كه‌ی پێكده‌هێنن كاری خراپیان لیٚ ده‌وه‌شێته‌وه‌ نه‌ مه‌یخواردنه‌وه‌ و ئازادیی ئه‌وین و سێكس و**

**هاوسەرگیریی و ئازادیی بیروڕا و رۆژنامەگەریی و سیاسیی و تێکڕای ئازادییە کەسایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان کاری خراپیان لێ دەکەوێتەوە، دیارە ئەو کۆمەڵە خەڵکە چەوسێنەرەی ئاماژەمان پێی دان پاشماوەی ئەو پێشینە مێژووییەی دەسەڵاتە رەش و سەرکوتگەرییەکەی بابانییەکانن کە کاتێ میر ویستوویەتی شارەکە بنیات بنێ لەبەرئەوەی خۆی کەسێکی زۆر چەوسێنەر و خۆپەرست و نەخۆش بووە لە رووی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و سێکسیی و... هتد هەڵستاوە چەندی لە توانایدا هەبووە خەڵکە ماستاوچیی و دز و جەردە و (میرزا و مەلا و ئاخوندە کاسەلێسەکان) و تەڵەکەباز و بێ رەوشتەکانی لە بابەتی خەڵکانی ناوبراوی سەرەوەی ناوچەکەی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و لەسەر خەڵکانی تری شارە تازە دامەزراوەکەی کردوونەتە کارمەند و کاربەدەست.. پێ بە پێش عوسمانییەکان و ئینگلیزەکان و حکومەتەکانی عێراق پارێزگارییان لەو خەڵکانە و لە نەوەکانیان کردوە و درێژەیان بەو دیاردەیە داوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ.. هەرچەندە ئێستا (٢٠٠) ساڵ زیاترە بەسەر ئەو بارەی شارەکە تێپەڕیوە و پێشینەکەی کارایییەکی زۆری نەماوە و تا دێ شارەکە بنەمای شارستانیی تێدا دروست دەبێ و بە هۆی تێکەڵبوون و سوودوەرگرتنی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ شارەکانی دەوروبەر دەبێتە شارێکی ئاسایی و وردە وردە دیاردە خراپە تایبەتمەندییەکانی** - بە تایبەتیی خۆپەرستیی و دووڕوویی و مادەپەرستیی و بەخۆنازین - **تێدا کەمتر دەبێتەوە.. بەڵام لەبەرئەوەی زیاتر لە نیو سەدەیە رەوشی سیاسیی** - هی هەردوو لای حوکم و ئۆپۆزیسیۆن - **بە شێوەیەکی سیاستبازییانە سوودی لەو پێشینە ناوبراوە و دەرئەنجامەکانی وەرگرتوە و بۆ بەرژەوەندییە چەوسێنەرییەکان بەکاریهێناون و چەندین رەوتی نامۆ دژەگەلیی وەک هێڵە خێڵەکیی و رەگەزپەرستییەکانی ناو حیزب و لایەنە ناسیۆنالیستەکان و گرووپە ئاژاوەگێڕ و سەرلێشواوە ناوچەگەرییەکان و بزووتنەوە کۆمۆنیستییە رووکەش و توندڕەوییەکان و بزووتنەوە ئیسلامییە کۆنەپەرستییەکان و... هتد لەو شارە بەرهەم هێناوە کە هیچێکیان لەگەڵ رەوتی گەشەسەندن و پیشکەوتنی ژیان و شارستانیەت ناگونجێن.. هێشتا پرۆسەی بەشاربوونێکی شارستانییانە بە گوێرەی ناوچەکە و نەهێشتنی دیاردە تایبەتمەندییە خراپەکانی شارەکە لەسەرەخۆ بەڕێوە دەچێ و**

زۆربەی حیزب و لایەنەکانی ئێستاش - چ دەسەڵات چ دەرەوەی دەسەڵات - هەمان کردەوەکانی هەمان رەوش بە شێوەی کۆن و نوێ درێژە پێ دەدەن.. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا خەڵکە هەژار و زەحمەتکێشەکان و هزرە مرۆڤپەروەرییەکەی یەکسانییخوازیی شارەکە لە بەرامبەردا کۆڵیان نەداوە و کێشەکەیان گەیاندۆتە ئاستێک ئیدی بەرەوداوەگەڕانەوە هەڵنەگرێ و جگە لە خەڵکێکی کەم لە کاسەلێسان کەس بە زوڕنای سیاسەتبازەکان هەڵناپەڕێ و دەبێ هەر خۆیان بۆ خۆیان هەڵپەڕن.. چونکە ئێستا:

١- زۆربەی خەڵکی سلێمانی تا رادەیەکی چاک لەم رووانە وشیار بوونەتەوە و دەیانەوێ شارەکەیان وەک هەر شارێکی دی بە شارەکانی دەوروبەر ببەسترێتەوە.. هەستی مرۆڤپەروەرییش بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە گەشەکردن دایە تێیدا بە جۆرێک ئێستا خەڵکە رۆشنبیرەکانیان لایان شەرمە باس لە سلێمانچیێتیی و تایبەتمەندییە دژەمرۆییەکان بکەن وەک ئەوەی رەوتە ناوچەگەرییەکەی "نەوشێروان مستەفا" و چەندینی تر کە پێویست ناکا لێرە ناوەکانیان بهێنین.. دەیکەن.

٢- رەوتێکی فراوانی جەماوەریی بە تایبەتییش لە رووی پەخش و بڵاوکردنەوە لە شارەکە بەڕێوەیە بۆ پووچەڵکردنەوەی هزر و کردەوە ناپەسندەکانی سەلەفییە ئیسلامییەکان.

٣- خەریکە هزری پێشکەوتنخوازیی و یەکسانییخوازیی بە شێوەیەکی واقیعبینییانەی دوور لە شێوە رووکەشەکان لەم شارەدا بڵاودەبێتەوە و پنج دادەکوتێ.

٤- خەڵکێکی زۆری شارەکە بە شار و وڵاتەکانی جیهان بڵاوبوونەتەوە و زۆرێک لەمانە سوود لە شارستانیەت و باری پێشکەوتووی ژیانی گەلان وەردەگرن و لە باری ئێستای کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رووی مادیی و رۆشنبیریی و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان سوودێکی چاک بە شارەکە دەگەیەنن.

٥- زۆربەی زۆری خەڵکی شارەکانی دەوروبەر بە رەچاوکردنی ئەو بارەی بەسەر خەڵکی سلێمانی هاتوە گیانی لێبووردنیان بەرامبەریان قووڵتر کردۆتەوە و بە پێی توانا دەستی یارمەتییان بۆ درێژکردوون.

کەچی ئەم خاوەن سەرنجە جێماوە تازەبەتازە لە ژێر بۆچوونی (پەرتکە و زاڵبە) و چەمکە ژەنگگرتووەکان دەیەوێ لەسەر (کوفر!)ی کەسێکی وەک "محەمەد رەنجاو" بە شێوەیەکی ناڕەوا هێرش بکاتە سەر خەڵکی سلێمانی و لە شارەکانی تری داببڕێ وەک دەفەرمووێ: (بێگومان ئەوەی لەم شارەدا روو دەدات لەچاو پارێزگاکانی تری کوردستان بە تایبەتی و عێراق بەگشتی کەم وێنە و ناوازەیە،)! پاشان هەروەک پیشەی پێشینەی خۆیان کە دژی ئازادیی هزر و بیروڕان - بۆ نموونە لە سەردەمی خەلافەتدا لە پاش داگیرکردنی میسر و ناوچەکانی ساسانییەکان هەر نووسراو و پەرتووکێک کە بە ئاستەم لەگەڵ خوا و دینەکەیان نەدەهاتەوە ئاگریان تێبەردا - ئێستاش دژی ئەو کەمە ئازادییەی رۆژنامەگەریین کە هەیە و بە بێ شەرم و چاوەڕوو داوا لە ئیدارەی دەسەڵاتداری ناوچەکە دەکا رێ لە رۆژنامەنووسان بگرێ و مەحکومیان بکا! هەر چاکە خۆی و بزووتنەوە دژە ئازادیی و خوێنخۆرەکەی دەسەڵاتیان نییە - ژیانی نوێش هەرگیز رێگا نادا دەسەڵاتیان ببێ - دەنا بێ سێ و دوو لێکردن رووباری خوێنیان لە خوێنی رۆژنامەنووسان و هەر کەسێک لەگەڵیان نەبووایە دروست دەکرد.

گەرچی ئەم شاعیرەمان کەسێکی بێ هوودەیە و دەیەوێ تەنیا بۆ تێرکردنی غەریزەکانی خۆی و هزرە بەلەتیقییەکانی خۆی بژیێ بەڵام کەسێکی یەکجار ئاوەها نییە کە بە شێوەیەکی بەرنامەدارێژراو دژی رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ بێ یان راستەوخۆ زیانی پێ بگەیەنێ.. بەڵکە لای خۆی وایە رێچکەی ئەو باشترین رێچکەی مرۆڤپەروەرانەیە و شیعر و نووسینەکانیشی خزمەتی رەوتی ئەدەبیی و رۆشنبیریی بە گشتیی دەکەن.. بە قسەش وەک خۆی دەڵێ دژی کۆمەڵگای باوە و خەریکی گۆڕینیەتی، بەڵام ئەم رەخنەگرە تۆمەتکار و کورتبینە دەفەرمووێ "محەمەد" و ئەوانەی وەک ئەو (دژی هەموو شتێکی رەوای ئینسانین.) دیارە ئەگەر هێندەی نووکی دەرزییەک ویژدانی هەبووایە ئاوەها

دانەدەبەزی چونکە ئەگەر "محەمەد ڕەنجاو" هێندە خراپ بووایە ئەوا ئەگەر چارەگی ئەو دەرباری حیزبێک بووایە کار و ژیانی بەو شێوەیەی ئێستای نەدەبوو.. جێگای خۆیەتی لێرەدا ئەوە لەبیر نەکەین کە "محەمەد ڕەنجاو" توانیویەتی لە سەردەمی ڕەشی دیکتاتۆریی "سەدام" لە کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر بەرهەڵستکار بێ.. بۆیە ئەگەر بیویسبووایە کاری خراپ بکا ئەوا بە هۆی ئەم پێشینەیەی و ناوبانگی خۆی و ناسراوییەکەی لە ناو حیزب و لایەنەکان هەموو کاتێک توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەسەڵاتە لەرزۆکانەی پاش ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩٠)ی کوردستانی هەبووە یان هەر هیچ نەبێ دەیتوانی بە ئاسانیی لە پلەی بەرزی یەکێک لە دەزگایە سیخوڕیی و تیرۆریستییەکانی ئەو حیزب و لایەنانە کاری بکربووایە و پاش ماوەیەکیش بە پێی شێوازی ئاسایی لێپرسراویی بەخشینی ناو زۆربەی هێزەکان ببووایە سەرکردەیەکی جۆکەر و کارە خراپەکان تا ڕادەی تیرۆر ئەنجام بدا و لە ژیانێکی مادییانەی بەرزدا بژیێ.. بەڵام وەک هەروەک دیارە ئەم کردەوانە لەگەڵ هزر و بۆچوونی ئەو نەگونجاون و بە ژیانێکی سادە ڕازیی بووە و وەک ئێوە نەکەوتۆتە دژایەتییکردنی هەر شتێک کە لەگەڵ هزرە بۆگەن و بەسەرچووەکەتان ناگونجێ.. بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناشێ قسە بێ سەروبەرەکانی کەسێکی وەک تۆ بەرامبەر بەو جێی خۆیان بگرن.. چونکە ئەو لە تۆ و سەرجەمی موسلمانە حیزبییەکان (ئەجمەعین) باشتر و مرۆڤتر و پێشکەوتنخوازتر و ئافرەتپەروەرتر و یەکسانییخوازتر و هەرچی چاکترە، بۆ مەسەلەی (یانەی فەرمانبەران)یش دیسان ئەگەر دەتوانی بە هەمان شێوەی "محەمەد موکری" هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکە بۆ تۆ باشترە و خێرێکی تریشت پێ دەگا!

## - سێیەم -

**عیرفان ئەحمەد (شاعیر):**

**"فەل ناخۆمەوە لەبەرئەوەی زۆربەی بازرگانانی نیشتمانپەروەر لەسەر ئەوە دەژین."**

سەرەتا دیارە خواردنەوە یان نەخواردنەوەی ئارەقی فەل یەکەم جار پەیوەندیی بە گیرفانەوە هەیە و دووەم جاریش پەیوەندیی بە شێوازی خەرجکردنی پارە لە لایەن هەر مەیخۆرەوەیەک و پلەی تێگەیشتنی بۆ باشیی و خراپیی جۆرەکانی ئارەقەوە هەیە.. دواییش ئەگەر ئەو شاعیرە حیساب وردە یەک تۆز سەرەدەریی لە سەرەتایە گشتییەکانی پێکهاتەی ئابووریی دەربکردایە ئەوا بەو شێوەیە بە ئارەزووی خۆی نەدەدوا.. چونکە نە ئەم کاری کڕین و فرۆشتنی ئارەقی فەلە هێندەی وەبەرەوە هەیە تا بازرگانانی نیشتیمانپەروەر خۆیانی پێ خەریک بکەن نە ئەوانیش بازرگانن کە ئەو کڕین و فرۆشتنەی ئارەقی فەل دەکەن.. بەڵکە زۆربەی کات هەندێک ماڵی هەژار دروستی دەکەن و هەر خۆشیان دەیفرۆشنە دووکان و یانەکان یان هەر راستەوخۆ دەیفرۆشنە مەیخۆرەوان و هیچ کارێکی بازرگانیی تێدا دروست نابێ و قازانجێکی زۆر کەمیشی هەیە بە جۆرێک ئەگەر مەسەلەکە کێشەی بێکاریی ئەمڕۆی کوردستان نەبێ ئەوا نەک قازانج بەڵکە بایی ماندووبوونی سەرەتایی دروستکردنەکەشیان پێ نابڕێ.. ئەگەر بە هۆی ئەو قازانجەش کە لە کڕین و فرۆشتنی ئارەقی فەلەوە وەدەست دێ خاوەن دووکانی ئارەقفرۆشیی و باڕ و یانەکانی بە بازرگان لە قەڵەم داوە ئەوا ئەولا لەملا خراپتر! لێرەدا هەر هێندە دەرفەت هەیە بە کورتیی بڵێین؛ بازرگانی نیشتیانپەروەر کە زاراوەیەکی ئابووریی سیاسیی بۆرژواکانە ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە بارە گونجاوەکانی بازرگانیی پاش دڵنیابوونی لە قازانجی خۆی کەرستەی خاو و کاڵایە هەمەجۆر و پێویست و باشەکانی دەرەوە بە نرخێکی گونجاو - بە تێڕوانینی سەرمایەداران - دەگەیەنێتە دەست حکومەتەکەی و هاوڵاتییان و بەرهەم و کەرستەی خاوی

**وڵاتەکەشی بە نرخێکی چاک و بە سوودی حکومەت و هاوڵاتییە سامندارەکان دەفرۆشێتە دەرەوە. جا ئەی شاعیرە خەیاڵ پڵاوەکەمان ئەگەر جارێکی دی ویستت باسی ئارەقی فەل بکەی ئەوا باسی بازرگان و مازرگانان نەکەی باشترە بۆ تۆ! بەڵکە بڵێ ئارەقی فەل ناخۆمەوە چونکە ئێستا باری گیرفانم تۆزێک چاکتر بووە و ئارەقی فەلیش خراپە چونکە بە شێوەیەکی زانستیی و پزیشکیی دروست ناکرێ و تاموچێژی خۆش نییە و بۆ تەندروستییش زۆر خراپە، ئەوانەی دروستیشی دەکەن و دەیفرۆشنە خەڵک پەکیان لەسەر تۆ ناکەوێ چونکە تا خەڵکی بێ دەرەتان لەو بارە ناگزوورییەی ئێستای کوردستان بژیێن کە لە سایەی دەسەڵاتی رەشی سێکوچکەی (ناسیۆنالیستیی - دیموکراسیی - دینیی) هاتۆتە ئارا ئەوا زۆر کەس پەنا دەباتە بەر ئەو ئارەقە فەلە و بازاڕی هەر دەمێنێ.**

**لە جێگایەکی تردا پاش ئەوەی شاعیرە حیکایەتخوانەکەمان سەربردەیەکی بێ واتا و بێزەوەر دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: (خزمێکم پێی ووتم ؛ کوڕەکەم گوتی سێ کەسم کوشت.. ئەگەر بیوتایە عارەقم خۆردۆتەوە، دەمکوشت ...) رەخنەگرە لە دیوەخان دانیشتووەکەمان یەکسەر ناوەرۆکە دڕندەییەکەی دەردەخا و دەبێتە لایەنگیری ئەو قسە تاوانکارییەی خزمی شاعیرەکەمان و بە رەوشتی چاکی باپیرانمانی لە قەڵەم دەدا** - دڵنیا بە بەرگریی لە رەوشتی باپیرانمان ناکەین چونکە زۆربەی رەوشتەکانیان بە گوێرەی ژیانی ئێستا خراپ و دواکەوتووانەن - **بەڵام دڵنیات دەکەینەوە باپیرانمان بە پێی سەردەمەکەیان هەندێک رەوشتی باشیان هەبووە** - کە هەموو میللەتێک لە هەموو سەردەمێک دەشێ هەندێک رەوشتی باشیان هەبێ - **یەک لەو رەوشتە باشانەش ئەوەیە کە باپیرانی ئێمە** - جا بە هەر هۆیەکەوە بووبێ - **زۆر دژی کوشتن و کوشتنکاریی بوونە و بە بەراورد بە میللەتانی دەوروبەر میللەتێکی ئاشتییخواز بوونە** - ئەڵبەتە دوور لە رەگەزپەرستیی ئەو قسەیە دەکەین - **ئەو ئاشتییخوازییەش هۆکاری خۆی هەیە و هاوکات میللەتانی تریش شتی باشیان هەبووە ئێمە نەمانبووە و بە پێچەوانەشەوە.. بەڵام لێرە دەرفەتی ئەو باسانە نییە و با لە باسەکەی خۆمان دوور نەکەوینەوە.. بۆیە رەوشتی ئەو خزمە ناوبراوە بە هیچ شێوەیەک بە رەوشتی**

باپیرانمان ناچێ.. بەڵکە ئەو تەنیا تاکێکی وەک تۆ کۆنەپەرست و تیرۆرخوازە.. ئافەرین بۆ هۆش و ئەو موسلمانییەت کە دزێوترین و دژەمرۆییترین رەوشت بە رەوشتێکی بەرز و هی باپیرانمان دەزانی.. واتە ئەگەر تۆ ببینی کەسێک سێ کەسی کوشتوە لە گوڵ گرانتری پێ ناڵێی بەڵام ئەگەر ببینی هەر ئەو کەسە تەنیا ئارەقی خواردۆتەوە ئەوا دەیکوژی! دیارە ئەمە هەر رەوشتی تۆ نییە بەڵکە هی هەموو ئەو موسلمانانەیە کە دەسەڵاتێکیان هەبووە یان هەیە یان دەبێ.. لە سەرووی هەمووانیشەوە پێغەمبەرەکەتان.. بۆ نموونە کاتێک محەمەد دەسەڵاتدار بووە پیرەمێردێکی (١٢٠) ساڵەی بە دەستی جەلادەکەی خۆی کوشت ئەویش تەنیا لەسەر ئەوەی کە ئەم پیرەمێردە مەتەڵێکی گوتبوو و شیعرێکی گاڵتەجاڕیشیی لەسەر ئەو دانابوو!

بۆ مەسەلەی (یانەی فەرامانبەران)یش چیدی قسە لە حزووی جەنابی موبارەکتان ناکەین هەر هێندە نەبێ کە بە یەکجاریی دەڵێین؛ خێرەکەت هەر کردوە.. جا ئەگەر ئەم شاعیرە سپۆرتەشمان لەگەڵ ئەم رۆشنبیرە دواڕۆژگەریانەش: "غەفوور ساڵح، سەلاح محەمەد، بەرزان وەهاب" چونکە ئەمانەش یانەی فەرمانبەرانیان لا خراپە.. ببەیتە لای "محەمەد موکری و محەمەد رەنجاو" ئەوا بێ گومان خێرەکەت دەبێتە (خێری کوبرا!) و دەرگای (بەهەشت!)ت بۆ دەکەوێتە سەر گازەرەی پشت! ئەمە بۆ ئەمانە.. بۆ ئەوانی تریش لێگەڕێ با لە یانەکە بمێننەوە.. چی تێدایە با ئەوانیش بە ناوی ئارەقخۆرەوانی جیهان (یانەی فەرمانبەران) وەک (ڤاتیکان) بکەنە وڵاتێک لە ناو شارێک و لەوێوە سەرکردایەتیی هەموو ئارەقخۆرەوانی جیهان بکەن و سەردانییکردن و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیان دروست ببێ بەڵکو لە پاڵ ئەمەش بتوانن هەستی کوردایەتیی بە تێکڕای جیهان بڵاوبکەنەوە و لەم ناوەش سوودێک بە کوردایەتییەکەی تۆش بگا چونکە تۆش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت **مەکیافیللییانە** - ببوورە محەمەدییانە.. چونکە محەمەد پێش مەکیافیللی ئەم رێبازەی هەبووە و پەیڕەویشی کردوە - **هەنگاو دەنێی!**

## - چوارەم -

**غەفوور ساڵح (چیرۆکنووس):**

**"عارەق دەخۆممەوە لەبەرئەوەی منی لە حەشیشەکێشان رزگار کرد."**

ئەم قسەیە ئەگەر بۆ مەبەستێکی دی نەبێ ئەوا شتێکی چاکە.. چونکە حەشیشکێشان زیانی تەندروستیی و مادیی گەلێک زۆرە، بەڵام لای تۆ - ڕەخنەگرە ئاخوندییەکەمان - ناچێ وەئەقڵەوە.. چونکە کاتێ سەرنج دەدەی لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆربەیان حەشیشکێشن کەچی دەوڵەتێکی بەهێزی ئیسلامییان دامەزراندوە کە هەر هیچ نەبێ ئیسلامییەکەیان لە تێکڕای دەوڵەتە ئیسلامییەکان ئیسلامترە.. بۆیە هەر زوو دەیبڕیەوە و چیدی باس لە حەشیش ناکەی و لە دڵی خۆتدا خۆزگە بۆ ئەوە دەخوازی بەڵکە ئەوە خوایە حەشیشکێشان لە کوردستانیش بە شێوەیەکی زۆر بڵاوببێتەوە و ئێوەش لە ژێر سەرپەرشتیی حەشیشکێشان (کۆماری ئیسلامیی کوردستان) دابمەزرێنن، پاشان یەکسەر باز دەدەی و دەفەرمووی: ((غەفوور دەڵێ: "کە ناتوانم بەرەنگاری واقیع ببمەوە، پەنا بۆ خواردنەوە دەبەم")) دیارە کێشەی تۆ ئەوە نییە کە ناشێ چیرۆکنووسێک بڵێ من ناتوانم بەرەنگاری واقیع ببمەوە یان پەنابردنە بەر بێ هۆشیی - نەک بۆ چیرۆکنووسێک بەڵکە بۆ هەر کەسێک کە شتێک لە ژیان دەزانێ - بە هۆی نەبوونی توانای بەرەنگاربوونەوەی واقیع بیانوویەکی نابەجێیە.. بەڵکە تۆ دەتەوێ بە هەر شێوەیەک و هەرچی چۆنێک بێ ئەو چیرۆکنووسە - تەنیا لەبەرئەوەی ئارەق دەخواتەوە - بشکێنیتەوە و پێی بڵێی (چیرۆکنووسێکی فاشیلە) و برایەوە، بەڵام ئێمە - کە نامانەوێ هیچ مرۆڤێک بەرامبەر واقیع دەستەوەستان بێ - پێمان وایە ئەم قسەیە لاوازیی رۆشنبیریی چیرۆکنووسەکە نیشان دەدا.. دەنا نە خواردنەوە دەبێتە هۆی بێ هۆشیی نە خواردنەوە و بێ هۆشیش - کە بەزۆر پێکەوە لێکێندراون - دەبنە پەناگەیەک بۆ هیچ کەسێک کە توانای بەرەنگاربوونەوەی واقیعی نییە.. دواییش ئەو چیرۆکنووسە بە بێ ئەوەی خۆی پێی بزانێ هەر تەنیا بە

مەیخواردنەکەی بەرەنگاری تێکڕای ئەو واقیعە هیچوپووچ و دەژە ئازادیی و کۆنەپەرستییە بۆتەوە کە داب و نەریتە بۆگەنەکان و ئیسلامییەکان دروستیان کردوە.. بەڵام با جارێ لەبەر خاتری تۆ - سۆران - و زۆرێک لە رۆشنبیرە سیاسەتباز و چەقبەستووەکان ئەمە بە بەرەنگاربوونەوە دانەندرێ.. خۆ هەر لە خودی قسەکەی چیرۆکنووسەکەمان دەردەکەوێ کە ئەو مەبەستی ئەوە نییە ناتوانێ هیچ جۆرە بەرەنگاربوونەوەیەک بەرامبەر بە واقیع ئەنجام بدا بەڵکە ئەو مەبەستی ئەوەیە - ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبین - کە ناتوانێ رۆژانە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەرەنگاری ئەو دیاردە خراپانەی واقیع ببێتەوە.. دەنا هەرگیز نەیدەگوت: (دەمەوێ ئەم دونیایەی ئێستا هەیە وانەبێ) دیارە ئەمە بەرەنگاربوونەوەیەکی واقیعە بە قسە.. هەر چیرۆکنووسێکیش ئەمە قسەی بێ بمانەوێ و نەمانەوێ لە ناو چیرۆکەکانی - بە پێی توانایە هونەرییەکەی - رەنگ دەداتەوە و دەبێتە بەرەنگاربوونەوەیەکی بە کردەوە، جا لێرەدا دەڵێین (بە داخەوە!) لەو هەموو هێنان و بردنەی لەو بابەتە ئەنجامت داون سەرکەوتوو نەبووی و قسەکانت بە ئاسانیی پووچ بوونەوە.. هەر بۆیە پێویست ناکا لە تۆمەتەکانی ترت بدوێین کە لەوانەی سەرەوە پووچترن.. هەر تەنیا هێندە نەبێ بڵێین؛ لەبەرئەوەی تۆ لە زۆربەی شت و لایەنەکان سەر دەرناکەی بۆ خۆت بێ دەنگ بی باشترە و خۆت لە هەموو قسەیەک هەڵنەقورتێنی.. بۆ نموونە کاتێ چیرۆکنووسە دەروونناسەکەمان (بۆ خۆی) تیۆرکاریی دەکا و دەفەلسەفێنێ ئەوا چاری نییە و هەر دەبێ باسی (لاشعور) بکا! کەچی تۆ لەگەڵ ئەوەی نازانی زاراوەی (لاشعور) چی دەگەیەنێ خۆتی تێهەڵدەقورتێنی.. با (عەرزی جەنابی موتەعالی)تان بکەم قوربان؛ مەبەستی ئەو لەو زاراوەیە ئەو بەشە (نائاگا)یەیە کە لەگەڵ بەشی (ئاگا) لە ناو مێشکی مرۆڤدا هەن.. (خولاسەی کەلامی بەندەی موخلیس)یشتان ئەوەیە تۆ هێندە سادە و ساکار بیر دەکەیتەوە بە جۆرێک لەو قاوغە دەرناچی کە کاتی خۆی لە ناو کوردەواریی بە کەسێکی نەزان و کەم هۆشیان دەگوت (بێ شعور).. جا قوربان ئەگەر تۆ کەم هۆش و ساویلکە نەبی ئەوا ئەو (لاشعور)ەی چیرۆکنووسەکەمان واتای ئەو (بێ شعور)ەی کوردەواریی ناگەیەنێ.

## - پێنجەم -

**سەلاح محەمەد (شاعیر):**

"بۆیە دەخۆمەوە لەبەرئەوەی دەمەوێت خۆم تەسەروف بە عەقڵی خۆم بکەم."

ئەگەر ئەم قسەیە بچێتە ناو قسان سەد شاپی وێدەکەویَ! چونکە ئەگەر یەکێک هێندە بیَ هێز و لاواز بیَ و لە هەموو کاتەکانی تری ژیانی رۆژانەی ئەقلی بە دەستی خەڵکەوە بیَ ئەی چۆن دەتوانیَ لە دوو سیَ کاتژمێر سەرخۆشیی ئەقڵی بە دەست خۆیەوە بیَ.. دیارە ئەمە جگە لە لاملییەک کە شاعیرەکەمان لەو دوو سیَ کاتژمێرە دەیکا هیچی دی نییە چونکە کاتیَ داب و یاسا کۆنەپەرستییەکان لە قسەکانی ناگرن و لە زۆربەی کارە خراپەکانی خۆش دەبن ئەوا ئەو وا دەزانیَ توانیویەتی (تەسەڕوف) بە ئەقڵی خۆیەوە بکا.. "ئەی دۆشاو بە گونت لە جێی بیَ ئاو"!

چەند سەیرە! کاک سەلاح لای خۆی وابیَ شاعیرە.. کەچی شیعرێکی (گۆران)ی بۆ بەڕاستگەڕانی قسەکانی هێناوەتەوە هەر تەواو پێچەوانەی ئەم قسەیەی سەرەوە و قسەکانی تریەتی.. ئەمەش شیعرەکەیە:

**زیاتر سەبەبی عەقڵ و شعورە خەفەتی من**
**بۆ غەفڵەت و نسیانە هەموو نۆشی شەرابم**

رەخنەگرە لێوەشاوەکەشمان بە هۆی ئاڵۆزکردنی گوزارشت و وشەکانی شیعرەکە و لەیەکبەستانەوەیان - جا بە ئاگا یان بیَ ئاگا - سەرەتا وەک پلارگرتنێک دەڵیَ: (سەلام شاعیرێکی تارادەیەک ئاقڵ دیارە) پاشان یەکسەر ئاماژە بە ئاماژەی شاعیر دەدا بۆ شیعرێکی گۆران.. دەیەویَ وا پیشان بدا کە شیعرەکە لە ریزی بۆچوونەکانی ئەم شاعیرە لە شیعر نەگەیشتوە دایە.. بۆیە کەم و زۆر قسە لەسەر شیعرەکە ناکا و خۆی لیَ دەدزێتەوە.. بەڵام وەک دیارە نە تێگەیشتنەکەی شاعیرەکەمان نە خۆ لیَ لادانەکەی رەخنەگرەکەمان ناتوانن بیرۆکە و واتای شیعرەکە بشێوێنن..

چونکە شیعرێکی زۆر سادە و بێ تەمومژ و ڕوونە.. دیارە ئێمە نامانەوێ وەک هەڵسەنگێنەرانی شیعر - بە تایبەتییش تەفکیکیی و مەفکیکییەکانی بونیادگەرانی سەرلێشێواو - بە دەیان کلک و گوێی بۆ زیاد بکەین بۆ ئەوەی بە پێی مەبەستی خۆمان چەندین واتای داتاشراوی بدەینە پاڵ.. بەڵکە شاعیر بە سادەیی دەڵێ: خەفەتی من زیاتر بە هۆی ئەوەوە دروست دەبێ کە ئەقڵ و شعورم هەیە و بەکاریدەهێنم.. شەراب خواردنەوەشم هەمووی بۆ ئەوەیە چەند ساتێک لە غەفڵەت و نسیاندا بژیم بۆ ئەوەی هەندێک پشوو بدەم و خەفەت نەخۆم، ئەمەش بۆ کەسێکی وەک گۆران شتێکی زۆر زۆر ئاساییە چونکە ئەوێک کە هەموو کاتەکانی ژیانی تەرخان کردبێ بۆ بەکارهێنانی ئەقڵ و شعور؛ لە ڕووی هزریی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و بێ چین و یەکسان خۆی خستبێتە بەر شاڵاوی مەرگ و لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە وەک سەربازێکی ون کاری کردبێ و لە سەرووی هەمووانیشەوە لە ڕووی ئەدەبییەوە دیارترین بنیاتنەری قوتابخانەی شیعری نوێ بێ و... هتد مافی خۆیەتی لە ناو ئەو هەموو تێکۆشان و ماندووبوونەیدا ڕۆژانە دوو سێ کاتژمێر تەرخان بکا بۆ ئەوەی تێیدا مەست بێ و بتوانێ خەفەتەکانی لە لایەک دابنێ و تۆزێک پشوو بدا.. دیارە ئەم مافە بۆ هەر کەسێک هەر ڕەوایە.. ئەوە جگە لەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەگەر لانی کەمی ئازادیی و خۆشگوزەرانیی هەبێ و مەی وەک هەر خواردنەوەیەکی تر بە پێی توانای تەندروستیی و مادیی بخورێتەوە ئەوا دەتواندرێ ئەو دوو سێ کاتژمێرەش وەکو کاتەکانی تر سوودی لێ وەربگیردرێ.. بەڵام خەڵکی هۆشمەند لەم بارودۆخەی ئێستا بخواتەوە یان نەخواتەوە دەتوانێ لە هەموو کاتە خۆش و ناخۆشەکانی کاری خۆی ئەنجام بدا و لە ژیانیدا سوودمەند بێ، لەوانەیە ئەم ڕەخنەگرەمان هێشتا دڵی دانەکەوێ و باوەڕ نەهێنێ چونکە پێی وایە (مەیخواردنەوە حەرامە و خودا نەهی لێ کردوە و بۆ ئیمان باش نییە) بۆ ئەوەش دەڵێین: ئاخر گۆران و خەڵکی لە بابەتی گۆران مەیخواردنەوەیان لا حەرام نەبووە و نییە.. پێشوەختیش ئەو چاونەترسییەیان لە خۆیاندا پیشانداوە کە نە زیندووبوونەوە هەیە نە خودا.. کە دەڵێین چاونەترسیی واتە زۆربەی خەڵک - جگە لە گێژ و وڕەکان - لە بنچینەدا وەک گۆران و گۆران ئاساییەکان باوەڕیان بە بوونی خوا و زیندووبوونەوە نییە بەڵام

لەبەرئەوەی ترس - کە دەسەڵاتی پێشوو واتە پێغەمبەر و پیاوە ئاینییەکان بۆیان دروست کردوون - بە سەریاندا زاڵە و ئەو چاونەترسییەیان نییە - لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان مەیخۆرەوەش نین! - تا بتوانن ئەقڵ بەکاربهێنن بۆیە خۆیان داوەتە دەست بێ هوودەیی و باوەڕێکی قولابیی بەسەریاندا زاڵە.. سادەترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک باوەڕی بەوە هەبێ ئەم ژیانە کورت و کاتییەی ئەم دونیایە لە دواڕۆژدا بۆ کەسانی بڕواداری دینیی دەبێتە ژیانێکی هەمیشەیی و ئەوپەڕی خۆشگوزەرانیی.. ئەی بۆچی موسلمانان ناتوانن پەیڕەوی بەرنامەی ئیسلام بکەن و لەبەر خۆشگوزەرانیی (ئەم ژیانە کورت و کاتییە!) تەواوی ئەو هۆیانەیان لەبیر دەچێتەوە کە گوایە دەیانگەیەنێتە ژیانی هەمیشەیی ئەو دونیا! تەنانەت کەسێکی وەک (عومەری کوڕی خەتاب) کە جگە لەوەی یەکێک بووە لە چوار خەلیفەکانی راشدین و یەکێک بووە لە (عەشرە موبەشەر)ەکان و یەکێک بووە لە نزیکترین یارانی محەمەد و راستگۆترین موسلمان بووە بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای موسلمانان.. بە رای زۆربەی موسلمانان باشترین پەیڕەوکەری بەرنامەی ئیسلامیش بووە.. ئەنجا ئەویش لەبەر (مەرامە دینییەکانی!) نەیتوانیوە واز لە دەستکەوت و دەسەڵات بهێنێ.. ئا ئەوەتا کاتێک محەمەد لە سەرەمەرگیدا بووە و داوای لە ئامادەبووان کردوە ((ایتوني بدواة و كتف لأكتب لكم كتابا لا تضلوا بعده أبدا)) واتە ((مەرەکەب و کاغەزم بۆ بهێنن تا نووسینێکتان بۆ بنووسم بۆ ئەوەی هەرگیز گومڕاو سەرلێشێواو نەبن)) بەڵام عومەر بە بیانووی ئەوەی کە محەمەد زۆر نەخۆشە و لەرزوتایەکەی هێز و بڕستی لێ بڕیوە نەیهێشتوە داواکارییەکەی جێبەجێ بکەن و گوتوویەتی ((کفانا)) واتە ((بەسمانە)) کە مەبەستی ئەوە بووە قورئان بەسە بۆ ئەوان و پێویست بەم وەسیەتە ناکا لەم سەرەمەرگەیدا.. دیارە ئەم هەڵوێستە و هەموو مەبەستەکەی هەر لەبەرئەوە بووە کە دەترسا نەوەک محەمەد بۆ جێگری خۆی ئەبوبەکر یان عەلی دانابێ و لە وەسیەتەکەیدا بینووسێ! لێرەدا نامانەوێ هێندە لە بابەتەکەی خۆمان دوور بکەوینەوە.. دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە و بە کورتیی باس لەو هۆکاری ترسە بکەین کە هۆکاری سەرەکیی بووە بۆ ئەوەی زۆربەی موسلمانانی ئێستا نەتوانن بە ئازادیی خۆیان ناوەرۆکی هزری بێ باوەڕییان بە خوا و زیندووبوونەوە دەربخەن:

١- ترسی بۆماوەیی: ئەو ترسەیە کە بە شێوەیەکی بۆماوەیی بۆ مرۆڤ ماوەتەوە.. ئەویش ئەو ترسی زیندووبوونەوە و رۆژی لێپرسینەوە و هەبوونی ئەو دۆزەخەیە کە هەر لە سەرەتای باوەڕهێنان بە (دروستکەری بوون و بوونەوەر!)وە تا ئەم خوایەی موسلمانان خراوەتە مێشک و دەروونی مرۆڤ و وردە وردە کەڵەکە بووە بە جۆرێک کۆرمۆسۆمە سیفەتهەڵگرەکان شێوەی ترسەکە - نەک جۆرەکەی - هەڵگرن و بیگوازنەوە بۆ منداڵانی تازەبوو.. ئیدی کاتێ کە جۆری ترسەکە و باوەڕی ئیسلامیی لە لای منداڵان پەروەدە دەکرێ پاش گەورەبوون و هەڵگەڕانەوە یان بێ بڕوابوونیشیان بە ئیسلام ناوێرن و ناتوانن هێندە بە ئاسانایی لە مێشکیاندا بیسڕنەوە.

٢- ترسی پەروەردەکراو: یەکەم پەروەردە و دوا پەروەردە - لە منداڵییەوە تا مردن - لە کۆمەڵگای ئیسلامییدا پەروەردەکردنی ئەو ترسەیە لە لای خەڵک کە کەم موسلمان هەن لە (ئەشکەنجەی ناو گۆڕ!) و (ئاگری دۆزەخ!) رزگار ببن، بێ گومان ئەوەش ئەقڵ و ئازایەتییەکی یەکجار گەورەی دەوێ بۆ ئەوەی یەکێک ئەم پەروەردەیە لە زەینی خۆی پووچ بکاتەوە.

٣- ترسی دەسەڵات: تێکرای دەسەڵاتە چەوسێنەرەکانی جیهان پشتگیریی لە دین دەکەن بە تایبەتییش دەسەڵاتە چەوسێنەرەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیی وێنەیان لە هیچ جێگایەکی تر نییە لەم رووەوە و لە زۆربەی وڵاتەکانیان دەستوور و یاسا و تەنانەت داب و نەریتەکانیشیان لەسەر شەریعەتی ئیسلام داڕێژراون و هەر کەسێک لەو داب و یاسایانەیان دەربچێ ئەوا یەکێک لەو سزایانەی خوارەوەی لەسەر جێبەجێ دەکرێ؛ (سووکایەتیی پێکردن، ئاوارەکردن، زیندانکردن، ئەشکەنجەدان، بریندارکردن، لەسێدارەدان، تیرۆرکردن، و... هتد).. بۆیە ئەگەر یەکێک زۆر خۆڕاگر نەبێ و تاکتیکی چاکی نەبێ و هێزێکی چاک لە خۆی کۆنەکاتەوە یان چەک هەڵنەگرێ ناتوانێ بەرامبەر بەم ترسانە بوەستێتەوە.

٤- ترسی ژیان و گوزەران: بە هۆی فەرهەنگی دواکەوتووانەی کۆمەڵ و

مەرج و سنووورە دینییەکانی دەسەڵات.. هەموو کاتێک و لە هەر شوێنێکی کار و ژیان - هەر لە باوەشی دایکەوە و تێپەڕبوون بە باوەشی هاوسەرەوە تا دەگاتە باوەشی گۆڕ - هەر لە کاری رێکخستنی ماڵەوە و کارە کرێکارییەکانەوە تا دەگاتە کارە دەسەڵاتدارییەکان هەڕەشەی لە ژیان دابڕاندن و گوزەران تێکدان لە بەردەمی خەڵک قوت بۆتەوە نەک لەبەرئەوەی بێ دینیی خۆیان بە ئازادیی رادەگەیەنن یان دژایەتیی دین دەکەن بەڵکە تەنیا لەبەرئەوەی پەیڕەوی دین ناکەن.. ئەوەش کۆستێکی زۆر گەورەیە بۆ مرۆڤ بە تایبەتییش بۆ خەڵکانی سەر بە چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تێکڕای نەداران.. دیارە کەم کەس هەیە خۆی لەبەر ئەم ترسە رابگرێ ئەگەر ماوە ماوە دەستکاریی یاسا و دابەکان بەرەو چاکتر نەکرێ و کاراییان کەمتر نەکرێتەوە تا ئەو رۆژەی کە بە حەتمیی حوکمی خەڵک دروست دەبێ و تێکڕای ئەم ترسانە دەڕوێنێتەوە و ئازادیی بیروباوەڕ فەراهەم دەکا.

٥- ترسی بێ پشتیوانیی: لە ناو زۆربەی زۆری وڵاتانی کۆمەڵگای ئیسلامیی هیچ دەزگایەکی هزریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی نییە بتوانێ پشتیوانیی لە بوونی بێ دینیی بکا جگە لە هەندێ حیزب و رێکخراوی سیاسیی لاواز کە ئەوانیش رۆژانە خۆیان دەکەونە بەر هێرشی ناڕەوا تا رادەی تیرۆرکردنیش.. بۆیە هەر هێندەی بەرگرییکردن لە خۆیان دەتوانن بەرگریی لە مافەکانی بێ دینان بکەن ئەویش بە مەرجێک کەسانی بێ دین پەیڕەوی بەرنامە و سیاسەتی ئەوان بکەن یان لایەنگیریان بن دەنا ئەویش فت.. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێ کە تا رادەی ئەوپەڕی پێویستیی پێویستە یەکێتییەکی مەدەنیی و دوور لە سیاسەتی حیزبایەتیی لە هەر وڵاتێکی ناو کۆمەڵگای ئیسلامیی بۆ بەرگرییکردن لە بێ دینەکان دابمەزرێ و هەوڵ بدرێ حکومەتەکان ناچار بکرێن بە شێوەیەکی فەرمیی مۆڵەتی یاسایی بەو یەکێتییانە بدەن تا ئەو کاتەی ئازادیی بیروباوەڕ بە تەواویی بۆ هەر کەسێک مسۆگەر دەکرێ.

لێرەدا بە خێرایی دەگەڕێنەوە لای شاعیرە بەرەواژەکەمان و دەڵێین: تۆ کە دەڵێی لە دوای تێکشکانە عاتیفییەکەت دەستت بە خواردنەوە کردوە بۆ ئەوەی خۆت تەسەڕوف بە ئەقڵی خۆت بکەی؛ ئەمە واتای

ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ پێشتر ئەقڵت بە دەستی خەڵکەوە بووە.. باشە ئەگەر ئاوەها بووبێ دەبێ عاتیفەکەت چ جۆرە عەتفێکی سەیروسەمەرە و سەوداسەر و سەراوپێش و سەرچیغ بووبێ!؟ مەگەر هەر خۆت سەرەدەریی لێ دەربکەی! یان مەگەر تەنیا (خودایەکەی سۆران) بیزانێ! چونکە (ئەو) هەموو شتێک دەزانێ و سەرجەمی ژیانی خۆی تەرخان کردوە بۆ ئەوەی ئاگای لە (خشەی مار و مێروو و ترِی مشک و بۆسەی سەگ و بیرکردنەوەی کەر و گووکردنی پشیلە و... هتد) هەبێ! ئەنجا لێرەدا پێشەوپێش دەچینەوە لای رەخنەگرە پاشەوپاشەکەمان و ئەم فەرموودە سەراوقوونەی بۆ راست دەکەینەوە کە دەڵێ: (ئەقڵ تەسەڕوف بە هەر کەسێ دەکا تا ئینسانێکی ئاسایی و ژیر بێتە بەرهەم .. ئەم ئەقڵەش پەروەدگارە وەک جوانترین مەخلوق لە ئینساندا بەخشیویەتی بە مرۆڤ) ئەی قوربانی ئەو ئەقڵە خەلاتکراوەت بین - کە لای تۆ خەلاتکراو خەلات ناکرێتەوە واتە.. ئەقڵی تۆ سوودی بۆ هیچ کەسێک نابێ - ئاخر ئێستا ئیسلامییەکی برِۆکەیەک تێگەیشتووش - هێندەی سەری نووکە دەرزییەک! - ناڵێ خودا ئەقڵی لە مێشکی مرۆڤ پەستاوە.. بەڵکە دەڵێ خوا مێشک و کەللەسەر و تێکرِای جەستەی دروست کردوە.. جەستەش بە هۆی جوولە و کارکردنی ئەقڵ دروست دەکا.. دیارە بەشی یەکەمی ئەم قسەیەی ئیسلامییە برِۆکەیەک تێگەیشتووەکە ئەندێشەی ئیسلامییبوونەکەیەتی و مافی خۆیەتی چونکە ئیسلام ئاوەهایە.. بەڵام بەشی دووەمی قسەکەی دەربرِینێکی تەواوە.. بۆیە ئێمەش بە کورتیی دەڵێین کە جەستە پەیدابووە ئیدی لە پێناو غەریزەکان و خۆژیاندنی خۆبەخۆ دەکەوێتە جوولە و کارکردن.. ئەم جوولە و کارکردنەش ئەقڵ لەناو مێشک بەرهەم دەهێنن.. جا بەم پێیە ئەقڵ و جەستە بە بەردەوامیی دەبنە تەواوکەری یەکتر و ئەو شتەش کە لە نێوانیان پێکدێ پێی دەگوترێ مرۆڤ.. مرۆڤیش بە هۆی کار لەیەکترکردن و یەکتر بە یەک ژیاندنی ئەم دووانە درێژە بە بوونی خۆی دەدا.

لە کۆتاییدا دەڵێین: لە سەرەتاوە تا ئێرە بە دەیان هەڵەی وشەسازیی و رستەسازیی و دارِشتن و هەڵەی تری رێزمانییمان بەرچاو کەوتوە لە نامیلکەکەیدا.. هەروەها بەسەر دونیایەک هەڵەی رێنووس و تەنانەت هەڵەی ئیملاییش بازمان داوە.. ئەوا باسی ئەو وشە عارەبییە

**بەسەرچووانەش هەر ناکەین کە بەکاریهێناون و ئێستا وشەی کوردی بەرامبەریان زۆر چاکتر و جوانترن هەن تەنانەت بۆ گەردانەکردنیش باشترن.. بەڵام قەیدی ناکا چونکە ئەم رەخنەگرەمان نووسەرێکی ئیسلامییە و لە شێوەی نووسیندا لە ئەوانی تر باشترە.. هەر هیچ نەبێ چاک نییە وەک مەلایەکە ناڵێ: (بیکەمم رەپاپیل تووەدوونی ئیلە ئەوبەری بابولموعەززەمەتین؟)! بۆیە چاکترە لێی بێدەنگ بین.. دواییش ئەو کارە پەرتووکێکی تایبەتی گەرەکە و شێوە نووسینەکەشی ئەو بەهایەی نییە و هێندە هەڵناگرێ.**

## - شەشەم -

**دلاوەر قەرەداغی (شاعیر):**
"بۆیە دەخۆمەوە تا تێنوو بم!"

رەخنەگرە پەرتەوازەکەمان لە سەرەتادا دەڵێ: (پێدەچێت ئەم شاعیرە سەرخۆشە لە ساتی چاوپێکەوتنەکەدا. لەڕووی مەستیدا بوبێت چونکە وەڵامی پرسیارەکانی ئاسمان و ڕێسمانە.) کەچی هەر ڕاستەوخۆ پاش ئەمە دان بە گونجاویی ئاساییبوونی وەڵامی (تا تێنوو بم)ی پرسیاری بۆچی دەخۆیتەوە؟ دادەنێ و دەڵێ: (ڕاستە بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی دەخۆنەوە، غەریزەی شەهوانی و ناعەقڵانییەکانیان هان دەدەن و .....، .....، .......،و لەوپەڕی تێنوویتیدا هەوڵی تێر بوون دەدات)! ئەگەر بیەوێ بادانەوەیەکیش بکا و بڵێ من مەبەستم ئەوە نییە وەڵامەکان بەرامبەر پرسیارەکان نێوانیان ئاسمان و ڕێسمان.. بەڵکە وەڵامەکان بەرامبەر بە یەکتر لە بۆچوونی شاعیردا نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە، ئەوا دەبێ یەکەم جار دان بە هەڵەیی گوزارشتەکەی خۆی بنێ و ئەنجا داوامان لێ بکا گوزارشتەکەی بەم شێوەیە بۆ ڕاست بکەینەوە: (وەڵامەکانی شاعیر هیچ گونجاوییەک و لەیەکچوونێکی تێدا نییە لەوەی کە قسەی یەک کەسن.. هەر دەڵێی قسەی جیا جیای چەند کەسێکن) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەسەر ئەم دوو وەڵامە : (تا تێنوو بم) و (یانەی فەرمانبەران لای من مەعبەدە) جێبەجێ نابێ، بۆیە مەبەستەکەی هەر قسەی یەکەمە و تێکەوتنەکەشی لەمەوە سەرچاوەی گرتوە کە دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بێ چەند قسەیەکی (سووک) بە شاعیر بڵێ.. بۆیە ئاگای لە قسەکەی پێشتری نامێنێ و بە سووک و ئاسانیی باس لە گونجاویی وەڵامی (تا تێنوو بم) دەکا، باشە تۆ بەو هەموو پەرتەوازییەی خۆت وا دەزانی دەتوانی فێڵ لە خوێنەران بکەی و بە سەریاندا تێبپەڕێ!؟ نا نا.. ئەگەر وا تێگەیشتووی ئەوا تا بیناقاقات لە هەڵە نوقم بووی و لەمێژە سەردەمی ئەو نووسینە پلاستیکییانە بەسەرچووە و ئاگادارت دەکەینەوە کە زۆر بەداوکەوتووی.

با لێرەدا ئەم شاعیرە بەکۆیلەبووەمان بدوێنین؛ باشە نەدەکرا وەڵامی پرسیاری (بۆچی دەخۆیتەوە؟)ت هەندێک بە درێژیی و روونتر بدابوایەوە بۆ ئەوەی ئەم رەخنەگرە پەرتبووەمان بە تەواویی لێی تێگەیشتبووایە و دەرفەتی ئەولا و ئەملای نەبووایە.. ئەو کات هەردوو لامان بەم شێوەیە تووشمان بە تووشی نەدەبوو و کاتمان پێیەوە بەفیڕۆ نەدەچوو.. بۆ نموونە گوتبات (بۆ ئەوەی بە تامەزرۆییەوە هەڵسوکەوتی ئەو هیوا و ئارەزووانە بکەم کە من مەبەستمن) و بڕایەوە، ئیدی با سەری خۆمان نەیەشێنین و رەخنەگرەکەمان وەلابنێین و قسان لەگەڵ تۆ بکەین؛ باسی ئەوەت لەگەڵ ناکەم بۆ تۆ دەتەوێ تێنووت بێ و تێنووی چی دەبی و چۆن تێنوویێتییەکەت دەشکێنی؟ ئەوانەت هەمووی ئاشکران و پێویست ناکا وەڵامی عەنتیکە و پەنتیکەت پێ داتاشین! بەڵکە دەڵێین کە دەڵێی: (تا تێنوو بم) ئەمە خۆی لە خۆیدا واتای ئەمە دەبەخشێ کە تۆ لە ماوەی ئەو (١٥ - ٢٠) کاتژمێرەی تری ژیانی رۆژانەت کە تێیدا سەرخۆش نی.. هیچ تێنووت نابێ - تێنوو بۆ هەر شتێکی مادیی و مەعنەویی کە تۆ مەبەستتە - بێگومان هەر کەسێکیش دۆخی تێنوێتیی نەیگرێ تام لە ژیان ناکا و ئەوەی تامیش لە ژیان نەکا نە سوود لە ژیانی خۆی دەبینێ و نە سوود بە کۆمەڵیش دەگەیەنێ.. بۆیە تۆ بووی بە پارچە شتێکی زیاد بەسەر خۆت و کۆمەڵ و ئەگەر خۆت بە شاعیرێکی قیچێک راستەقینە بزانی ئەوا هەقە خۆت بکوژی و خۆت لە کۆڵ خۆت و کۆمەڵ بکەیتەوە.. چونکە کاتێ شاعیر هەست بکا نەک زیادەیە و بۆتە بار بەڵکە تەنیا هەست بکا بوون و نەبوونی وەک یەک وایە ئەوا خۆی دەکوژێ.. هەرچەندە خۆکوشتن لای ئێمە دیاردەیەکی بێزەوەرە و ئەوپەڕی نامرۆڤانەیە.. بەڵام چی دەکەی لە کۆمەڵگای چەوسێنەر واقیعێکە و هەیە.. تا یەکسانیی و ئازادییش بۆ تێکڕای کۆمەڵگایەکان بەدەست نەیێ ئەوا ئەم دیاردەیە کۆتایی نایێ.. ئەڵبەتە لەوێش بە تەواویی لەناو ناچێ چونکە لەوێش مرۆڤی ناوازە و دەگمەن بە هۆی سروشتی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن سروشتەوە دروست دەبێ - نەک بە هۆی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە کە لەوێ نامینێ - بەڵام دیارە بە شێوەیەکی زۆر زۆر کەمتر ئەم دیاردانە روو دەدەن.

با بێینەوە سەر هێڵ.. دیارە کەسێک ئەگەر لە زۆربەی زۆری کاتەکانی

**ژیانی رۆژانەیدا تێنوو نەبێ و تام لە هیچ نەکا ئەوا لەو چەند کاتژمێرەی تری کە تێیدا مەستە** - بە قسەی خۆی تێنووی دەبێ - **هیچ بە هیچ ناکا و لە کات بەفیڕۆدان و خۆبزرکردن زیاتر هیچی دی ناچنێتەوە.. بۆیە پێویست ناکا هێندە بیدوێنین و خۆمانی لەگەڵ ماندوو بکەین.. بەلام لەبەرئەوەی قسەیەکی هێندە نابەجێی هەڵبزرکاندوە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ بێدەنگ بکا.. کاتێ لێی دەپرسن یانەی فەرمانبەران چی دەگەیەنێ لای تۆ؟ بە هەموو ئەقڵی خۆی کە لای خۆی وایە جگە لەوەی رۆشنبیرێکی هەڵبژاردەیە شاعیرێکی پڕ داهێنان و تازەگەر و تەنانەت دوارۆژخوازیشە! دەڵێ:** (**یانەی فەرمانبەران لای من مەعبەدە**) **رەنگە ئەگەر لێی بپرسن بۆچی مەعبەدە؟ یان چۆن دەکرێ یانە لە جێگای مەعبەد دابنرێ؟ یان دوو شتی زۆر لەیەک جیان.. ئایا ناواقیعیی نییە جێگای پەرستن و جێگای خواردنەوە بە یەک بچووێنرێ؟ ئەوا لەبەرئەوەی خۆی بە ئەدیب دەزانێ بە دەیان زاراوەی وەک دال و مەدلوول و سیمبۆڵ و خواستن و لەیەکچواندن و... هتد هەڵدەڕژێ جا بە کامەیان بۆی رێککەوت و رێی تێچوو دەیداتە دوێ تا بێزارت دەکا.. ئەنجا قەرزارباریشت دەکاتەوە و بە یەکێک لەو زاراوانە** (**میکانیکیی، ماتماتیکیی، خیتابیی، واقیعگەرایی، پراگماتیکیی، ریالیستی سۆشیالیست، دۆگماتیست و... هتد** - کە خۆی واتایەکانیان بە تەواویی نازانێ -) **تاوانبارت دەکا.. ئەگەر بە پێداگرتنیش بەڵگەی هونەریی و زانستییانەی بۆ بهێنیەوە و بە قسەی لەبار و گونجاو سەرنجی بۆ گفتوگۆی زیاتر و بە یەکتر سەلماندن رابکێشی ئەوا لەبەرت هەڵدێ و بە سەرسەخت و وشکە سیاسیی و سەردەرنەکردن لە ئیستاتیکا و فۆرم و تەکنیکی هونەریی و دژە ئەدەب و هونەرت لە قەڵەم دەدا و دەیقوچێنێ.**

**لێرەدا لەم شاعیرەمان واوەتر دەچین و دەڵێین: پێمان وایە تا ئێستا زۆربەی شاعیر و ئەدیبە گەورەکانمان جا چ سەر بە عەلمانیی بن یان سەلەفیی دووچاری بەدحاڵییبوونی خراپ بوونەتەوە لەوەی کە شتە چاک و جوان و خۆش و بە توانایەکان و... هتدیان بە خوا و بەهەشت و نوێژ و فریشتە و حەلاڵ و... هتد چوواندوە و شتە خراپ و ناشیرین و ناخۆش و بێ توانایەکان و... هتدیان بە شەیتان و دۆزەخ و کوفر و دەجال و حەرام و... هتد چوواندوە.. ئەڵبەتە ئەگەر ئەدیبە سەلەفییەکان**

لەگەڵ خۆیان راستگۆ بن ئەوا هزری سەلەفیی بە هیچ شێوەیەک رێگا نادا یەکێک خۆشەویستی خۆی بە خوا بچووێنێ یان کەسێکی خراپ بە شەیتان بچووێنێ.. چونکە ئەم شتانە دەستوەردانن لە کاری خودا و بە جۆرێک لە کوفر دەژمێردرێن.. بە هەر حاڵ رەنگە لە هەندێ بار و دەرفەتی دیکە بۆ ئەوان بشێ چونکە ئەو شتە چاک و خراپانەی باسمان کردن تەنیا لە روانگەی ئەوان چاک و خراپن، باشە ئەی چۆن دەکرێ ئەدیبە عەلمانییەکان کە لە بنچینەدا باوەڕیان بە بوونی زۆرێک لەو شتە چاک و خراپانەی سەلەفییەکان نییە ئەو لەیەکچوواندنانە بکەن!؟ تەنانەت تێڕوانینیشیان بۆ ئەو شتانەی بوونیشیان هەیە پێچەوانەی سەلەفییەکانە و زۆربەی شتە چاکەکانی لای ئەمان خراپن لای ئەوان و زۆربەی شتە خراپەکانی لای ئەمان چاکن لای ئەوان.. جا کە ئەدیبێکی عەلمانیی شتێکی چاکی خۆی بە شتێکی چاکی لای سەلەفییەکان - جا شتەکەی سەلەفییەکان بوونی هەبێ یان نا - دەچووێنێ ئەوا بەڵگەی ئەوەیە کە ئەدیبەکە لەبەر نائاگایی و خەڵەتان و بەدحاڵیبوونی خۆی دووچاری لاوازیی و چەقبەستنی فەلسەفیی و هزریی بووە و بۆتە ئەدیبێکی ئەو داب و فەرهەنگەی کە لە ئەنجامی کارایی ئەو شتە بە چاک و خراپ لە قەڵەم دراوانەی سەردەمی نەزانین و پایەداریی فەلسەفەی تاکڕەوانەی تێکڕای ئایدیالیستەکان - کە سەلەفییەتی ئیسلامییش بەشێکە لێی - هاتۆتە دی و خۆی سەپاندوە، بەڵام ئێستا سەدە و نیوێک تێپەڕیوە بەسەر ئەوەی کە زۆربەی عەلمانییەکان بە تەواویی بۆیان دەرکەوتوە زۆربەی شتە بە چاک لە قەڵەم دراوەکانی ئەو سەردەم - ئەوانەی هەن یان نین - خراپن و هەردەم بوونەتە رێگر لەبەردەم پیشکەوتنی ژیان و سەرەڕای ئەمەش داب و نەریت و فەرهەنگێکی دژە مرۆییانەشیان بۆ مرۆڤ داتاشیوە.. بۆیە ئەو جۆرە ئەدیبانە پێ بزانن یان پێ نەزانن - جگە لە هەندێک خزمەتیان - زۆرێک لە خزمەتەکانیان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە قازانجی سەلەفییەکان تەواو دەبن، دیارە ئەو بار و دیاردەیە زیاتریش دەخایەنێ چونکە تا ئێستا دەسەڵاتی چەوسێنەران پایەدارە و هێشتاش زۆربەی ئەدیبان سەر بە چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵن و ئەوانەی لەوانیش نین بە حوکمی ژیانەکە بە رایەڵێک لە رایەڵەکان هەر بەو چینانە بەستراونەتەوە بۆیە زۆربەی هەرە زۆریان بەرژەوەندییەکانیان رێگایان نادەن لە خزمەتی

سەلەفییەتی دینەکان و هێڵە ئایدیالیستەکانی تر - کە هەموویان گۆپاڵی دەستی چەوسێنەرانن - نەبن و تا ئێستاش ئەدیبی گەورەی سەر بە چینە کرێکار و زەحمەتکێشەکان و هەڵگری هزری کۆمۆنیزم و عەلمانیی زۆر کەم هەڵکەوتوون چونکە باری ژیانی مەمرەومەژییان و سەرکوت و زۆرداریی سەریان و دابڕاندنیان لە دەستکەوتەکانی زانست و تەکنیک دەرفەتێکی ئەوتۆی لەبەردەمیاندا نەهێشتۆتەوە تا بتوانن خۆیان بۆ کارە رۆشنبیرییەکان تەرخان بکەن بە تایبەتییش لە وڵاتانێکی وەک لای خۆمان کە ئازادیی نووسین و بڵاوکردنەوە و زۆربەی ئەو ئازادییانەی لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان دەگونجێن زۆر کەمن یاخود هەر نین.

جا ئەم (دلاوەر قەرەداغی)ەش لەگەڵ ئەوەی خۆی بە تێکڕای زاراوە ئەدەبییە تازەگەریی و پیشکەوتنخوازییەکان پێناسە دەکا شاعیرۆکەیەکی سەر بە بەرەی یەکەمە و بە پێی بنچینە هزریی و فەلسەفییەکانی ئەوان دەدوێ.. بۆیە یانەکەی بە مەعبەد و خۆشی بە کۆیلە داناوە و ئەو ئەدەبەی بڵاویشی دەکاتەوە هیچی کەمتر نییە لەو خزمەتکارییەی کە خزمەتکارێکی کۆیلە پێشکەشی سەرکردەیەکی کۆیلەداری دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی ئەمڕۆی دەکا.. بەڵام ئەم شاعیرەمان بە پێی لۆژیکی خۆی و بۆچوونەکانیشی سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە خۆی بە کۆیلە و یانەکەشی بە مەعبەد چوواندوە.. باشە ئەمە کۆیلە و مەعبەدەکەی دیاری کردوە.. ئەی چی و کێ (مەی، مێز، گارسۆن، خاوەن یانەکە، و... هتد)ن و کامیان (خودا یان بت)ەکەیەتی؟ دیارە ئەمانە هیچیان بۆ (ئەم پلە بەرزە!) ناشێن و رەنگە پەرستراوەکەی ئەو هەر خوایەکی وەک خوایە نادیار و نەبووەکەی موسلمانان نادیار و نەبوو بێ و بە ئەندێشەی ئەفسووناویی و حیکمەتی بەرزی شاعیرانەی خۆی ئافەریدەی کردبێ و لە خۆی زیاتر بترازێ کەس پەی بە نهێنییەکانی نەبا! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شاعیرەکەمان نەیدۆڕاندوە.. ئەوەتا گەڕاوەتەوە سەر بنچینەی رەسەنی پابەبەرزیی خۆی و ناوی (قەرەداغ)ی - کە ناوی ناوچەکەیەتی - کردۆتە نازناو و ناسناوی خۆی و شانازیی پێوە دەکا.. دەک ئافەرین شاعیری تازەگەر بۆ خۆت و هەست و نەست و بیرکەدنەوەت؛ تۆ بێی و لە سەردەمی مۆدێرنیزم و بەجیهانییکردن و شەڕی شارستانییەکان و

کۆتایی مێژوو و هەموو ئەو قسە قۆڕانە بە سەر رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانی گەورە و کوردستانی باشوور و سۆران باز بدەی و تەنانەت لە سلێمانچێتییش زیاتر داببەزی و شانازیی بە قەرەداغچێتیی بکەی! رەنگە ئەم شاعیرەمان چەندین بیانووی هەبێ بۆ رەتکردنەوەی ئەم قسەیەی دواییمان چونکە ئەم قسەیە لە هەموو ئەوانی تری سەرەوە زیاتر - بە شێوەیەکی رووکەشییانە! - دەیرووشێنێ و ئەگەر لەسەری ببێتە ماڵ ئەوا هەموو پڕوپاگەندەکانی تری پووچ دەبنەوە.. بۆیە رەنگە بەم بیانووانە بێتە گۆ:

١- من ناوی (قەرەداغ)م وەک ناسناو بۆ خۆم هەڵبژاردوە نەک نازناو.

٢- لە سەردەمێک ئەم ناوەم بۆ خۆم هەڵبژاردوە کە ناوچەی قەرەداغ و ناوی قەرەداغی دەلالەتێکی شۆڕشگێڕیی بووە دژی حکومەتی بەعس.

٣- زۆر شاعیری لە ئێمە پایەبەرزتر - ئەگەر ئەمەی بەسەر زاردا بێ و کەس لە خۆی بە پایەبەرزتر بزانێ (نووسەر) - هەبوونە ناسناوی گوند و خێڵ و ناوچەیان بۆ خۆیان داناوە.

٤- لە ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان بە شێوەیەکی ئاسایی هەموو کەسێک ناوی ناوچە یان بنەماڵەیەکی گەورە یان بچووک دەکەنە ناسناوی خۆیان.

بۆیە ئەوەی من کردوومە شتێکی ئاساییە و پەیوەندیی بە خێڵایەتیی و ناوچەگەرییەوە نییە بەڵکە من زۆر گەورەترم لەو شتانە و لە بۆچوونەکانی ئێوەش.

هەرچەندە ئەگەر ئێستا زیاتر تەنگاوی بکەین ئەوا زۆر خۆی راناگرێ و دەڵێ ئەم ناسناوانە بۆ ئەو سەردەم باو بوون و ئێستاش پێمانەوە نووساون و لێمان نابنەوە دەنا ئێستای ئێمە و ئەو ناسناوانە (کوجا مەرحەبا)! بەڵام ئێمە نامانەوێ هێندە تەنگاوی بکەین و تەنیا دەمانەوێ وەڵامی ئەو بیانووانەی سەرەوەی - کە بیانووی هەر کەسێکی لە بابەتی ئەون - بدەینەوە:

١- (قەرەداغی) و هەموو ئەو ناوە ناوچەگەریی و خێڵەکییانە هەر لە ناوی گوندێک و بنەماڵەیەکەوە تا دەگاتە هەر چوار لای گۆی زەوی و نەتەوەیەک و رەگەزی چەند نەتەوەیەک بە هیچ جۆرێک ناکرێ تەنیا

وەک ناسناوێکی دوور لە هزری دەاکەوتووانە و رەگەزپەرستانەی ناوچەگەریی و خێڵەکیی و ناز پێوەکردنیان وەربگیردرێ.. ئەگەر وا نییە ئەی بۆ لەو هەموو ناوەی جیهان تەنیا ناوی یەکێک لە قەوارە ناوچەیی و رەگەزییەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ و یان بۆچی ناوێکی وەک دڵدار، پەشێو، دڵپاک، شادیی، و... هتد هەڵنابژێرێ کە بۆ ناسناو و نازناویش دەشێن و هیچ هەستێکی دواکەوتووانەشیان تێدا نییە.

٢- دەکرێ بڵێین سەردەمی (عەبدوڵا گۆران) - کە گۆران ناوی خێڵی ئەو نەبووە و لە رقی خێڵەکەی خۆی کە شەڕیان هەبووە لەگەڵ گۆرانەکان ئەو ناسناوەی هەڵبژاردوە - هەڵبژاردنی ناوی لەم بابەتانە لە لایەن هەندێک لە شاعیرە پایەبەرزەکان شتێکی ئاسایی بوو بە گوێرەی باری پێشکەوتنی رۆشنبیریی ئەو سەردەم.. بەڵام پاش ئەو سەردەم و سەقامگیربوونی شیعری نوێی کوردی نە شتێکی ئاساییە نە هیچ شاعیرێکی (پایەبەرز)یش بۆ ناسناو و نازناو ئەو ناوانەی لە خۆی ناوە.. مەبەستیش لە شاعیری پایەبەرز ئەوانە ناگرێتەوە کە دەسەڵات یان قەڵەم فرۆشەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەریانخستوون نەک لەبەر بەرزیی شیعرەکانیان و هەڵوێستی مرۆڤپەروەرانەیان لە ژیان.. دیارە شتی دەگمەن و ناوازەش لە هەموو لایەن و سەردەمێک دەردەکەوێ بۆیە دەشێ نەک هەر لە کوردستان بەڵکە لە هەموو شوێنێک بە دەگمەن شاعیری پایەبەرزی ناوازە دەرکەوێ کە نازناو یان ناسناوی دواکەوتووانە بۆ خۆی هەڵبژێرێ بەڵام بە حەتمیی لە هەندێ رووی تر کەموکوڕیی دەبێ و هەر خودی نازناو هەڵبژاردنەکەش شانازییکردنە بە ناوچەکەی یان رەگەزەکەی و لە سەرووی ئەوانی تری دەبینێتەوە ئەمەش بۆ خۆی هەڵوێستی خەڵکێکی دواکەوتوو و دژەمرۆییانەیە نەک هەڵوێستی شاعیرێک.

٣- وڵاتە پێشکەوتووەکان واتە ئەو وڵاتانەی لە زۆربەی بوارەکانی ژیان بە بەراورد لەگەڵ هی وڵاتانی وەک وڵاتی ئێمە پێشکەوتووترن.. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئیدی لە چەوسانەوە و دیاردە کۆنەپەرستییەکان رزگار بووبن بەڵکە ئەوانیش وڵاتانێکن لە ریزی هەر وڵاتێکی تری چەوسێنەر و تا ئێستاش سەرەکییترین دیاردەی چەوسانەوە

بە فراوانترین شێوە لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەچێ کە کەمایەتییەکی زۆر کەمیی کۆمەڵ لە بیرۆکراس و مشەخۆرەکان خاوەنی زۆربەی هەرە زۆری سامان و بەرهەمن و دەسەڵاتیان لە دەستە و لەوپەڕی خۆشگوزەرانییشدا دەژین.. کەچی زۆربەی زۆری کۆمەڵ کە کرێکاران و زەحمەتکێشانن خاوەنی هیچ نین و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیشیان لە دەست نییە و بە گوێرەی ئەوانەی یەکەمیش لە ناخۆشترین گوزەراندا دەژین، کەواتە ئەی شاعیری قەرەداغە (حەیات و هەموو شتەکە!) زۆر ئاساییە ئەوانیش ئەو دیاردە خراپە ناوچەگەریی و رەگەزپەرستییەی تۆیان هەبێ و بە دەیان دیاردەی تری لەم چەشنە واوەتریشیان هەبن.. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێمە پێشکەوتووترن و چەندین دیاردەی کۆنەپەرستانەشیان - کە ئێستا لای ئێمە باون - بنەبڕ کردوە و دیاردە ناوچەگەریی و بنەماڵپەرستییەکەشیان وەک هی ئێمە نین.. هی ئەوان لە پێناو هەندێک بەرژەوەندیی مادیی و مەعنەوییە کە بە بەراورد لەگەڵ هی وڵاتە دواکەوتووەکان زۆر بە خراپیی بە سەر کۆمەڵدا ناشکێنەوە.. کەچی ناوچەگەریی و خێڵایەتییەکەی ئێمە بۆ ئەوەن کاتێک گیروگرفتێکت بەسەر دێ - جا هەر گیروگرفتێک بێ - بە ئەحمێک دەیان و بگرە سەدان چەکدار لە دەورت کۆ ببنەوە و گیروگرفتەکەت بە زەبری چەک چارەسەر بکەی جا چەند کەسی تێدا بکوژرێ گرنگ نەبێ! تەنانەت دەنگ و رای سەرۆک خێڵێک یان بەرپرسی ناوچەیەک بریتییە لە دەنگ و رای تێکڕای خێڵەکەی یان ناوچەکەی لە هەر هەڵبژاردن و راپرسییەک!

لە کۆتاییدا دەڵێین زۆر بە قسەی ئەو رەخنەگرە (دەمامک رەشەی بن دونیایێ!) نیگەران مەبە کە بە (رائیدی شیعری کورردی)ت نازانێ چونکە تا تۆ ئارەق بخۆیتەوە ئەوا نەک هەر بە شاعیر بەڵکە بە (ماعیر)یشت نازانێ.. بەڵام ئێمە بە شاعیرێکی (پێپلیکانە بەرز)ت دەزانین و هەقە ئەگەر بە تەنیاش بێ قوتابخانەیەکی تازەی ئەدەبیی - تازە لە ناو پاکەت - رابگەیەنی.. ئێ خۆ تۆ هیچت لەو شاعیرە (پایەبەرزانە!) کەمتر نییە کە هەر خۆ دەجوولێننەوە ناجوولێننەوە رێبازێک یان مانیفێستێک بە تۆز و خۆڵەوە فڕێ دەدەنە بازاڕەوە؛ روانگەییەکان، تەلیعییەکان، تەمبوور قوڕەکان، زناکییەکان، چەندین راگەیاندن و مانیفێستی چەند کەسیی و تاکە کەسیی، و... هتد، ئەگەر بێ ئەدەبییش نەبێ لە رووی جەنابتان دەڵێین ئەگەر بە گرانی نازانن بۆ چەند ساتێک لە تەختی

**پایەداریی و شکۆمەندیی خۆتان تۆزێک داببەزن بۆ ئەوەی لە روومان بێ بتوانین چەند قسەیەک لە حزوورتان بکەین.. ئەوا دەڵێین؛ ئێمە پێشنیار دەکەین ئەگەر نیازتان هەیە قوتابخانەیەکی ئەدەبیی رابگەیەنن** - کە بە راستیی هەقی خۆتانە و لە شان و شەوکەتتان دەوەشێتەوە - **ئەوا با قوتابخانەکەتان تایبەت بێ بە قەرەداغییەکان و ئەوانەی دەبن بە قەرەداغی.. ئێ باوەڕ بکە شاعیر و ماعیری قەرەداغی هێندە زۆرن بایی قوتابخانەیەکیش زیاتریان وەبەرەوە هەیە.. با ناوی قوتابخانەکەش** (سۆزی قەرەداغ) **بێ چونکە تازە ناوی قەرەداغ و قەرەداغی لەوە دەرچووە هەستێکی ناوچەگەریی لە پشت سەرەوە بێ.. ئێستا قەرەداغییەکان وەک پیکابی** (فۆرد) **بە هەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و ناوەکەیان بۆتە نازناوێکی جیهانیی، تکاشت لێ دەکەین دارشتنی کۆتایی راگەیاندنی قوتابخانەکەشت بدە بەو پیاوە (ئازا و بوێرە سیاسییە!) کە هەر ناوەکەی بە خۆیەوە وەیە** - بە داخەوە ئەو کەسانەی کە بە راستیی ئازان هەردەم مافیان دەخورێ و ناویان بزر دەکرێ - **با من پێت بڵێم؛ ئەو پیاوە ئازایە کاتی خۆی لە** (**گۆڤاری کاروان**)**ی سەردەمی بەعس کاری دەکرد** - خۆشت دەزانی زۆربەی ئەوانەی لە راگەیاندنەکانی ئەو سەردەم کاریان دەکرد چەندە چاونەترس بوون! - **باوەڕ بکە هێندە چاونەترس بوو دەچووە ناو چاوی گشت جاش قەڵەمەکان.. جگە لەمەش ئەم پاڵەوانە لەوەتەی بۆتە سیاسیی هیچ نەبەردێکی سیاسیی و میدیایی تەنانەت سەربازیی حیزبەکەی نەبووە ئەو لە ریزی پێشەوەیدا نەبووبێ.. ئەنجا لە پاش ئەو هەموو خزمەت و ئازایەتییانە تازە بە تازە کردوویانە بە گوتارنووسی رۆژنامەکەیان و رۆژ نییە پیتچنێک یان کارگێڕێک یان هەر کارمەندێکی تری رۆژنامەکەیان تێر جنێوی نەکەن و شەرتوشۆی نەشکێنن! بەڵام ئەو هەر گوێشی پێ نادا چونکە بە هەوەنتە نەگەیشتۆتە ئەو شوێنە تا بە ئاسانیی دەستی لێ بەربدا! جا با سەرت نەیەشێنم.. باوەڕ بکە دەستێکی هێندە بە پێزی هەیە بۆ دارشتن؛ هەر کە سەرکردەیەکی سیاسیی دەمی دەجوولێ و ناجوولێ.. ئەو یەکسەر وتارێکی دوور و درێژی ئاوەها دەرازێنێتەوە خاوەن قسەکە نەیناسێتەوە کە هی خۆیەتی و بە زووترین کاتیش بە ناوی ئەو بۆی بڵاو دەکاتەوە! جا بە راستیی ئەگەر یەکێکی ئاوەهاتان هەبێ قوتابخانەکەتان پەکی ناکەوێ و زۆریش پێش دەکەوێ..**

**بەینی خۆشمان بێ بە پێی پێویست دەستی لە هەردووو لا هەیە.. جا سندان لەو هەموو نووسین و ماندووبوون و خۆگونجاندن و ناوچەگەرییەی خۆی و باوکی بدا ئەگەر لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ بە کەڵکی نەیێن! بەڵێ جا تۆش لە چاوی (رەخنەگرە ئارەق تەرکیاوەکەمان) پێک لە پێک دە و هیچ دڵ لە دڵ مەدە.. قوتابخانە ئەدەبییەکەت رابگەیەنە و بە هیمەتی (شێخی شاعیران!) سەرکەوتوو دەبی و هەر ساڵەی بە دەرزەن شاعیر و ماعیری قەرەداغپارێز پێدەگەیەنی!**

## - حەفتەم -

**کوردۆ کاروان (شاعیر):**

"بۆیە دەخۆمەوە تا جوانترین پەی بەڕاستییەکان بەرم!"

سەرەتا بە رای ئێمە ئەم رستەیە - کە وەڵامی پرسیارێکی چاوپێکەوتنێکە - لە رووی دارِشتن و رەوانبێژییەوە ناشیرین و نارێکە و لەسەر زاریش گران و ناخۆشە.. هەروەک ئەوە دێتە بەرچاو کە کاتێ خۆ بە ئەدیب زانێک دەیەوێ بە شێوەیەکی جوان وەڵامی پرسیارێکی ئەدەبیی بداتەوە بەڵام لەبەرئەوەی توانای کەمە یان قسەڕەوان و بە دەمودوو نییە.. دەکەوێتە پەلەپەل و قسەکەی بێ سەروبەر و هەڵبزورکاو لە دەم دەردەچێ، بێ گومان وەک گوتمان ئەمە رای ئێمەیە چونکە تا ئێستا رای جیاواز هەیە لەو بارانەوە و یەک شێوەی راست و چەسپاو و شیاو لە دارِشتن و رەوانبێژیی زمانی کوردی دەرنەکەوتوە.. تەنانەت رێوشوێنێکی یەکگرتووشمان نییە بۆ رەوانبێژیی و رستەسازیی و وشەسازیی و چەندین کێشەی تری وەک دانانی فرمان لە کۆتایی رستە یان لە شوێنێکی دی و کەرتکردنی فرمان و پێویستبوون یان پێویستنەبوونی هەندێ پاشگر و پێشگر و... تەنانەت رێنووسێکی یەکگرتووشمان نییە.

ئێمە پەیوەندییمان بەوەوە نییە ئەم شاعیرە خز و لووسە لە توخمی ئەستێرەیە یان لە  توخمی بەرد، کەف هەرمێ، رۆژ، سەگ، ورچ، گوڵ، وڵاخ و... هتدیە چونکە ئەو سەربەستە و ئەم سەربەستییەش زیانی نییە ئەگەر زۆرداریی تێدا بەکارنەهێنرێ.. بەڵام بە لایەنی کەم بیگوتایە لە توخمی تاوس یان سەگ یان گوڵ یان هەر شتێکی زیندووە ئەوا کەمێک رێی تێدەچوو.. بە تایبەتییش ئەگەر بیگوتایە لە توخمی مەیموونە ئەوا هەر کەسێک لای ئاسایی دەبوو - جگە لە سەلەفییەکان کە لایان وایە مرۆڤ راستەوخۆ لە قورِ و چڵپاو دروست کراوە و لە بانکی خوداش مشتێ رۆحی لە رێگەی ناوەندی دابەشکردنی ئینتەرنێتیی و گەشتە ئاسمانییەکانی جوبرائیلی پۆستەچی بۆ هاتوە و بە بەریدا کراوە - **جا ئەو کات کەس**

نەیدەتوانی بڵێ لە پشتی چاوی دوو برۆیە یان لە پشتی سمتی کلکێک هەیە! رەنگە لێرەدا ئەم شاعیرە بە ورتەورتەوە لە قسەکانی ئێمە پەست ببێ و یەکسەر گێچی پێشڕەویی و نوێخوازیی هەڵبستێ و بڵێ ئاخر من لەیەکچوواندنێکی پڕ هونەرییانەم لە نێوان جوانیی و رۆناکیی و ناسکیی و درەوشانەوە و ئازادیی و... هتدی خۆم و ئەستێرە دروست کردوە! بەڵام باوەڕ بکە کاکی شاعیر - جگە لەوەی تۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووی و دەقێکی ئەدەبییت نەنووسیوە - قسەکەت زۆر سەرپێیی و بازاڕییانەیە چونکە ئەو گوزارشتە ئەدەبییانە بەسەرچوونە و لە کاتی خۆیدا هی ئەدیبە بێهوودەکان بوون ئێستا لەمێژە باویان نەماون.. ئەدەبیش بۆ خۆی شتێکی نابەجێ نییە و زۆریش بێزار و وەڕسە لە دەست ئەو ئەندێشە پووچانەی تۆ و تۆ ئاسایەکان و ئەفسانە و خورافەی سۆران و سۆران ئاسایەکان و لە هەردوو لاشتان بێ بەرییە.. ئەگەر وازی لێ بێنن و بە تاکەی خۆی هەڵبستێ ئەوا نەک ئەو بەڵکە ئێمەش لەگەڵیدا گەللەک سوپاستان دەکەین.

من نازانم! هەبێ و نەبێ.. دەبێ تۆ چاوێکی ئەفسووناویی و تایبەتت لە لایەن (خودا!)ەوە پێ بەخشرابێ بۆ ئەوەی هەردەم تاک بە کۆ بخوێنیتەوە.. ئەگەر نا بۆچی ئەم قسەیەی شاعیرەکەمان (بۆیە دەخۆمەوە تا جوانترین پەی بەڕاستییەکان بەرم) - کە مەبەستی تەنیا بۆ خۆیەتی نەک کەسێکی تر - هێندە دەهێنی و دەبەی تا لە ئەنجامدا ئەم قسەیەت: (هەر کەسێ بۆئەوەی پەی بەڕاستییەکان بەرێ دەبێ عەرەق بخواتەوە) بۆ ئەو و هەر ئارەقخۆرەوەیەک هەڵببەستی!؟ پاش ئەمەش دەڵێی: (بەو بۆچوونە بێت غەیری سەرخۆش درۆزنە چونکە راستی نەدۆزیوەتەوە) هەرچەندە تۆ لای خۆت وایە بەم قسەیەت شاعیرەکەمانت بەر تیر و توانج داوە.. بەڵام توو سەری ئەو خودایە نادیار و نەبووەت ئەم قسە دژە زانستییەت بچێتە ناو قسان سەد شەپازللەی بەرناکەوێ؟! باشە چ کەسێکی نەزان هەیە دان بەوەدا بنێ کە ئەگەر کەسێک راستیی نەدۆزێتەوە کەواتە درۆزنە! بە قسەی تۆ بێ - هی ئێمە نا - تێکڕای موسلمانان و پەیڕەوکەرانی دینە ئاسمانییەکان - هەواییەکان (فرۆکەن!) - درۆزنن.. چونکە خودا لایان راسییەکە بەڵام ناشتوانن بیدۆزنەوە و بڵێن فلانە شتە و ئاوەهایە.. هەروەک محەمەدیش لە ئایەتی سێ و چوار لە

**سورەتی (الاخلاص)دا دەڵێ** - بەڵێ وەک خۆی دەیڵێ نەک کەسێکی دی - : (**لم یلد ولم یولد، ولم یکن له کفوا احد) واته (هیچی لێ نەبووە و لە هیچ نەبووە، و کەس هاوتای ئەو نییە).**

**لە شوێنکی تردا نەتەوەپەرستیی و نیشتیمانپەرستیی ئەم رەخنەگرەمان هێندە لە خۆی زیاد دەکا ناچار دەبێ هەندێکی بفرۆشێتە ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندان و زۆرێک لە سیاسییەکان.. چونکە ئەمانە لەبەرئەوەی دەخۆنەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانن خۆیان نەتەوەپەروەر و نیشتیمانپەروەر بن، هەروەک ئاشکرایە نەتەوەپەروەریی و نیشتیمانپەروەریی لۆژیک و رێبازی چەوسێنەرانە -** بە تایبەتییش هی بۆرژوایەکان - **و هەر ئەوانیشن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە بەرژەوەندخوازەکانی خۆیان کۆمەڵێک نەتەوەیان ژێردەستە کردوە و کۆمەڵێکی تریان سەردەستە کردوە.. ئەنجا بە پێی بۆسووڕانیان کێشە و شەڕ دەخەنە نێوان نەتەوەکان بۆ ئەوەی چینە چەوساوەکانی هەردوو لای کێشەکە خەریک بکەن و نەپەرژێنە سەر کێشە بنچینەییەکەیان کە کێشەی نێوان کار و سەرمایەیە لە لایەک و لە لایەکی تریش بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سامان و بەرهەمی گەلان تاڵان بکەن یان بدزن.. زۆر کات چینە چەوساوەکانیان ئاوەها ناچار کردوون کە قورسایی خەباتی خۆیان بخەنە سەر ئەو کێشە نەتەوەیی و نیشتیمانییە دروستکراوانە.. بۆ نموونە کاتێک کیمیاباران و ئاوارەکردن و ژینۆساید و ئەنفال و... هتد لە کوردستان بەڕێوە دەچوون خەباتی چینایەتیی** - جگە لە هەندێ جوولەی بچووک - **لەوپەڕی لاوازییدا بوو چونکە تێکڕای خەڵک راستەوخۆ رووبەڕووی کوشتن و مەرگ دەبوونەوە و هەموو هێزێکیان بۆ بەرگرییکردن لە بوونی خۆیان و بوونی نەتەوەییان کۆکردبۆوە، جێی خۆیەتی لێرەدا بەو رەخنەگرە ئیلاهییەمان بڵێین ئا لەو بارودۆخانەی راپەڕین و کاتە سەختەکاندا زۆربەی زۆری ئەوانەی لە رێکخراوە سیاسییەکان کاری رێکخستنیان دەکرد یان چەکیان دژی دیکتاتۆریی هەڵگرتبوو مەیخواردنەوە لە لایان شتێکی ئاسایی بوو و زۆرێکیش لەوان خۆیان دەیانخواردەوە.. کەچی کەسانی وەک تۆ** - تۆی ئێستا - **لە کودیلەی تەڕیش دیار نەبوون -** خوایەکەتان هەڵناگرێ! - **دیار بوون بەڵام دیاربوونەکەیان ئەوە بوو کە لە**

**مینبەری مزگەوتەکاندا** (**خوتبە**)**یان بۆ رژێم دەخوێندەوە و بەسەر پاڵەوانی** (**قادسیەی دووەم**)**یاندا هەڵدەگوت و** (**مەلای خەتێ**) **ئاسا دژی جوولانەوەی میللەتەکەی خۆیان قسەیان دەکرد و سەرۆکی هەموو فتواچییانی ئیسلامیش لە کوردستان هێرشە درندەییەکەی ئەنفالی لە لایەن رژێمەوە بۆ سەر کوردستان بە پێی سورەتی ئەنفال حەلال دەکرد.. ئەو تاکوتەرایەشتان کە** - بەو هیوایەی ئێران رژێمی عێراق دەڕووخێنێ - **کەوتبوونە دژایەتیی رژێم بە بێ ئەوەی یەک زەبری لێ بوەشێنن جگە لە دەسیسەی ئێران و سعودییە و ئەفغانستان و... هتد کە لە ژێر سەرپەرشتیی ئەمەریکا و سەرمایەدارانی جیهاندا بوون هیچی دی نەبوون و تەنیا خەریکی کارە ژێربەژێر و سیخوڕییەکان بوون بە قازانجی ئەو رژێمە کۆنەپەرستانەی باسمان کردن - وەک ئێستا کە بەشێوەیەکی زۆر** فراوانتر ئەنجامی دەدەن -.

**لە کۆتایی ئەم بابەتەشدا دەفەرمووێ:** ((**ئەمە ئەو نیشانەیەی قیامەتە کە پێغەمبەر دەفەرموێت: "رۆژێک دێت کە لەناو ئۆمەتەکەی منا کۆمەڵێک پەیدا دەبن عارەق دەخۆنەوە بەڵام بەناوی ترەوە". ئەمە ئەو کۆمەڵەن کە پێغەمبەر لەپێش** (١٤٠٠) **ساڵ لەمەوبەر باسی کردوون.**)) **دەک ئافەرین بۆ ئەم قسەیەت و ئەم پێشبینییە پڕ حیکمەتەی ئەم پێغەمبەرە نازدار و نازەنینەت! لێرەدا بە کورتیی سەرنجت بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەکێشین:**

**١- هەرچەندە** - ببەخشە - **پێشبینییەکەی محەمەد نەهاتۆتە دی چونکە تا ئێستا هیچ ئارەقخۆرەوەیەک لە هیچ شوێنێکی جیهان** - ئەگەر بۆ فشە و گاڵتە نەبێ - **ناوێکی تری لە ئارەق و ئارەخواردنەوە نەناوە و هیچ کەسێکیش لە جیاتی ئەوەی بڵێ** (**پێکێک ئارەق**)**م خواردەوە نەیگوتوە پێکێک شەربەت یان پێکێک ئاوم خواردەوە، قسەی شاعیرەکەشمان هەر ئەوەیە کە بۆ خۆی لێکچوواندنێکی بە لای خۆیەوە شاعیرانەی کردوە و هیچی تر نا.. دەنا ئەگەر حەز بکەی رۆژێک لە رۆژان** - ئەگەر شاعیرەکەمان رازیی بێ - **داوای لێ دەکەین لە بەردەرگای مزگەوتێک و راستەوخۆش لە بەردەمی تۆ هاوار بکا و بڵێ:** (**من ئارەقخۆرەوەم و ئارەقیش وەک ئارەق دەخۆمەوە**).

**٢- گریمان ئەو پێشبینییە راست دەرچووە بەڵام خۆ ئەو پێشبینییە زۆر لەو قسەیە بێ هێزترە کە کەسێک بڵێ:** (رۆژێک دادێ خەڵکێک پەیدا دەبن - لە دایک دەبن - هەروەک ئەم خەڵکەی ئێستا دەبن بەڵام ئەم ناوانە لە خۆیان نانێن و بە ناوی نوێ خۆیان ناونووس دەکەن) **یان کەسێکی تر بڵێ:** (هەرگیز مرۆڤ لە خواردن ناکەوێ بەڵام رۆژێک دادێ ژەمە خواردنەکانی وەکو ئێستا نابێ و بەم جۆرەی ئێستاش لە بەر سفرە و مێز دانانیشێ بۆ خواردن) **کە هەردوو قسەش لە سەدا سەد راستن.**

**٣- ئەگەر نەیدەیتە لاملیی ئەوا لە خاڵی یەکەم و دووەم بۆمان سەلماندی کە قسەکەی محەمەد نە راست دەرچووە نە هێندە بەهایەشی هەیە وەک پێشبینییەکی زۆر سادەش سەیر بکرێ.. جگە لەمەش محەمەد لە هیچ شوێنێکی قسەکانی** - فەرموودە و ئایەتەکانی! - **نەیتوانیوە زانیارییەکی نوێ** - جگە لە زانیارییەکانی پێشتری زانا و فەیلەسووفەکان کە لە ناو دەقە دینییەکان و هەندێ دەقی تر بڵاوکراوبوونەوە - **بخاتە بەرگوێی خەڵک، هەر کاتێکیش ئەگەر لە قسەکردنێک یان بڕیاردانێک پشتی بە قسە و زانیارییەکانی پێش خۆی نەبەستبێ ئەوا زۆر خراپ تێکەوتوە و بۆتە مایەی گاڵتەجاڕیی بە تایبەتییش ئەو قسە و بڕیارانەی کە بۆ هەموو کاتێکن و دەرفەتی گۆڕانکاریی نەهێشتۆتەوە تێیاندا.. بۆ نموونە کاتێ ویستوویەتی لە مەسەلەی رۆژوو قسەی خۆی هەبێ و بڕیارێکی جیا لە یەهوودییەکان دەربکا؛ بڕیاری داوە موسلمانان ماوەی یەک مانگ بەرۆژوو بن و لە ماوەی هەر شەو و رۆژێک ماوەی رۆژەکە بەرۆژوو بن.. بێ ئاگا لەوەی کە لە هەندێ کات لە هەندێ شوێنی جیهان ماوەی رۆژەکەی** (٢٠) **کاتژمێرە یان هەر رۆژی لێ ئاوا نابێ.. لەمەوە دەردەکەوێ کە محەمەد جگە لە ماوەی رۆژی دوورگەی عارەبیی هی هیچ شوێنێکی تری نەزانیوە.. دەنا چۆن دەبێ ماوەی رۆژووگرتنی پەیڕەوکەرانی یەک دین بە رادەیەک جیا جیا بێ کە ماوەی رۆژووگرتن لە هەندێ کات بۆ هەندێ ناوچە چەند کاتژمێرێک بێ بەڵام بۆ هەندێ ناوچەی تر وردە وردە ماوەکە بەرەو سەرەوە بچێ تا دەگاتە** (٢٤) **کاتژمێر.. ئەگەر بۆ ئەو ماوەیەی دواییشیان دەقی قسەکەی محەمەد بە تەواویی پەیڕەو بکرێ ئەوا دەبێ هەندێکیان** (٣٠) **رۆژەکەی مانگی رەمەزان بێ پچڕان بەرۆژوو بن چونکە رۆژ لە ناوچەکەیان ئاوا نابێ.. واتە دەبێ**

**(٧٢٠) کاتژمێر لەسەر یەک بەڕۆژوو بن! دەک ئافەرین محەمەد بۆ خۆت و ئەم ئەقڵ و یەکسانییخوازییە ئیسلامییەت! قەیدی ناکا ئەوا گوتمان محەمەد ناهەقی نەبووە چونکە:**

**١- نەیدەتوانی زانستپەروەرانە و زانستئامێزانە دینەکەی رابگەیەنێ چونکە زانستی دەوروبەرەکەی زۆر لە هی ئەو پێشکەوتووتر بوو.. کە دەبووایە بە پێی پڕوپاگەندە و رەوتی بڵاوکردنەوەی دینەکەی لە هەموو دین و هزرێکی تر زانستییانەتر بووایە.. بەڵام کە ئەمەی بۆ نەکراوە کەوتۆتە دوای خورافە و ئەفسانە کۆنەکان و بەمەش زیاتر و زیاتر لە زانست دوور کەوتۆتەوە.**

**٢- زانستی ئەو سەردەم هێندە پێشکەوتوو نەبووە کە بە لایەنی کەم ئەو خەڵکانەی گرنگییان بە کاروباری فەلەک داوە زانیارییەکی پێویستیان هەبێ دەربارەی ماوەکانی شەو و رۆژ لە هەموو کاتێک و هەموو شوێنێک بە تایبەتییش لە دوورگەی عارەبیی ئەو سەردەم کە دابڕاو و دواکەوتووتر بووە بە گوێرەی زۆربەی شوێنەکانی تر.**

**٣- هەرچەندە محەمەد پڕوپاگەندەی ئەوەی کردوە کە دینەکەی بۆ تێکڕای جیهانە بەڵام لە بنچینەدا دینەکەی بۆ دوورگەی عارەبیی بووە چونکە هێندەی دەزانی کە بەو پێداویستییانەی لەبەردەستیەتی ناتوانێ بیکاتە دینێکی جیهانیی.. هەر بۆیە بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئایا دەبێ ماوەی شەو و رۆژ لە شوێنەکانی دی چەند بێ.. هەروەک خۆشی لە قسەیەکیدا دەڵێ: (نابێ لە دوورگەی عارەب دوو دین هەبێ) لەمەوە دەردەکەوێ ئیسلام دینێکی نەتەوەپەرست و ناوچەگەریی بووە بەڵام کە زۆرداریی رەوتی خۆی وەرگرت ئیدی چەندی بۆی بکرێ شوێنەکان داگیر دەکا.**

**بەڵام لە پاش تێپەڕبوونی (١٤٠٠) ساڵ بە سەر ئەو بۆچوون و نەزانینانەی محەمەد و پەیدابوونی ئەو هەموو زانست و تەکنیک و پێشکەوتنە.. تۆ چۆن بە هەمان شێوە و ناوەرۆکی سەردەمی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام و بڵاوبوونەوەکەی بیر دەکەیتەوە! ئاخر مرۆڤ لە ماوەی ئەو هەزار و چوار سەد ساڵە بە هۆی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ**

**ژیان نەک هەر شۆڕشێکی گەورەی لەسەر خۆی بەرپا کردوە و خۆی گەیاندۆتە ئەم ئاستەی پیشکەوتنی ئێستا کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ هی ئەو سەردەم بەڵکە توانیویەتی هەندێک ئاژەڵیش بە پێی پێویستییەکانی ژیانی خۆی رابهێنێ و پەروەردەیان بکا و گۆڕانیان بە سەردا بهێنێ.. بۆ نموونە ئێستا سەگێکی راهێنراو دەتوانێ لە زۆر رووەوە باشتر لە مرۆڤ هەندێک کار ئەنجام بدا بە تایبەتییش لە شوونهەڵگرتن و دۆزینەوە.. ئەمە مەگەر تەنیا ئەوە بێ کە ئیسلام وەک ساردخانەیەک وایە و هەر کاتێ مرۆڤ بخەیە ناویەوە وەکو خۆی دەیبەستێ و تا نەیهێنیە دەرەوە بە هیچ شێوەیەک گۆڕانی بە سەردا نایێ.**

**بۆ ئێرە دەڵێین بەسە.. ئیدی پێویست ناکا چیدی ئەو قسە بێ سەروبەر و دژە زانستیی و دژە مرۆییانەی محەمەد بۆ تۆ بە نموونە بهێنینەوە.. چونکە ئەگەر هیچ بڕوبیانوویەکت بۆ نەدۆزرێتەوە و نەتوانی پاساویان بکەی ئەوا بۆ خۆ دەربازکردنت ئەگەر نموونەکە ئایەت بوو ئەوا دەڵێی ئەم ئایەتە (مەنسوخ)ە - رەتکراوەیە - یان ئایەتێکی تر دەهێنیەوە کە بە ئاستەم باری زۆر خواری ئایەتە بە نموونە هێنراوەکە راست دەکاتەوە.. ئەگەر نا هەر بە (مەنسوخ)ەکە دەیبڕێنیەوە.. ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکە کە ئەو ئایەتانە قسەی محەمەد خۆی بوونە** - جا خۆی دروستی کردوون یان وەریگرتوون و رێکیخستوون یان لە لایەن کەسانی دی بۆ ئەو رێکخراون یان هەندێکیانی هەر بە ئامادەکراویی وەرگرتوون.. ئەمە لێکدانەوە زۆر هەڵدەگرێ و لێرە ئەو دەرفەتە نییە لێی بدوێین - **دەنا چۆن خودا** - وەک خۆتان گوتەنی بوون و بوونەوەری دروست کردوە! - **لە قسەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و لە ژێر پاڵەپەستۆی مرۆڤ** - وەک خۆتان گوتەنی عەبدی قوون بە گوو! - **هەندێک لە قسەکانی خۆی دەگۆڕێ و هەندێکیشیان رەت دەکاتەوە!؟ ئەگەر نموونەکەش فەرمووده** - قسەی محەمەد - **بوو ئەوا بە ئاسانیی خۆتی لێ دەرباز دەکەی** - چونکە کاتی خۆی زۆر گاڵتەیان بە محەمەد کردوە لەسەر قسەکانی و زۆر قسەی سەیر و سەمەرەیان بە ناوی ئەو هەڵبەستوە - **و یەکسەر دەڵێی ئەمە فەرموودە نییە و جێگای باوەڕ نییە یان دەڵێی ئەمە (حەدیسی سەحیح) یان (حەدیسی قودسیی) نییە! دیارە تا ئێستا قسەکانی محەمەد چ ئەوانەی موسلمانان شانازیی پێوە دەکەن**

**چ ئەوانەی زۆر لاوازن چ ئەوانەی بۆی هەڵبەستراون بە تەواویی لە یەک جیا نەکراونەتەوە و زۆر قسە هەیە لەسەریان و هەرگیز موسلمانانیش ناتوانن یان نایانەوێ لە یەک جیا بکرێنەوە و بە تەواویی ساغ ببنەوە چونکە هەندێک لەو قسانەی کە لەسەری ماڵن زۆر سادە و سەرپێیین و لە قسەی کەسێکی بیرمەند و پێشەوا** - وەک خۆتان گوتەنی پێغەمبەری ئاخیر زەمان و هەڵگری دینی پاک و رزگارکەری ئیسلامە - **ناچن و هەندێکیشیان زۆر نازانستیی و دژەمرۆیین و بە تەواویی لایەنگری چەوساندنەوەن یان هەر خودی خۆیان چەوسێنەرانەن و نەک لەگەڵ ژیانی ئێستا بەڵکە لەگەڵ هی ئەو سەردەم و نەختێک پێشتریش ناگونجێن.**

## - هەشتەم -

**زاهیر عەلی (هونەرمەند):**
**"لەو ڕۆژەوەی دەخۆمەوە ڕەنگە تانکەرێکی (٢٦) هەزار لیتری عارەقم خواردبێتەوە."**

ئەم هونەرمەندە ورد و زانستییەمان زۆر لاوازە لە بیرکاریی - با مەلا سۆران بە هەڵە لێمان تێنەگا.. مەبەستم لە بیرکاریی ماتماتیکە نەک کاری بیر و هۆش.. چونکە ئەو زۆر بەدحاڵییبوونی ئاوەهای هەیە بۆ نموونە کاتێک (کەریمۆک) لە جێگایەکی ریپۆرتاژەکەی وشەی (خوود)ی بەکارهێناوە کەچی ئەو مەلا سۆرانە بە (خودا) لێی تێگەیشتوە - دەنا چۆن لە ماوەی (٣٥) ساڵ (٢٦) هەزار لیتر ئارەق دەخورێتەوە.. ئەگەر هەموو ڕۆژەکانی ئەو ماوەیە خۆاردبێتیەوە ئەوا ڕۆژانە دەکاتە زیاتر لە (٢) لیتر.. هەرچەندە تا ئێستا هیچ کەسێک بۆی نەگونجاو لە بارودۆخی کوردستان - لەو سەردەمەی هونەرمەندەکەمان باسی دەکا - هەموو ڕۆژێک ئارەق بخواتەوە.. بەڵام گریمان ئەم هونەرمەندە بێ گیروگرفت و بە توانا و دەوڵەمەندەمان بۆی گونجاوە و توانیویەتی هەموو ڕۆژێک بخواتەوە.. باشە ئەی چۆن توانیویەتی ڕۆژانە زیاتر لە (٢) لیتر بخواتەوە؟! ئاخر ماڵخراپ ئەمە گەلێک زۆرە و کەس باوەڕ ناکا چونکە ئەگەر تەنانەت یەک جار ئەم برە ئارەقە بدرێتە (ئاژەڵ)یش ئەوا یان وای لێ دەکا بفیرکێنێ یان ئەوەتا دەیتۆپێنێ! ڕەنگە لێرە بابداتەوە و بڵێ من مەبەستم (بیرە) بووە نەک ئارەق - هەرچەندە ئەمە ڕاست نییە و ئارەقی گوتوە - گریمان تەنیا بیرەی خواردۆتەوە.. باشە کەس هەیە بتوانێ باوەڕ بکا کە هونەرمەندێک لە باری هەمیشە داتەپیوی ئابووریی و ئاستی نزمیی داهاتی تاکە کەس لە کوردستان سەرەڕای باری شەڕ و نائارامیی و دواکەوتوویی کۆمەڵگای زۆرینە ئیسلامی کوردستان ڕۆژانە بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ زیاتر لە (٢) لیتر بیرە بخواتەوە!؟ مەگەر کوڕی چەلەبییەک بێ و چەند مامۆستایەکی بۆ وانەی هونەریی بۆ خۆی بە کرێ گرتبێ و خۆشی لە ماڵەوە زیندان کردبێ! ڕەنگە لەبەرئەوەی هەر

**(١٢) ئەدیب و هونەرمەند خاڵێکی ناوکۆیی و هاوبەشیان هەیە لە قسە بێ جێ و بێ واتایەکانیان برِوبیانوو بهێننەوە بۆ ئەم قسەیەی سەرەوەی ئەم هونەرمەندە و بڵێن (ئاخر نابێ تۆ ئەم مەسەلانە هێندە بە گران وەربگری و هێندە قووڵیان بکەیتەوە چونکە ئەمە حاڵەتێکی سەرخۆشییە و زۆر گرنگ نییە و دەکرێ ئەم قسانەی تێدا بگوترێ) بەڵام بەمە عوزریان لە قەبیحەتیان گەورەتر دەبێ.. چونکە ئەگەر کەسێک لە کاتی سەرخۆشیی - کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کاتەکانی تر بۆ خەڵکی ئاسایی - نەتوانێ بۆ چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریی خۆی ئاسایی بکاتەوە و بە ئارەزووی خۆی بە ناو قسان بکەوێ و هیچ حیسابێک بۆ دۆست و دوژمن نەکا.. ئەو ا بێ گومان لە هەموو کاتێکی تری ژیانی ئەو قسە بێ سەروبەرانە هەر دەکا و هەر ئاوەهاش لاواز و بێ ئیرادە و نەزان و دواکەوتوو دەبێ.**

**وا دیارە هەر هونەرمەندە بە وردەکەمان نییە قسەی بێ حیساب دەکا بەڵکە رەخنەگرە شاش و بۆشەکەشمان لەو بێ حیسابترە.. ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێ: (لەوانەیە هەموو خێزانەکەیان (٢٦) هەزار لیتر ئاوی سەرف نەکردبێ)! وەک دەیبینین کاتی خەرجکردنی ئاوەکە دیاری ناکا و بە پێی رستەکەش هەموو کاتی ژیانی خێزانەکەیان دەگرێتەوە.. بەڵام ئێمە هەر تەنیا (٣٥) ساڵەکە حیساب دەکەین کە ئاو و ئارەقەکەی تێدا بەراورد کردوە.. وەک گوتمان (٢٦) هەزار لیتر بۆ (٣٥) ساڵ رۆژانە دەکاتە زیاتر لە (٢) لیتر.. باشە چ نەزانێک هەیە بڵێ (٢) لیتر و هەندێک ئاو رۆژانە بەشی خێزانێک دەکا تەنانەت ئەگەر ئەو خێزانە دوو کەسیش بن؟! باوەڕ بکە برای موسلمان ئەم برِە ئاوە تەنیا بۆ تۆ و هاوسەرەکەت - ئەگەر هاوسەرگیرییت کردبێ - ئەگەر دەستنوێژ و (غوسل)ی پاش سێکس و خۆشۆرین و جل شۆرین و قاپ و قاچاغ شۆرین و هەموو شۆردنەکانی تر بە (تەیەموم)! بکەن.. ئەنجا هێشتا ئەو (دوو لیتر و هەندێک ئاو)ە بەشی خواردن دروستکردن و خواردنەوەتان ناکا.. بەڵام رەنگە تۆ حیسابی بەکارهێنانی ئاوت وەکو هی ئەو موسلمانانەی سەردەمی (محەمەد) کردبێ کە لە بیابانە وشکەکانی دوورگەی عارەبیی لەبەر کەم ئاویی بە ناچاریی زۆر کەم ئاویان خەرج دەکرد.. هەرچەندە گوتمان تۆ بێ حیسابی بەڵام چار نییە و دەبێ ئەو حیسابانەی ئەوێ**

**رابگری چونکە زۆر گرنگ و پێویستن بۆ رەوتە ئیسلامییەکەتان و ژیان و هەڵسوکەوتی تۆ کە هیچ جۆرە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ژیانی (١٤٠٠) ساڵی پێش ئێستا!**

**هەر لە پاش ئەمەش دەڵێ: (ئەگەر لیترێک عەرەقیش بەیەک دینار حساب بکەین، دەکاتە (٢٦) هەزار دینار. هەمووی لە پێناو تێرکردنی گەدە و ئارەزووی خۆیدا بە فیرۆداوە.) هەرچەندە ئەم قسەیە زۆر سادە و رۆتینییە و هیچ کەسێک نییە نەیزانێ و حیسابی لەمە وردتریشی بۆ نەکا.. بەڵام ئەمە خواردنەوەیە و ئاوەهایە و پارە خەرجکردنی دەوێ.. هەر هیچ نەبێ مەستییەکی تێدایە و کەش و هەوایەکی خۆش بۆ مرۆڤ دروست دەکا.. ئەی ئەو هەموو پارە خەرجکردنە بەخۆڕاییانە کە نەک هەر هیچ سوودێکیان نییە بەڵکە بە زیانی تێکڕای خەڵکی هەژار تەواو دەبن؟! لە سەرووی هەموانیشەوە ئەو هەموو پارە خەرجکردنە زیانبەخشانەی کە لە ماوەی ئەو (٣٥) ساڵە بۆ مزگەوت و کەنیسە و شوێنە دینییەکان بەفیرۆ دراوە.. ئەگەر بە وردیی حیسابێکیان بۆ بکرێ ئەوا پارەکەیان بەشی دورستکردنی خانوێکی ئاسایی بۆ هەر یەکێک لە خێزانە بێ خانووەکان دەکا! بەڵام تۆ و ئەوانەی ئەو شوێنە دینییانە دروست دەکەن دژی ئەم کار و حیسابەن چونکە دینەکەی ئێوە بە هۆی بێ خانوویی و برسیێتیی و هەژارییەوە خۆی راگرتوە.. دواییش ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن زۆربەیان دەوڵەمەندی زۆر گەورەن و بەم مەبەستە دزێو و خۆپەرستییانەی خۆیان ئەو پارانە خەرج دەکەن:**

**١- هەندێکیان تەنیا بۆ لاچوونی ئەو (باج)ە زۆرەیە کە لەسەریان کۆبۆتەوە -** کە بە پێی یاسایە کۆنەپەرستییەکانی سەردەمی دیکتاتۆریی هەر کەسێک مزگەوتێک دروست بکا حکومەت لە باجەکانی خۆش دەبێ.. ئێستاش دەسەڵاتی کوردی هەمان یاسا بە قازانجی ئەو دەوڵەمەندە چاوچنۆکانە پەیڕەو دەکا **- لە لایەکی تریش قازانجێک لە دەستی کاری کرێکارانی ئەم مزگەوت دروستکردنانە وەدەستدەهێنن و کۆمەڵێک بەڵێندەر و ئەندازیار و وەستا و چاودێر وەک بەکرێگیراو لە دەوروبەری خۆیان کۆ دەکەنەوە و سوودیان لێ دەبینن و لە هەمان کاتیشدا بازاڕێکی کارکردنی چەوسێنەرانە بۆ خۆیان دروست دەکەن.**

٢- بەم کارەیان ناو و ناوبانگێکی گەورە پەیدا دەکەن لە رووی کۆمەڵایەتیی و دینیی و بۆ مێژووی رەشیان ناویان بەسەر مزگەوتەکان دەمێنێ و نەوەکانیشیان سوود لەم ناو مانەوەیە وەردەگرن.

٣- هەندێکی زۆر کەمیشیان بە پێی تێڕوانینی خورافییانەی خۆیان لایان وایە خێرێکی زۆر گەورەیە و گوناهەکانیان دەشواتەوە و لە رۆژی (حیساب و کیتاب!)دا دەبێتە هۆیەک بۆ چوونە بەهەشت!

٤- بەشێکی زۆریشیان ئێستا کە پێکدێن لە گرووپە ئیسلامییەکان و کەسایەتییە ئیسلامییەکانی دەرەوە و ناوەوەی سەر بە رێکخراوە سیاسیی و بە ناو خێرخوازییەکان ئەو کارانە لە پێناو دروستکردنی لانەی سیخووڕیی و مەڵبەندی سەرلێشێواندن و بەرەو دواوە گەڕاندنەوەی خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدەن.

بەڵێ چاک نییە کاک زاهیری هەژار بەو پارە کەمەی بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ گەدەی خۆی تێر کردوە و خۆی مەست کردوە.. چاک نییە ئەویش بەو پارەیەی زیانی بە خەڵک نەگەیاندوە و پارەکەی بە خۆڕایی لە بڵندگۆیەکی زۆر بچووکی مزگەوتێکی خراپ - ئەگەر بەش بکا - خەرج نەکردوە و دەنگی بانگدانێکی تری بۆ وەڕسکردنی خەڵک زیاد نەکردوە و هاوکاریی لە دروستکردنی مەڵبەندێکی بەرەو دواوە گەڕاندنەوەی خەڵک نەکردوە، لە هەمووی بێ شەرمانەتریش ئەوەیە کە ئەم رەخنەگرە پیاوسالارییەمان ئەم جۆرە پارە خەرجکردنە دەکاتە هۆیەک بۆ خواردنی مافی ژنان لە لایەن هونەرمەندەکەوە و دەڵێ: (ئەمەیە مافی خێزان و ژن کە مەدەنییەکانی پیادەی دەکەن.) دیارە مەبەستیشی هەر ئەوەیە کە ژن وەک کۆیلە مافە کۆیلایەتییەکانی لەبەرچاو بگیردرێ و هەردەم لە لایەن پیاوەوە پارە و پێداویستییە کۆیلایەتییەکانی دابین بکرێ.. نەک ژنیش وەکو پیاو ئازاد بێ و لە هەموو لایەنەکانی ژیان کار بکا و پێویستی بە دەست پاکردنەوە لە پیاوان نەبێ، پاشان باسی پەروەردەکردن و خزمەتکردنی منداڵان و مافی باوکایەتیی دەکا و ئەنجا هێرشکیش دەباتە سەر (هاوسەری کاک زاهیر) و رەوشت و سیفاتی (بەستەزمان)ی دەخاتە پاڵ! دیارە وشەی (بەستەزمان) لە داب و نەریت و فەرهەنگی

دواکەوتووانەی کۆمەڵگای کوردەواریی بۆ (ئاژەڵ) بەکاردێ.. بەڵێ ئەمە لۆژیک و ئەدەب و فەرهەنگی ئیسلامییەکانە کە وشەی (بەستەزمان) و چەندین وشەی تری وەک (زەعیفە و نوقسان و "ماڵ و منداڵ!" و نامووس و مەحرەم و... هتد) بۆ وەسفکردن و ناسینەوەی ژن و وشەی ژن خواستۆتەوە و بە شانازییشەوە بەکاریدەهێنن!

جا لێرەدا هێندە بەسە بڵێین ئەم ڕەخنەگرەمان لە ژێر تارمایی تێڕوانینی پیاوسالاریی و باوکسالاریی و نێرسالاریی باسی ئەو مافانە دەکا.. واتە پیاوان چەوسێنەر بن و ژنانیش چەوساوە، جا دەبێ لە ژێر حوکمی چەوسێنەران ئەو مافانە چ جۆرە ناوەرۆکێکیان هەبێ و بە چ جۆرێک بدرێن؟! بێ گومان هەر وەک ئەو مافانە دەبێ کە لە ژێر سایەی حوکمە ئیسلامییەکان - هەر لە سەردەمی محەمەدەوە تا دەگاتە حوکمی تالیبان - دراون و بەڕێوە چوونە!

## - نۆیەم -

**ئازاد تۆفیق (شاعیر):**

**"مەی خواردنەوە لەناو ماڵی ئێمەدا ئەگەر فەخر پێکردن نەبێت ئەوە کەمتر نییە!"**

سەرەتا دەڵێین شانازییکردن بە هەر شتێکەوە - مادیی یان مەعنەویی - ئەگەر لە خزمەتی گشتییدا نەبێ و هەستی جوداوازیی و تایبەتمەندێتیی خودپەرستانە و تاکڕەویی و داخراویی و قەوارە بچووکە بەرژەوەندخوازەکانی هەر لایەنێکی کار و ژیان بورووژێنێ و بە بێ بەها و بە کەم سەیری بەرامبەرەکەی بکا ئەوا بە شێوەیەکی گشتیی دیاردەیەکی زۆر کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانە و دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، زاراوەی شانازیی هەر خودی بنچینە و پێکهاتەکەی خۆی شێوە و ناوەرۆکێکی لەم ئاکار و روخسارانەی سەرەوەی هەیە.. بۆیە کاتێ لە خزمەتی کۆمەڵیشدا دەبێ ئەگەر بە بەردەوامیی پارێزگاریی لێ نەکرێ و چاککاریی لەسەر نەکرێ ئەوا پاشی ماوەیەک گۆڕانی بەسەرداد‌ێ و دەکەوێتە خزمەتی لایەنە خراپەکانی تاک و تایبەت.

لە قسەی ئەم شاعیرە نازدار و نازەنینەمان دەردەکەوێ کە ئەو جگە لەوەی لەگەڵ ئەندامانی ماڵەکەی شانازیی بە مەیخواردنەوەوە دەکەن.. شانازیی بەو شانازییکردنەش دەکا کە خواردنەوەیە لە ناو ماڵێکی تایبەت.. بە راستیی هەقە ئەمە بە یەکێک لە سەرسوڕهێنەرە دەگمەنەکانی جیهان لە قەڵەم بدرێ.. بەڵام چی دەکەی ئەمە بەدبەختیی کورد و نووسینەکەیەتی و بە هیچ شێوەیەک گرنگیی پێ نادرێ! باشە مەیخواردنەوەیەک کە غەریزەیەکی زۆر بچووک و ئاساییە لە ناو تێکڕای غەریزەکانی خواردن و خواردنەوە.. دەبێ چ نهێنییەکی تێدا بێ و چ گرنگییەکی هەبێ تا ئاوەها لە ناو ماڵی ئەم شاعیرەمان هێندە شانازیی پێوە بکرێ!؟ بێ گومان ئێمە لە بەخۆنازیین و خۆهەڵکێشان و قسەکردنێکی ساویکانە زیاتر بەولاوە هیچی تری تێدا نابینینەوە.. بەڵام

رەنگە ئەو بە پێی ئەو تێڕوانینە زۆر داواکەوتووانەیەی پێشان شانازیی پێوە بکا کە هەندێک مەیخۆرەوەی پەڕپووت لە ناو خۆیان لایان وا بووە مەیخواردنەوە تایبەتە بە کەسە شارستانییەکان بە تایبەتییش ئەفەندییەکان - فەرمانبەرەکان -.. دیارە ئێمە دژی ئەوەین کە مەیخواردنەوە بە نهێنیی بێ و مەیخۆرەوە لای شەرم بێ بڵێ دەخۆمەوە.. هەڵسوکەوتی ئەمماڵەشمان زۆر لا ئاساییە و بەڵکە بە شتێکی چاکیشی لە قەڵەم دەدەین کە خێزانێکی چەقبەستووی ناو هەندێ هەڵسوکەوتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگا نین و لەم رووانە لەگەڵ سەردەمی نوێ دەگونجێن.. بەڵام شانازییکردن خۆی گرفتێکە و شانازییکردنیش بە شانازییکردنەکە گرفتێکی ترە لەسەر گرفتەکە و بە هیچ جۆرێک لە شاعیرێک ناوەشێتەوە بەو شێوەیە بدوێ.. مەگەر لە کەسێکی وەک رەخنەگرەکەمان بوەشێتەوە.. چونکە کاتێ ئەو بە (تەهلیلە) و (تەکبیرە) و (تاعەت)ەکانی تری سەرخۆش دەبێ بە تەواویی ئەقڵ و هۆشی لە دەست دەدا و قسەکانی بەسەریەکەوە نامێنێن و هیچ واتایەک بەدەستەوە نادەن.. تەنانەت زۆر جار نموونەی لەم بابەتانە بە یەکجاریی ئەقڵێان نایەتەوە بەر و ناتوانن بگەڕێنەوە سەر باری ئاسایی خۆیان.. هەروەک دەیبینین زۆرێک لە کەسە بە (تاعەت) و دیندارەکان شێت بوونە یان کەڵکی ناو کۆمەڵیان پێوە نەماوە، بەڵێ بۆ ئەو دەشێ لە جیاتی ئەوەی شانازیی بە سەرخۆشیی مەیخواردنەوەوە بکا شانازیی بەو سەرخۆشییەوە بکا کە لە ئەنجامی (تاعەت و تەهلیلە)وە وەدەست دێ و ئەنجامەکانیشی ئەقڵ لەدەستدان و شێتبوون و دابڕانە لە کۆمەڵ.

پاشان باسی دایکێک دەکا کە کوڕە شاعیرەکەی پێی وایە دایکی بە ئاسۆیەکی فراوانەوە دەڕوانێتە ئەشق و (عەلاقات) و سیاسەت، بەڵام ئەو چاوی دەچێتە پشتی سەری و دەڵێ هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئاسۆی تێڕوانی ئەم دایکە و ئەو دەستە رەشانە نابینم کە کۆمەڵگای کوردی نوقمی جەهل و فەساد دەکەن.

سەیرکەن چۆن پەردە لە رووی خۆیدا هەڵدەماڵێ؛ دژی دایکێک دەوستێتەوە کە پێی وایە "پێویستە ئەشق و (عەلاقات) ئازاد بن و ژن بە زەبری پارە و بەزۆر مارە نەکرێ و ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی هاوسەر و

**دژی هەر جۆرە پەیوەندییەکی بەزۆر و سەرکوتکردنی خەڵک و نەبوونی ئازادیی سیاسییە" بەڵێ ئاسۆی ئەو تێڕوانینانەی ئەو دایکە و دەستە ڕەشەکان لە ریزی یەک دادەنێ! دیارە ئەو دەستە ڕەشانەش لە روانگەی ئەوەوە ئەو دەستانەن کە داوای ئازادیی و یەکسانیی دەکەن لە هەموو رووییەکەوە.. نەک ئەو دەستانەی کە ئازادیی بە بەرەڵایی، یەکسانیی بە دەستوەردان لە کاری (خودا!)، ژن بە بەستەزمان، ئەشق بە فەساد و بەدڕەوشتیی، رۆشنبیریی بە جەهل، ئەدەب و هونەر بە مەیخواردنەوە، و... هتد دەزانن!**

**لە کۆتاییشدا دەڵێ: (چونکە لەژێر دەستی هەردوولادا ئازاد تۆفیقەکان پەروەردە دەکرێن... هتد) ئێمەش دەڵێین خۆزگە ئەو ئازاد تۆفیقانەی تۆ باسیان دەکەی لە ئێستایان (ئازادتر) و (تۆفیقتر) دەبوون بۆ ئەوەی جارێکی تر لە رووت نەهاتبووایە دەست بۆ پێنووس ببەی.. دیارە تا دێ ئەم خۆزگەیەش بە هۆی وردە وردە بەرەوپێشەوەچوونی کردارە زانستییە مرۆڤپەروەرییەکان دێتە دی و ئێوەش وەک میزی حوشتر هەر بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە.**

## - دەیەم -

**بەرزان وەهاب (هونەرمەند):**
"یانەی فەرمانبەران، بریتی‌یە لەسەرەتای فەشەل."

هەروەک پێشتر لە باسی یانەی فەرمانبەران بۆ دوا جار ڕای خۆمان بۆ (سۆران) دەربڕی و گوتمان چیدی ئەم باسە ناکەینەوە.. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم قسەیەی (بەرزان) لە لایەن ڕەخنەگرەکەمانەوە زەق کراوەتەوە و بە هەڵوێستی ڕاستیی ئەوی دادەنێ.. بۆیە بە ناچاریی و بە کورتیی لەم باسە دەدوێین و دەڵێین؛ ئەم قسەیەی سەرەوە ڕایەکی (بەرزان) خۆیەتی و زۆر دوورە لەوەی ڕاستی بۆ چووبێ.. بەڵام ئەگەر گریمان قسەکەی جۆرێک لە ڕاستیی تێدا هەیە.. ئەوا دەبێ یان خۆی لەگەڵ خۆی ڕاستگۆ نەبێ یان بێ ئیرادە و لاواز بێ؟ چونکە ئەگەر کەسێک جێگایەک بە سەرەتای (فەشەل) بزانێ ئەوا لێی دانانیشێ.. ئەگەر هەر هەمان تێڕوانینی هەبێ و لێشی دابنیشێ ئەوا بێ ئیرادە و لاوازە.. بەڵام ئەگەر با بداتەوە و بڵێ ئەمە بارێکی سەرخۆشیی بوو.. ئەوا ئەو کات نەک هەر لەگەڵ خۆی بەڵکە لەگەڵ خەڵکیش ڕاستگۆ نییە چونکە باری سەرخۆشیی و هەموو بارەکانی تر نەک بۆ ڕادەربڕینێکی ئاوەها بەڵکە بۆ هیچ ڕادەربڕینێک جیاواز نییە.. بەڵام وا دیارە ئەو بە پێی بارودۆخ و دەوروبەرەکەی چۆنی بۆ بگونجێ ئاوەها دێتە گۆ.. ئەمەش هەڵسوکەوت و هەڵوێستی هیچ هونەرمەندێک نییە کە بە ڕاستیی هونەرمەند بێ و بیەوێ هونەرەکەی لە خزمەتی ویست و ئارەزووەکانی مرۆڤدا بێ.

ئەم پێنووس بچووک و پووتە نووسەرەشمان ڕەخنەگرێکی هێندە سەیر و سەمەرەیە ئەگەر قسەیەک بە ڕای ئەو خراپ یا چەوت بوو ئەوا بە ناوی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن چەندی بۆی بکرێ تۆمەت و قسە و قسەلۆکی بۆ هەڵدەبەستێ.. ئەگەر قسەیەکیش بە ڕای ئەو باش یا ڕاست بێ ئەوا بە بێ هیچ بەدواداچوونێک یەکسەر دانی پێدا دەنێ و بە

مەبەستی سەلماندنی بۆچوونێکی رەش و داخ لە دڵانەی خۆی بەکاریدەهێنێ و بێدەنگیی لێ دەکا، هەروەک پێشتریش بۆ ئەم دوو ئەگەرەی زۆر نموونەمان هێناوەتەوە.. ئێستاش بۆ ئەگەرەکەی دووەمی بە نموونە دەڵێین؛ کاتێ هونەرمەندە شوێنناسەکەمان یانەکە بە سەرەتای (فەشەل) دەزانێ.. ئەوا ئەو لەبەرئەوەی قسەکەی بە دڵە - با قسەی (بەرازن)ێکیش بێ کە لە زۆربەی بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانیاندا پێچەوانەی یەکترن - یەکسەر دانی پێدا دەنێ و دەیقۆزێتەوە.. نایێ وەک رەخنەگرێک بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن و هۆیە خودیی و بابەتییەکان چەند پرسیار و بەدواداچوونێک ئەنجام بدا و گریمانە و وەڵامە دیار و نادیارەکان شی بکاتەوە و هەڵیانبسەنگێنێ و پرسیاری تر بورووژێنێ و لایەنە چاک و خراپەکان لە ئەنجامێک وەدەست بدا جا با ئەنجامەکە لەگەڵ تێڕوانینی ئەویش نەیەتەوە.. بەڵام ئەو تەنیا بە دوای سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی دەکەوێ و بە شێوەیەکی کوێرانە هەنگاو دەنێ و دەڵێ: (کە ئەمەش بەو مانایە دێت هەموو عارەق خۆرێک فاشیلە بەخودی بەرزان وەهابیشەوە چونکە زۆرینە ژیانیان لەو فاشیلخانەیەدا بەسەردەبەن) بەڵێ هەروەک دەیبینین بە بێ هیچ بەڵگە و لێکۆڵینەوەیەک ئەم قسەیەی (بەرزان) لەسەر تێکڕای ئارەقخۆرەوان بە گشتیی دەکا و ئەو سێ چوار کاتژمێرەی کاتی خواردنەوەش لە یانەکەدا بە زۆرینەی ژیانیان لە قەڵەم دەدا!

هەبێ و نەبێ ئەم رەخنەگرەمان یان دەبێ وەرگری مێشکی تەواو نەبێ یان دەبێ پلەی تێگەیشتنی زۆر لاواز بێ یان دەبێ هێندە خۆی نەبان کردبێ ئیدی لە دەستی دەرچووبێ و نەتوانێ خۆی بگەڕێنێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی.. دەنا بە هیچ شێوەیەک ناکرێ ئەم وەڵامەی (بەرزان): (ئەوە پرسیارێکی طبیـیە) بۆ پرسیاری: (چەند دەخۆیتەوە؟) بەم جۆرە لێکبدرێتەوە کە دەڵێ: (واتە: دەزانێت ئەگەر زۆر بخواتەوە، زیانی دەبێ بەڵام خۆ وازیش ناهێنێ چونکە دەیەوێ خاوەن ویژدان بێ با زەرەری طبیش بکا) وەک دەیبینین کە وەڵامەکە بە هیچ شێوەیەک ئەم لێکدانەوە داتاشراوە هەڵناگرێ و زۆر لە یەک دوورن، هەر لە پاش ئەمە دەڵێ: (لەم رۆژگارە عەجیبەدا هەموو ڕاستییەکان درۆن و هەموو درۆکانیش حەقیقەتن،) ئەمەیە سەرلێشێوان.. سەیرکەن چۆن راستیی لێ

**بۆتە درۆ و درۆشی لێ بۆتە راستیی! کە لە راستییدا درۆ لە هەموو رۆژگارێک هەر درۆ بووە.. بۆ نموونە درۆی رزگارکردنی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتە دینییەکان لە هەموو رۆژگارێک هەر هەمان درۆ بووە.. هەروەها راستیی لە هەموو رۆژگارێک هەر راستیی بووە.. بۆ نموونە ئەو راستییەی کە دەڵێ: (دین ئەفیونی گەلانە) لە هەموو رۆژگارێک هەر هەمان راستیی بووە.. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم رەخنەگرە گومڕایەمان بە دین هەڵخەڵەتاوە ناهەقی نییە راستیی و درۆی لێ تێکەڵ ببێ و نەیانناسێتەوە.**

**لۆژیکی بیری هەر کەسێکی موسلمان ئەوەیە کە ئەگەر شتێکی بە راست زانی و باوەڕی پێ هەبوو ئەوا دەبێ خەڵکیش بە راستی بزانن و باوەڕیان پێ هەبێ.. ئەگەر نا ئەوا بەزۆر پێیان دەسەلمێنن.. جا ئەم رەخنەگرەشمان لەسەر هەمان رێوشوێن دەڕوا.. بۆیە کاتێ نموونە لەسەر ئەم قسەیەی (بەرزان): (بۆ ئەوە دەخۆمەوە تا ویژدانم بەزیندویی بمێنێتەوە) دەهێنێتەوە - هەرچەندە ئەم قسەیە هیچ راستییەکی تێدا نییە و زۆر بێ واتایە.. بەڵام ئەو تەنیا بۆ خۆی کردویەتی و نەیگوتوە دەبێ خەڵکیش بیسەلمێنن و لەسەر خۆیانی جێبەجێ بکەن - دەیەوێ بە زۆری زۆردارەکیی بە سەریدا بسەپێنێ کە (بەرزان) دەڵێ پێویستە خەڵکیش بخۆنەوە بۆ ئەوەی ویژدانیان بە زیندوویی بمێنێتەوە.. بەم تێڕوانینەوە بە توانج لێدانێکەوە دەڵێ: (جا خەڵکینە بۆئەوەی ویژدانتان هەبێت، بەپۆچونی فیعلی ئەم هونەرمەندە، وا ئیجاب دەکا بخۆنەوە؟!) بە شێوەیەکی روونتر و کورتتر؛ بە پێی لۆژیکی بیری ئەم رەخنەگرەمان کاتێ (بەرزان) ئەم قسەیەی خۆی بۆ خۆی پێ راستە و باوەڕی پێ هەیە دەبێ راستەوخۆ خەڵکیش پێیان راست بێ بۆ خۆیان و باوەڕیان پێ هەبێ.. واتە دەبێ (بەرزان) پڕ بە دەمی خۆی هاوار بکا و بڵێ ئەی خەڵکینە دەبێ ئەم قسەیەی من بسەلمێنن و لەسەر خۆتانی جێبەجێ بکەن ئەگەر نا ئەوە خوێنی خۆتان لەسەر خۆتان و دوایی گلەییم لێ نەکەن! دەک ماڵی بیرکردنەوەت وێران بێ وەک ئەوەی کە دەتەوێ ماڵی بیرکردنەوەی ئەم هونەرمەندە (ویژدان هەمیشە زیندووە!)مان بە یەکجاریی وێران بکەی.**

لە کۆتاییدا دەڵێین؛ پێویست ناکا هیچ قسەیەک لەسەر ئەم دۆزینەوەیەی هونەرمەندەکەمان بکەین کە دەڵێ: (کە مەست دەبم هەست دەکەم هەموو کێشەکانی جیهانی سێیەم بە کوردیشەوە حەڵ بووە) چونکە ئەم هونەرمەندە ناسیۆنالیستە کەم عەیارەمان لە کاتەکانی تری ژیانی لەبەر سەرقاڵبوونی بە هونەر و زانست ناپەرژێتە سەر ئەوەی دەستبەکارییەک بکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانی سێیەم بە کوردیشەوە.. بۆیە هەر دەبێ لە کاتی مەستییدا بە ئەندێشەیەکی پڕ بەها چارەسەرێکی ئاوەها بە کردەوە و زانستییانەی ئەو کێشانە بکا! لە باسی ئەوەش کە ئەگەر پێی بڵێن ئارەقخۆرەوە ئەوا دەڵێ: (من پێشی ئەوان دەکەوم و دەڵێم عارەق خۆرم) هێندە دەهێنێ بڵێین؛ ئەمە مافی هەر کەسێکە بە ئارەزووی خۆی کارێک یان هەڵسوکەوتێک بکا یان پێناسە و ناسناوێک بداتە خۆی و بە ئازادیی بڵێ من ئەمەم یان ئاوەهام یان ئەمە دەکەم.. بەڵام ئەی کاکی هونەرمەند لە کۆمەڵگایەکی ئاوەها کە ڤایرۆسی دواکەوتن - سەلەفییەتی ئیسلام - ی تێدا بڵاوبۆتەوە ڕێگاچارەی چاکتر هەیە بۆ ئەوەی بە ئاسانیی بڵێی ئارەخۆرەوەم یان هەر شتێکی تر کە بە لای خەڵکی دواکەوتووەوە ناشیاو و نابەجێیە بە بێ ئەوەی کۆنەپەرستانیش بتوانن بۆ مەبەستە خراپەکانی خۆیان بەکاریانبهێنن.. ئەویش تێکۆشانە بۆ وەدەستهێنانی ئازادییەکانی تاک - کە خواردنەوە مافێکی زۆر زۆر سادەیە تێیدا - و وەدەستهێنانی ئازادییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵ جا بە هەر جۆرە خەباتێک بێ.. نەک ئەو هەڵچوون و بەخۆنازین و ڕێگاچارە سوپەرمانیی و تاکڕەوییانەی تۆ کە لەوانەیە زۆر جار وای لێ بکەوێتەوە هەر منداڵە ورتەکەی کۆڵانان - کە سیستەمی خراپی کۆمەڵ دروستیان دەکا - بتدەنە بەر بەردان و بە پەندت ببەن، هەر لە پاش ئەم قسەیەی سەرەوەی هونەرمەندەکەمان ڕەخنەگرەکەمان دەڵێ: (واتە: عارەق خۆری لای ئەم هونەرمەندە قەومییە شۆڕشگێڕە گەشبینەش ! ڕێزو شەرەف و سیفەتێکی پیاوانەیە.) هەرچەندە ئاوەها نییە و ئارەقخۆرەوەیی بۆ هەر کەسێک هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێز و سیفەتی پیاوانەییەوە نییە - تەنیا سیفەتی پیاوی پێ گرنگە و هەر ئەویشی لەبەرچاوە و خۆی نەبان دەکا لەوەی ژنیش دەخواتەوە و وەک پیاویش سیفەتی چاک و خراپی هەیە بە پێی کۆمەڵگا - بەڵام ئەو وشانەش لای ئەو بەم شێوەیەن؛ (ڕێز: ملکەچیی و کۆیلەبوون، شەرەف: بەستانەوەی ژن

**لە ناو چوار دیوار و پەیڕەوکردنی هەموو داب و فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانە، سیفەتی پیاوانە: سیفەتی کوشتنکاریی و ستەمگەریی و پیاوسالاریی و هەموو سیفەتێکی چەوسێنەرانە) بۆیە ناهەقی نییە لەو بارەیەوە فزیەکیشی لێوە نەیێ.**

## - یازدەم -

**نوری خەیاڵ (هونەرمەند):**

**"لەوپەڕی مەستیدا - بیر لەخۆشەویستی دەکەمەوە."**

هەرچەندە هەڵسوکەوتێکی لەو بابەتە بۆ کەسێک کە دەگاتە ئەوپەڕی مەستیی زۆر دوورە لە راستیی.. بەڵام ئەگەر ئەم هونەرمەندە خەیاڵ و خەیاڵوییەمان وەک کەسێکی دەگمەن و ناوازە بهێنینە بەرچاو ئەوا دەشێ ئاوەها بێ و بوونی کەسی لەم بابەتەش لە ناو کۆمەڵگای پڕ چەوسانەوە زۆر زۆر ئاساییە بە تایبەتییش لەوەتەی رژێمی چەوسێنەری سەرمایەداریی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا بۆتە رژێمێکی تاک جەمسەر و کەڵەگا بەسەر کۆمەڵگای جیهان.. نەک هەر وزە و توانایەکانی مرۆڤ دەکڕن و دەفرۆشن و بەفیڕۆیان دەدەن بەڵکە بازرگانیی بە سۆز و ئەشق و تێکڕای هەست و دەروونیی مرۆڤەکانەوە دەکەن و وەک کەلوپەلێکی کەم بەها کڕین و فرۆشتنیان لەسەر داناون.. کۆمەڵگای ئێمەش جگە لەوەی وابەستەی هەمان کۆمەڵگای ناوبراوە.. سەردەمێکە تووشی کۆمەڵێک شەڕیان کردوە کە یەک لە دوای یەک بوونەتە هۆی زیاترکردنی کاولکاریی و مەرگی بەکۆمەڵ و برسیێتیی و بێکاریی و نائارامیی و سەرکوت و رەشەکوژیی و... هتد.. سۆز و خۆشەویستییش زۆر کەم بۆتەوە تێیدا بە جۆرێک کە کەسەکان هەمیشە لە ناو سۆز و خۆشەویستییەکی قولابیی - کە بە هێزی پارە و زۆرداریی و بە ناچارکردن دروست کراون - بزر بوونە و هەستیان پێ ناکرێ.. بە کورتیی کۆمەڵگایەکمان هەیە خەریکە خۆشەویستیی بە هەموو جۆرەکانیەوە بە یەکجاریی رەش ببێتەوە.. دیارە لە جێگایەکی ئاوەها زۆر ئاساییە بە هەزاران کەسی وەک (نوری خەیاڵ) پەیدا ببن و نەک هەر نەتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسوکەوتی خۆشەویستیی بکەن بەڵکە لە کاتی مەستبوونێکی ئاساییش هەر نەتوانن بیر لە خۆشەویستیی بکەنەوە.. تەنیا کاتێک نەبێ کە دەگەنە ئەوپەڕی مەستیی.. ئەو کاتیش بە ئەندێشە - بە ئەندێشەی کەسێکی ئەوپەڕی مەست - هەڵسوکەوتی

**خۆشەیستیی بکەن! بەڵام بە داخەوە بۆ ئەو هونەرەی کە (نوری خەیاڵ)ی وەک هونەرمەندێک تێدا جێ بۆتەوە و بە ناوی هونەرمەندێکەوە دەڵێ:** (دەخۆمەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەو واقیعەی ئێستای ئیسانی کوردستان **تیایدا دەژی)! دیارە ئەمە مافی هەر کەسێکە کاتێ لە ناو واقیعێکی خراپ و پڕ چەوسانەوەدا دەژی بتوانێ بۆ خۆی چەند کاتژمێرێک خۆی دوور بخاتەوە لەو واقیعە ناوبراوە و بکەویتە ئەندێشەی خۆش خۆش بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدا و ئاسوودەییەک بە دڵ و دەروونیدا بگەڕێ.. بەڵام ئەی کاکی هونەرمەندی خەیاڵیی کەی ئەمە ئەرکی خواردنەوەیە کە تۆ دەیلێی؟ باوەڕ بکە خواردنەوە ئەمەی بۆ ئەنجام نادرێ.. مەگەر بە ئەنقەست لە کاتی مەستیی خۆت لە واقیع دابڕی! باشە کێ هەیە -** لەوانەی شارەزاییان لە مەیخواردنەوە هەیە - **نەزانێ باس و بابەتەکانی کاتی خواردنەوە هەر هەمان ئەو باس و بابەتە پڕ گرفتانەی کاتەکانی ترن کە لە ناو واقیعی خراپ و پڕ چەوسانەوەدا هەن و چەندبارە دەکرێنەوە؟ بگرە هەندێ جار** - لە دانیشتنی بەر مێزی خواردنەوە - **زۆر توندوتیژانەتر باس دەکرێن بە تایبەتییش لە لایەن ئەو کەسانەی کە هەر بە کەش و هەوای دانیشتنەکە خۆیان سەرخۆش دەکەن، کەواتە خواردنەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانێ کەس بە تەواویی دووربخاتەوە لە واقیع.. بەڵام ئەگەر بڵێی بە پێی روانگە و بیر و بۆچوونی لە ئارەق نەگەیشتووەکان و سەلەفییەکان و تێکڕای دواکەوتووان دەخۆمەوە -** کە نمایش کردنێکە بۆ خۆی - **ئەوا هەندێک رێی تێدەچێ بۆ تۆ چونکە هەر کەسێک ناتوانێ نمایشی روانگەی دواکەوتووانە بکا لە ناو ژیانی رۆژانەیدا.. روانگەی دواکەوتووانە بە بێ خواردنەوەش خۆی زۆر دوورە لە مرۆڤ چ جای بیرکردنەوە لە گیروگرفتەکانی، کەواتە لەمەیان سەرکەوتووی.. پیرۆزە!**

**ئەم رەخنەگرە کوردپەرستەمان داگیرکردنی کوردستان لە لایەن سوپای ئیسلام و لە ژێر رێنوێنیی عومەری کوڕی خەتاب، دووریی سەلاحەدینی ئەیوبیی لە کورد و کوردایەتیی، خێڵایەتیی و ستەمگەریی شێخ مەحموود، حوکمی کۆنەپەرستانەی هەڵەبجەی ئێستا، هەڵسوکەوتی دژە کوردایەتیی شێخ و کەسایەتییە دینییەکانی ئەم سەردەمە، خۆفرۆشتنی رەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان بە دوژمنانی**

کورد و تێکڕای مرۆڤایەتیی.. هەموو ئەمانە و چەندینی تری لەبیرچۆتەوە و دەیەوێ کوردپەرستییەکەی خۆی بەسەر (نوری خەیاڵ)یشدا بفرۆشێ! کاتێ هونەرمەندە خەیاڵییەکەمان دەڵێ: (لەوپەڕی خەیاڵ بیر لەخۆشەویستی دەکەمەوە) ئەو دەڵێ: (واتە: ئەمەیان کورد و کوردستانی ئیهمال کردووە)! بێ گومان کەس بۆی ناکرێ خۆی لە خۆشەویستیی بێ بەش بکا و لە هەموو ساتێکی ژیانی هەر لە خەباتدا بێ - کەسی ئاوەها هەستی مرۆڤایەتیی زۆر زۆر لاوازە یان هەر نیەتی - باشە کاتێ تۆ بە (تەهلیلە)کردن دەگەیتە ئەوپەڕی سەرخۆشیی و خۆشەویستیی لەگەڵ خودایەکەت دەکەی بۆت دەکرێ کوردپەرستیی بکەی و کورد و کوردستان فرۆشیی فەرامۆش نەکەی!؟ رەنگە بیدەیتە لاملیی و بڵێی؛ بەڵێ.. نابێ تەنانەت بۆ یەک چرکەش لە خەبات بوەستین، بەڵام وا دیارە ئەم خەباتەی تۆ هەر ئەوەیە کە موسلمانە هاوبیرەکانت لە سەردەمی خەلافەتدا کردیان کە کورد و چەندین میللەتی تریان ژێردەست کرد و تا ئێستاش - کە کوردیش یەکێکە لەوان - رزگار نەبوونە و بە دەردی (فتوحاتی ئیسلام!)ەوە دەناڵێنن.. ئێستاش ئەگەر - خۆمان نەخواستە - هزری ئێوە سەرپەرشتیی بزووتنەوەی کورد بکا - کە دڵنیا بە ناشێ و ناکرێ - ئەوا دەبێ کورد "ئاو بهێنێ و دەستی بشوا"! و چەندین هێندەی تریش بەرەو هەندەران بەڕێ بکەون و زمانەکەشی کە تا ئێستاش تاکە پێناسەی مانەوەیەتی لە ژێر دەستی ئێوە لە دەست بدا.

## - دوازدەم -

**میران عەلی (ئەکتەر و وێنەگر):**

**"کە مەست دەبم کورتان فڕێ دەدەم و جوانترین خۆشویستی لەگەڵ خۆمدا دەکەم!"**

بە پێی ئەم قسەیە کاکی ئەکتەر و وێنەگر خۆی هێندە بێ توانا نیشان دەدا کە لە زۆربەی کاتەکانی ژیان - کە تێیدا ناخواتەوە - وەک گوێدرێژ کورتان کراوە و هەردەم ئامادەیە بۆ گواستنەوەی بارەکان، بەڵام ئێمە وەک ڕەخنەگرە بێ ڕەخنەکەمان جنێوفرۆش نین و جنێودان کاری ئێمە نییە نامانەوێ هیچ کەسێک بە لێکدانەوەی دەستکرد بەسەرخۆیدا بشکێنینەوە بەڵکە لە بنچینە و واتای تەواوی قسەکەی دەپێچینەوە و دەڵێین؛ (میران عەلی) لەبەرئەوەی خۆی بە ئەکتەر و وێنەگر و هەندێ شتی تریش دەزانێ لای وایە - بە پێی ئەو هونەرە باو و سەرلێشێواو و بێ سەروبەرەی ئێستا - دەبێ لە کاتی دوان بۆ ڕۆژنامە بە شێوەیەکی هونەریی و ئەدەبیی قسان بکا جا گرنگ نییە هزر و واتای قسەکانی چییە و چی دەگەیەنێ! بەڵام لەبەرئەوەی وەک دیارە لەم ڕووەوەش لاواز و کەم توانایە بۆیە هیچ گوزارشتێکی لەبار و شیاوی دەست نەکەوتوە هەڵساوە لەیەکچووندنێکی لە نێوان خۆی و گوێدرێژدا کردوە و بە حیسابی خۆی مەبەستەکەی خۆی پێ دەربڕیوە کەچی قسەکەی زۆر نائەدەبیی و ناهونەرییانە دەرچووە.. کە لە ڕاستییدا مەبەستی ئەوە نەبووە بڵێ کە ئەو (گوێدرێژ)ە و (وازی لە ناسنامەی مرۆڤیی) هێناوە و (ناسنامەی ئاژەڵیی) بۆ خۆی هەڵبژاردوە، بەڵکە مەبەستی ئەوە بووە بڵێ کە مەست دەبێ - بە پێی تێڕوانینی خۆی - ئەو ئامادەگییە ڕەت دەکاتەوە کە لە ساتەکانی تری ژیانی چەوسێنەرانە هەن و دەیخەنە ئەستۆی، جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین هەموو کەسێکی چەوساوە هەندێک لە باری قورسی ژیانی چەوسێنەرانی دەکەوێتە سەرشان.. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە ئیتر دەبێ هەر ئاوەها بێ و هیچ بەرگرییەک دروست نەکرێ وەک ئەم کاک (میران)ە کە هیچ جوولەیەک لە خۆی ڕانابینێ و

باشترین چارەسەریش لەوەوە دەبینێتەوە لە روانگەیەکی دواکەوتووانەوە پەنا بۆ مەیخانە ببا بۆ ئەوەی بتوانێ رۆژانە چەند کاتژمێرێک ئامادە نەبێ باری چەوسانەوە هەڵگرێ کە بە گوزارشتە هونەرییەکەی ئەو کورتان فڕێدانە! پاشان لە دوای کورتان فڕێدانەکەی دەڵێ: (جوانترین خۆشەویستی لەگەڵ خۆمدا دەکەم!) دیارە ئەوێک کە لە ناو ئەو هونەرە نابەجێ و بێ بڕست و تازەگەرییە سەرلێشێوێنەرەی رێچکەی راستی هونەر پەروەردە بووە و کار دەکا.. هەر دەبێ مرۆڤێکی نەرگسیی و ئەوپەڕی خۆپەرست بێ و وا بزانێ هیچ کەسێک وەک ئەو چاک و پاک و جوان و بە توانا و... هتد نییە بۆیە ناهەقی نییە (هەستە بەرزە مرۆییەکەی!) بجوولێ و جوانترین خۆشەویستیی لەگەڵ خۆی بکا.. ئەویش لەو کاتانەی کە لە بەر مێزی خواردنەوەکەی دانیشتوە و کورتانەکەی بە تەنیش کورسییەکەیەوە هەڵپەساردوە! بە راستیی خۆشەویستییەکی سەیرە! گەر تەنیا خۆشەویستیی رەخنەگرەکەمان لەمە بچێ؛ کاتێ ئەویش بە (تەهلیلە)کردن و (حاڵ)گرتنەوە سەرخۆش دەبێ وەک نێریی - تەگە - دەمرقێنێ و قۆچ لە ورگی ئەوانی تر دەدا و پاشانیش هەر بە قۆچان بەردەبێتە دار و دیوار و کەسەکانی دەورەبەری تا بە تەواویی لە پەلوپۆ دەکەوێ.. ئا لەو کاتانە (هەستە بەرزە مرۆییەکەی!) دەجوولێ و خۆشەویستیی لەگەڵ خودایە نادیار و نەبووەکەی - ئەرحەمولڕاحیمینەکەی - دەکا! بەمەش هاوکیشەکەیان بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێ:

- سۆرانی موسلمان + (تەهلیلە) و (تەهلیلە)خانە = سەرخۆشیی و بوونە ئاژەڵ + خۆشەویستیی لەگەڵ خوا.

- میرانی بێ باوەڕ + مەی و مەیخانە = سەرخۆشیی و کورتان فڕێدان + خۆشەویستیی لەگەڵ خود.

لە جێگایەکی تر کاتێ (میران)ی ناو جەنگەڵی هونەر بە ئارەق دەڵێ (شیری شێر).. ئەوا (سۆران)ی پشیلەناس بە سەرسوڕماویی دەڵێ: (پێی دەڵێ "شیری شێر" کە بەڕاستی تەنها لە "میزی پشیلە" دەچێ بەڵکو کەمترە و زیاتری نییە) دیارە ناونانی ئارەق بە شیری شێر ناونانێکی کۆن و باوە لە ناو مەیخۆرەوان و (میران)یش هەر بەو جۆرەی

وەرگرتوە.. رەنگە بتوانین بڵێین ئەم لێکچوواندنە لەوەوە هاتوە کە هەردووکیان کارایيان بەهێزە یان ئەوەی ئەو قسەیەی داهێناوە هەردووکی خواردبێتەوە و وای بۆ دەرکەوتبێ و ئەو ناوەی لێنابێ.. بەڵام ئارەق و میزی پشیلە لە هیچ شتێک بە یەک ناچن - نازانین تامی میزی پشیلە بە ئارەق دەچێ یان نا! - تەنانەت رەنگیشیان - کە تۆ لات وایە بە یەک دەچن - بە یەک ناچن.. بۆیە هەبێ و نەبێ - جگە لەوەی پێشان ئارەقت خواردۆتەوە و دوایی وازت لێ هێناوە - دەبێ میزی پشیلەشت خواردبێتەوە دەنا چۆن دەیزانی بە یەک دەچن و ئاوەها بە دیاریکراوییش باسی دەکەی و دەڵێی ئارەق بە راستی تەنیا لە میزی پشیلە دەچێ بەڵکو کەمترە و زیاتری نییە!؟ دەک نۆشی گیانت بێ! بەڵام بە داخەوە بۆ تۆ.. بۆ تۆی هێندە زانستیی کە لە پاش ئەو هەموو ماندووبوونەت لە (پشیلەناسیی) بە تایبەتییش لە میزەکەی و لە تەرخانکردنی ئەو هەموو کاتە بە نرخانەت بۆ ئەم مەبەستە.. ئەنجا هاتووی درئەنجامە وەدەستهاتووەکانت لە بارەی میزی پشیلەوە لەگەڵ ئارەقێکی (سەرخۆشکەر و لە دین رەوتکراوە) بەراورد کردوە و لە نرخی کارەکەی خۆت کەم کردۆتەوە.. باشە باشتر نەبوو ئەزموونەکەت درێژە پێ بدابووایە و داودەرمانێکت بۆ نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراوی مرۆڤ لێ بدۆزیبایەوە.. بەمەش لە لایەک بۆ خۆت پلەی دکتۆرات لەسەر پشیلەناسیی و میزەکەی وەردەگرت و لە لایەکی تریش خزمەتێکی گەورەت بە مرۆڤایەتی دەکرد! ئیدی زیاتر درێژەت بە ئەزموونەکەت دەدا و چەندین ئەزموونی ترت دەگرتەبەر و هەر رۆژەی لەسەر میزی شتێک (میزی گوێدرێژ، میزی سەگ، میزی حوشتر، و... هتد) دکتۆرایەکت وەردەگرت و خزمەتی زیاترت پێشکەش دەکرد.. بەمەش خودا لە هەموو گوناهە (کەبیرە و سەغیرە)کانت خۆش دەبوو و دەیبردیە دوڕ ئەو بەهەشتە ئەندێشەئامێزییەی کە بۆ خۆتت داناوە!

پاشان (میران) دەڵێ: (بۆ ئەوەی بە خودی خۆم ئاشنا بم، لەوەیە خودی خۆم خۆشبووێت) ئەویش دەڵێ: (لەهەموو تەمەنما تەنها لەشیعری سەرخۆشان و گوفتاری مەیخواردن دا گوێم لە رستەی ئاوابووە!!) ئەم قسەیەی (میران) بۆ خۆی زۆر ئاساییە چونکە هەروەک گوتمان کەسێکی نەرگسییە و لە ناو ئەو هونەرە قێزەون و بە ناو

**تازەگەرییەی ئەمڕۆ پەروەردە بووە و لە پاڵ ئەمەش کارتێکردنێکی خراپی ئەو هونەرە بە ناو کۆمیدییەی ئەمڕۆی لەسەرە.. کەچی لە قسەی ڕەخنەگرە نەخوێندەوارەکەمان دەردەکەوێ کە خۆی جگە لە خوێندنەوەی نووسراوە ئیسلامییەکان هیچ خوێندنەوەیەکی تری نییە بەڵکە تەنیا لاسایی کەسانێک دەکاتەوە کە مامۆستای ئەون.. ئێستا ئەگەر لێی بپرسی ئەی ئەم شتەت لا چۆنە کە لە (مەولود) و کۆڕی فەقێ و دەروێشان دەخوێندرێتەوە کە زۆر باویشە و بە حەتمیی گوێت لێ بووە:**

**(ئەی ڕەسولی ئاخیر زەمان**

**بیکە بە خاتری قورئان**

**بمکە بە سەگی بەر قاپییەکەتان.)**

**ئەوا یەکسەر دەڵێی ئەمە شیعرێکی زۆر بەرزە چونکە نرخی (کەلامولڵا) بەرز رادەگری و ستایشی پێغەمبەر "سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێ" دەکا و لێی دەپاڕێتەوە. کەچی لە راستییدا وەک دەیبینین لە رووی هزر و واتایەکەی زۆر سووک و بێ بڕست و لاوازە.. لە رووی هونەری شیعرییشەوە بە هیچ جۆر و شێوەیەک ناچێتە ریزی هیچ قوتابخانەیەکی شیعریی.. مەگەر تەنیا بە قسەی - نەک شیعری - یەکێک لە شاعیرە کۆلکە خوێندەوار و بێ سەروبەرەکانی سەردەمی (عەلی بەردەشانیی) بچێ.**

**لە کۆتاییدا دەڵێین لەبەرئەوەی ئەم ڕەخنەگرە دڵ و دەروون تاریکەمان ماوەیەکە خۆی بە سەلەفییەکان فرۆشتوە و ئارەقی لێ قەدەغە کراوە.. رق و قینێکی زۆری بەرامبەر مەیخۆرەوان پەیدا کردوە تەنانەت بە رادەیەک دژایەتییان دەکا هەموو قسەیەکی مەیخۆرەوانی - جا** باش بێ یان خراپ بێ **- لا ناخۆش و خراپە! ئەوەتا کاتێ (میران) مەست دەبێ و دەڵێ: (هەست دەکەم عەشقم بیر دەکەوێتەوە کچەکانم خۆش دەوێ) ئەویش دەڵێ: (ئەمە عورفێکی سەرخۆشانە!) واتە ئەو بۆ دامرکاندنەوەی رقی خۆی دژی ئەشق و خۆشەویستیی دەوەستێتەوە و هەر شتێکیش ئیسلام دژی بێ ئەو دەیداتە پاڵ مەیخۆرەوان و بە (عورف)ێکی سەرخۆشانی دەزانێ! دیارە ئەم بیر و بۆچوونانەش دژی ئەشق و خۆشەویستیی لەو بنچینەیەوە هاتوە کە لە لایەک ئیسلام - کە** تەنیا هزری پیاوانە **- ژنان بە کۆیلە و خزمەتکار و جێبەجێکەری سێکسی**

**پیاوان دەزانێ بۆیە دەبێ باوەڕیان بە ئەشق و خۆشەویستیی نەبێ و دژی بوەستنەوە چونکە هەبوون و ئازادیی ئەشق و خۆشەویستیی ئازادیی و سەربەستیی ژنانیشی پێویستە و بە بێ یەکسانییبوونیان بە پیاوان ئەشق و خۆشەویستییەکی راستەقینە نایەتەدی.. ئەمەش بۆ موسلمانان** - کە لە بنچینەدا دژی ژیانن چونکە بە هیوای ژیانێکی پڕ بەختیاریی و بێ کۆتایی دونیایەکی تر دەژین! - **قازانج سەری مایە دەخوا! لە لایەکی تریش پیاوە ئاخوند و بەرپرسە دینییەکان بۆ ئەوەی تەنیا خۆیان بتوانن بە ئاسانیی غەریزە سێکسییە دڕندانەییەکەی خۆیان بە نهێنیی و لە ژێرەوە لەسەر حیسابی گشتیی جێبەجێ بکەن دەبێ وا نیشان بدەن کە ئەشق و خۆشەویستیی شتێکی خراپ و حەرامە و خودا (نەهی)ی لێ کردوە! تەنانەت داخ لە دڵییەکەی بەرامبەر مەیخۆرەوان گەیشتۆتە رادەیەک کە ڕێگا بەو ئەکتەر و وێنەگرە (دڵ سوتاو و سەربەستییخواز)ەمان نەدا بیر لە دایکی و سەربەستییش بکاتەوە.. بۆیە ئیدی ئەگەر قسەیەکی راست و شیاویش لەسەر مەیخۆرەوان بکا کەس باوەڕی پێ ناکا.. وەک ئەو کەسەی لێ هاتوە کە ئەگەر ئاگریش لە ماڵی بەر ببێ کەس باوەڕی پێ نەکا و کەس بە هانایەوە نەچێ تا لە تەقەلۆ دێتەدەر!**

**ئه‌و په‌رتووكانه‌ى سوودم لێ وه‌رگرتوون بۆ ئه‌م نووسینه:**

**عاره‌بییه‌كان:**


١- رأس المال / كارل ماركس / ترجمة: محمد عيتاني.
٢- بيان الحزب الشيوعي / كارل ماركس، فريدريك انجلس / دار التقدم
٣- عرض موجز للمادية الدياليكتيكية / بودوسيتنيك و ياخوت / دار التقدم.
٤- جورج لوكاتش / هنري ارڤون / ترجمة: عادل العوا.
٥- المستطرف الجديد/ هادي العلوي.
٦- الماركسية ((من فلسفة للتغيير الى فلسفة للتبرير)) / عطية مسوح.
٧- الاستشراق والاسلام / ترجمة واعداد: فالح عبدالجبار.


**كوردییه‌كان:**


١- قورئان / وه‌رگێڕانى: محه‌مه‌د ساڵح ئیبراهیمى ((شه‌پۆل)).
٢- بیست و سێ ساڵ پێغه‌مبه‌رایه‌تى / عه‌لى ده‌شتى / وه‌رگێڕانى: فریاد كه‌ریم.
٣- سۆسیالیزم و پارله‌مانتاریزم / عه‌بدوڵلا موهته‌دى / وه‌رگێڕانى: ناسرى حوسامى.
٤- زنجیره‌ى هاوه‌ڵانى پێغه‌مبه‌ر (٣٠) موعاویه‌ى كوڕى ئه‌بوسوفیان / حه‌بیب محه‌مه‌د سه‌عید.
٥- كۆمه‌ڵگا له سایه‌ى ده‌وله‌تى خه‌لافه‌تدا / عه‌باس عه‌بدولكه‌ریم.


**وێنه‌ى به‌رگ: ئه‌كبه‌ر ته‌جویدیى**

**زستانى ساڵى دوو هه‌زار**